# ڕەهەندەکانی گۆڕان

سەرنجدانێکی ڕەخنەییە لە پەرتووکی ( گۆڕان و وەرگۆڕان )

نووسینی: هەژێن

لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان نۆڤەمبەری ٢٠١١

# ڕەهەندەکانی گۆڕان

## سەرنجدانێکی ڕەخنەییە لە پەرتووکی ( گۆڕان و وەرگۆڕان )

## نووسینی : هەژێن

لە بڵاوکراوەکانی سەکۆی ئەنارکیستانی کوردستان
نۆڤەمبەری ٢٠١١

## بەرایی:

خوێنەرانی هێژا، ئەوەی کە بووە هاندەری نووسینی ئەم سەرنجانە لەمەڕ پەرتووکی (گۆڕان و وەرگۆران: جیهانبینییەکی شیکاریی هزریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتیی بۆ فەلسەفەی یەکسانییخوازیی) نووسینی هێژا (دارا ئەحمەد)، داخوازی خودی نووسەر بوو بۆ سەرنجدان لەسەر پەرتووکەکەی، پێش بڵاوکردنەوەی چاپە نوێیەکەی. پاش ئەوەی کە سەرنجەکانم تەواو بوون، گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە باشترە ئاڵوێری زانیاری و سەرنج و ڕەخنە لە بازنەیەکی گەورەتردا بێت، بۆ ئەوەی خوێنەرانیش هەم لە مشتومڕ و بۆچوونگۆڕینەوەکان ئاگاداربن و هەم ئاسانتر بتوانن بەشداری کارا بکەن، تاوەکو لەو ڕێگەوە بتوانین بەستەڵە هزریی و ئایدیۆلۆجییەکان بشکێنین و زەمینە بۆ نزیکبوونەوە و لەیەکگەیشتن و بەیەکدی ئاشنابوون لەبار بکەین.

لەوێوە کە، من وەك سۆشیالیستێکی ئازادیخواز [دژە-سەروەر]ێك باوەڕم بە مارکسیزم [سۆشیالیزمی دەوڵەتی] نییە و کۆمونیزمیش ئەو وێناندنە، کە مارکسیستەکان لە خودی( مارکس)ەوە تا دوا کۆمونیستە دەسەڵاتخوازەکان بەدەستییانەوە داوە، باوەڕم پێی نییە و پێموایە هەڵەوگەڕاوی ئەفسانەی بەهەشتە و ئەو شێوازی پێگەیشتنە و پێداویستی دەوڵەت و دیکتاتۆری پارت و دەستەبژێری کۆمونیست (بەنێوی پرۆلیتاریا) و چۆنییەتی توانەوەی دەوڵەت لەو کۆمەڵگەدا، ئایدیالیستانەیە و لە لێکدانەوە و پاساوی ئایدیالیستەکان، بۆ گەیشتن بە بەهەشت و

بەڕێوەبەرایەتی کاروبارەکانی ناو بەهەشت، دەچێت. ئەگەر بە وردی سەرنجی تێزی توانەوەی دەوڵەتی سۆشیالیستی بدەی، دەبینیت لە بوونەخواردنی کێشکەکانی بەهەشت دەچێت، کە بە پێی بۆچوون و گێڕانەوەکانی ناو قورئان، دەبنە خواردن بۆ بەهەشتیان و پاشان لە ئیسکوپروسکیان کێشکە-خواردراوەکان چێ دەبنەوە و دەفڕنەوە سەر لکی دار و درەختەکان. ئایا دروستکردنی دەوڵەتێك و لە خۆوە توانەوەی لە چیرۆکە پوچگەراییەکانی بەهەشت ناچێت؟

ئەمە سووکایەتی نییە، ئەگەر بڵێم من مارکسیزم بە دونیاییکردنی ئایینەکان دەبینم و بەس. چونکە لە مارکسیزمدا مارکس و ڕابەرانی پاش وی، جێی خوا و پەیامبەرانی دەگرنەوە و دەبنە بتی پیرۆز و خوا کە لە ئاییەکاندا نیشانەی هۆشی سەروومرۆییە و شایانی پاشڕەوییە، دەستەبژێری کۆمونیستەکان و لەناویاندا ڕابەران و ئیدئۆلۆگەکانیان ئەم ڕێوشوێنە پایەبەرزە داگیردەکەن و دەبنە مامۆستا و فەرماندەری نەزانەکان (نەزان لە دیدگەی ئەوانەوە). پاشان قۆناخبەندی مێژوو و شۆڕش و فەرماندانیان بە شۆرش و لێکدانەوەیان بۆ شۆڕش و ڕۆڵی کۆمونیستەکان و پارتەکەیان و پیرۆزی گوتەکانیان و دیاریکردنی دروستی و نادروستی هەر بۆچوون و هزر و تێڕوانێك یا هەر ئارەزوویەکی مرۆیی بە بەراورد بە دەقە پیرۆزەکان. دواجار ئاراستەکردنی چارەنووسی مرۆڤەکان و مێژوو بەو جۆرەی کە چەند کەسێك هێڵکارییان بۆ کێشاوە و ناچاربوون بە ملدان بەو نەخشانە وەك ڕاستییەکی بێچەندوچوون. ئایا ئەمە هیچ جیاوازییەکی لەتەك ڕێڕەو (مذهب) و ئایینەکان هەیە؟

بەم بەراییە کورتەوە، هەوڵدەدەم بەپێی توانای بۆچوونی کەسیی خۆم لەمەڕ ئەو بیرۆکانەی کە نووسەر بەنێوی "هزری نوێی کۆمونیستی" دەیانخاتە بەرچاومان، بخەمەڕوو.

*24ی سێپتەمبەری 2010

# چەند سەرنجێكی ڕەخنەگرانە لەسەر پەرتووكی "گۆڕان و وەرگۆڕان"

سوپاسنامە و چەن پەیڤێك

نووسەر لە سەرەتای پەرتووكەكەیدا سوپاسنامە و چەند پەیڤێكی وەك پێشەكی بۆ پەرتووكەكەی نووسیوون، كە پاش خوێندنەوە و سەرنجدانەكەی من و ئەوانی دیكە هاتووەنەتە نووسین. بە خوێندنەوەی ئەم بەشە دیسانەوە سەرنجی دیكەم لە لا دروست بوون، لەوانە:

- جگ لە هەندێک را و بۆچوونی سەرپێیی هەندێكیان -زۆربەیان- ئەرێنی بوون،

من بەم تێڕوانینەی نووسەر بۆ ڕا و بۆچوونی نەرێنی هەندێك، كە وی بە سەرپێییانە نێویان دەبات، لەسەر شێوازی بیركردنەوەی خۆی، بۆچوونی نەرێنیم لە لا دروستبوو. چونكە ئەمە باوترین و كۆنترین شێوازی بیركردنەوەی ناو ڕەوتێكی هزرییە كە وی دەیەوێت ڕەخنە لە خەوشەكانی بگرێت و هەر ئەم خەوشەیە بووەتە هۆی دۆگمبوونی و ڕێسایی (سوونەت) بوونی سێكتاریزم لە كۆمونیزمی ماركسیستیدا. كاتێك كە من ڕوو لە كەسانێك بنێم و چاوەڕێی دەربڕینی بۆچوونیان لێ بكەم، پێویستە بەبێ هەڵاواردن بۆچوونەكانیشیان بە هەند وەربگرم و لە سوپاسنامەدا سووكایەتییان پێ نەكەم [هەندیك ڕا و بۆچوونی سەرپێیی]. ئایا ئەمە ڕەنگدانەوەی نائاگایانەی ئەو بۆچوونە نییە، كە دەڵێت

"ئەوەی لەتەکم هاوڕا نییە، دوژمنمە"؟

<u>ڕێکخراوبوونی هەر ڕەوتێکی نوێش کە لەژێر ڕۆشنایی یا کاریگەریی ئەو هزرە نوێیەدا دادەمەزرێ ناتوانێ لە دەرەوەی یا دوور لە شێوە ڕێکخراوبوونی کۆمۆنەیی کە ڕێکخراوبوونی ڕەسەنی هزر و فەلسەفەی کۆمۆنیستییە خۆی دروست بکا.</u>

بەداخەوە نووسەر وەك ئەوانی دیکەی پێش خۆی لە نێوان واژەکانی(کۆمون و کۆمۆن ، کۆمونیزم و کۆمۆنیزم) جیاوازی نەکردووە. لێرەدا مەبەستم لە باری زمانەوانی نووسینەکە نییە، چونکە ئەو هەویرە ئاوی زۆر دەکشێت، بەڵکو تەنیا مەبەستم لە ڕووی (چەمك- تێگەیشتنی فیلۆسۆفیی و واتاسازی)ەوە ئەم دوو واژەیە بە نموونە دەهێنمەوە، کە (کۆمۆن Common) وەك (Common-law ، Common Language) بە واتای (ناوکۆیی) دێت و (Commune) و (Communism) لە ڕووی واتای پەتی وشەوە بە واتای شارەوانی و شارەوانیخوازی دێن و لە ڕووی ڕامیارییەوە بە واتای کۆمەڵگەی یەکسان و یەکسانیخوازی دێن. پرسیارێك کە لێرەدا یەخەمان دەگرێتەوە، بۆچی هەموو ڕەوتە کۆمونیستییە مارکسیستەکانی کوردستان خۆیان بە "کۆمۆنیست" ناوکۆگەرا ناودەبن، لە کاتێکدا کە لە 1848 تا هەنووکە نەك کۆمونیستەکان بە دوای خاڵی ناوکۆیی نێوان تاك و گروپەکانیاندا نەگەڕاون، بەڵکو بەردەوام وەك بۆمبی هێشوویی پارچە پارچە تر بوون و لە یەکتر دوور کەوتوونەتە و لەبەر دەسەلاتخواییان ئەوەندەی جەنگی یەکتریان کردووە، لە ملیۆندا یەکی ئەوە جەنگی سیستەمە چینایەتییەکەیان نەکردووە، هەر ئەم هۆیەشە

ئاوای کردووه، کە هەموو مانگێك، گروپێك لە پارتێك جیابێتەوە و هەموو ساڵێك، پارتۆکەیەك لە شار و شارۆچکەیەدا قوت بێتەوە.

رێکخراووونی ئامادە و بانفەرمایی "حیزبی"ی حیزب و رێکخراوە چەپ و کۆمۆنیستییە کلاسیکیی و بەناو نویٚ و کرێکارییەکان کە وەك خێڵ خۆدەنونی، رێکخراووونی بێ سەروبەری دەستە و کۆمەڵە بچووک بچووک و پەرشوبڵاوەکانی دەستەگەرییەکان و ئەنارکیستەکان، رێکخراووونی بۆق ئاسای حیزب و لایەنە مزەورەکانی سۆشیال دیموکرات و سۆشیال ئەنەتەرناسیونال و سۆشیال نەتەوەیی و سۆشیال قەرەحیی و هەندێک لە لیبرالییەکان کە خۆیان بە بزاڤی چەپ و کۆمۆنیستیی ناوزەد دەکەن

لەم نێوهێنان و نموونەهێنانەوەدا چەند نێو و واژە داهێنانێك جێی سەرنجن و ناکرێت بازیان بەسەردا بدرێت. "چەپ و کۆمونیستەکان" ئەم دوو واژەیە لە ئەدەبیاتی مارکسیستەکاندا زۆر جار یەکی دەکرین و لە بری یەکدی بەکار دەبرێن، هەندێك جاریش بەم جۆرە دەکرێنە دەستە خوشك و دەستبرای یەکدی. ئەم تیکەڵکردنە بێ ڕوونکردنەوەیە، سەر لە خوێنەر تێکدەدەن و کاری ڕەخنەگریش دژوار دەکەن. ئەگەر چەپ، هەمان کۆمونیستەکانن، ئیدی پێداویستی ئەم دوو واژەیە لە یەك ڕستە و یەك پەرەگراف و لەیەك دەق و یەك جیهانبینیدا لە کوێدایە؟ ئەگەر دوو شتی جیاوازیشن، ئەز دەخوازم هەم چەپەکان بۆ ئێمەی خوێنەری ڕۆشن بکەنەوە، کە پێناسەی خۆیان و کۆمونیستەکان چۆن دەکەن، هەم کۆمونستەکان، چۆن پێناسەی

خۆیان و چەپ دەکەن؟ مێژوو و فیلۆسۆفی دەرکەوتنیان بۆ کەی و چی دەگەڕێتەوە؟ دیسانەوە ئەگەر یەك واتایان نییە، کامیان پاش کامیان دەرکەوتووە، ئایا هۆی دەرکەوتنی ڕەتکردنەوەی ئەوی دیکەی پێش خۆیەتی؟

مەبەست لە ڕێکخراوبوونی بێ سەروبەری دەستە و کۆمەڵە بچووک بچووک و پەرشوبڵاوەکان، چییە؟ ئایا نووسەر خوازیاری ناوەندێتی ڕێکخراوبوون و ڕێکخراوەکانە و لە بەرامبەر ئەوەدا کە وی بە بێسەرەبەرەیی دەیچوێنێت، خوازیاری دیسپلینی پۆلاییینی لە چەشنی پارتی لێنینیستییە؟ ئەگەر نا، ئایا لە نێوان ئەوەی ئەو بە بێسەرەبەرەیی نێوی دەبات و ناوەندگەرایی و دیسپلینی پۆلاییندا، ئەڵتەرناتیڤی دیکە شك دەبات یا دەخاتە ڕوو، کامەیە و جیاوازی لەتەك ئەوەی کە کۆمونیستەکانی پێش خۆی پەیڕەویان کردووە، چییە؟

"دەستەگەرییەکان و ئەنارکیستەکان"، یەکێك لە جیاوازییە بنەڕەتییەکانی ئەنارکیستەکان و مارکسیستەکان چ لە پراکتیك و چ لە تیئۆریدا، ئەوەیە کە ئەنارکیستەکان بە درێژایی مێژووی دەرکەوتنیان وەك ڕەوتێکی ڕامیاریی، هەوڵ و کۆششیان لەپێناو دۆزینەوە و بەکاربردنی میکانیزمگەلێکدا بووە، کە بەر بە دەستەگەری (سکتاریزم) بگرن و یەکێك لە ڕەخنە سەرەکییەکانیان لە تێڕوانینی مارکسیستەکان، هەر لەو بارەوە بووە. چونکە دەستەگەری چەند هۆکار و دنەدەری هەیە؛ یەکەم، پاش و پێشی سەرهەڵدانی تیئۆری و پراکیك، کە لایەنارکیستەکان بە پێچەوانەی مارکیستەکانەوە، تیئۆری

بەرەنجامی پراکتیکە.

دووەم، دەسەڵاتخوازیی و شەڕە دەنووك لەسەر پلەو پایەی پارتیی و میریی، کە ئەنارکیستەکان بە پێچەوانەی مارکسیستەکانەوە، هەموو پێکهاتەیەك کە سەر و خواری هەبێت و تاکەکان بەسەر رابەر و رابەریکراودا دابەش بکات، ڕەتدەکەنەوە و هەر لێرەشەوە پێکهاتە قوچکەییەکان (hierarchy) لەوانە پارت و میرایەتی و دەوڵەت و ڕێکخراوە کرێکارییە باوەکان [زەرد و ڕیفۆرمیستەکان] ڕەتدەکەنەوە.

سێیەم، گچکەیی گروپە ئەنارکییەکان، بۆ دەستەگەریی (سکتاریزم) ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ پرسی ئاساییشی و بەرگرتن بە دەسەلاتگەری (Authoritarianism) و پاوانخوازیی (dominate) و ناوەندەگەرایی (centralism) دەگەرێتەوە، هەروەها گروپە ئەنارکییەکان وەك کار وچالاکی تەنیا گروپی راگەیاندن و هیچ ڕۆڵ و پێگەیەکی دیکەیان نییە. لە بەرامبەردا تاکە ئەنارکییەکان خۆیان لە گروپە کارییە لۆکاڵییە جۆراوجۆرەکاندا چالاکی دەکەن، چونکە لە بەرامبەر ڕێخکراوەی ڕامیاریی سەروو خەڵکیدا بەرتەری بە گروپی جەماوەری سەربەخۆداکان دەدەن و تەنانەت بێجگە ئەرکی راگەیاندنی هیچ ڕێوشوێنێکی تایبەتی بە گروپەکانی خۆیان نادەن و ناسپێرن.

<u>لایەنە مزەورەکانی سۆشیال دیمۆکرات</u>، راستییەکەی هەرچەندم کرد، لەم دەستەواژەیە تێنەگەییشتم، ئایا دەستەیەکی دیاریکراوی ناو ڕەوتە سۆشیال-دێمۆکراتەکانە؟

سۆشــــیال ئەنەتەرناســــیونال، ئەم دەســــتەواژەیە بەتــــاییەت ئەنتەرناسیونال لــە نووســینی کوردیــدا و لــە هەمــووی ســەیرتر لەلایەن کۆمونیست و ڕۆشنبیرانەوە بەو جۆرە دەنووسرێت، کە نەك هەڵەیــە، بەڵکــو واوەتــر لــە هەڵــە واتــایەکی هەڵەیەتــر بەدەستەوە دەدات، کە دەتوانین بە قورسکردنەوەی پیتی یەکەم (ئـ) ەبێتە "عەنتەرناسیونال" و کەم نین ئەو کەسانەی کە لە ڕووی ناشارەزاییەوە لە زمانە لاتینی و ڕۆمانییەکان، ئەو واژە و چەمکانە بەو شێوە دەردەبرن. لێرەدا هیچ گلەیی لە کەسانی ناشــــارەزا نــــاکرێت، بەڵام نــــاکرێت و نــــاتوانرێت دوو بەرە (کۆمونیستەکان) و (نووسەر و ڕۆسنبیرەکان) لە ژێر باری ڕەخنە و سەرکۆنە دەرکەین. چونکە ئەگەر بە هەر کۆمونیستێك بڵێیت، ســـڵاو، دەڵێــت ئێمــە "ئەنتەرناسیونالیســتین"، دەســتەبژێری ڕۆشنبیرانیش لە هەموو ڕستە و پەرەگرافێکدا وێنای خۆیان وەك توێژێکی بان و تەنانەت بان-مرۆڤیش دەکەن.

ئەگەر مەبەســتی کۆمونیســتەکان و ڕۆشــنبیران و نووســەران، چەمکی "نێونەتەوەیی" بێت، ئەوا بە (ئینتەر-Internationalism) دەستپێدەکا. ئەگەر مەبەستیشیان دژە-ناسیونالیسم بێت، ئەوا بە (ئەنــتی-Anti-nationalism) دەســتپێدەکا. ئەگەر مەبەســت لەم دووانەش نەبێــت، ئەوا دەربڕینــە گشــتییە نەشــارەزایانەکە "عەنتەرناسیونالیزم" دەمێنێتەوە، کە لەو بارەشدا هەم بە واتای پۆزەتیڤ (سۆپەر نەتەوەیی- لای خودی ناسیونالیستەکان) و هەم بــــە واتــــای نیگەتیڤــــی (ملهــــوڕی نەتەوەیــــی- لای دژە-ناسیونالیستەکان) دێت.

سۆشیال قەرەجیی، سەرەتا وەك خوێنەرێك كە یەكەم جارە چەمك یا دەستەواژەی ئاوا بەرچاوم بكەوێت، بۆیە پێمخۆشە بزانم بۆ یەكەم جار كەی دەركەتووە و لە چ لێكۆڵینەوەیەكی سۆسیۆلۆگی و رامیاریدا هاتووە، ئایا لە ناو ڕەوەندە (ڕۆما)كاندا بزاڤی سۆشیالیستی ڕامیاریی بە ئاراستەی كۆمەڵگەیەكی سۆشیالیستی جێگیر هەبووە و هەیە؟

ئەگەر لەو نارۆشنییانەی سەرەوە بگوزەرێم، ئەوا لێرەدا فرەتر وەك سووكایەتی دەیبینم و "قەرەجی" یەكێكە لەو دەستەواژە باوانەی ناو زمانی دەستەبژێریی و دەسەلاتخوازانەی كوردی، كە وەك كوتەك هەموو كات لە بەرامبەر ملنەدانی ڕۆما "Roms"كان بە سنوورە نەتەوەییەكان و باج و خەراج و یاساكانی سەروەری چینایەتی، بەرزكراوەتەوە.

لیبرالییەكان، ئەم واژەیە، بەم شێوە دارشتنە هەڵە لە دەركەوتنی چەمكدا دروست دەكات و چەمكی (لیبراڵ) دەبێتە چەمكێكی دیكە (لیبڕاڵی)، چونكە "لیبراڵییەكان" تەنیا دەتوانێت كۆی نێوی "لیبڕاڵی" بێت. بەڵام ئەگەر بمانەوێت هەڵگرانی هزری (لیبرالیزم) لە زمانی كوردیدا كۆ بكەینەوە، ئەوا لە دوو شێواز بەدەر نییە؛ لیبرالیستەكان یا لیبڕاڵەكان.

... كە خۆیان بە بزاڤی چەپ و كۆمۆنیستیی ناوزەد دەكەن، ئەوەندەی من ئاگادار بم، سۆشیال- دێمۆكراتەكان و سۆشیال ئینتەرناسیونالیستەكان [ئەگەر مەبەستی نووسەر سۆشیالیست ئینتەرناسیونالٌ بێت] و سۆشیال نەتەوەیی [ئەگەر مەبەستی

نووسەر نازییەکان و نەتەوەییە چەپەکان بێت] لیبراڵەکان، نەك خۆیان بە کۆمونیست نازانن، بەڵکو دژایەتیشی دەکەن و بڕواناکەم ئەندامانی خوارەوە و لایەنگرانیشیان هەڵەی وا بکەن و دژی پارتەکانی خۆیان پاگەندە بۆ کۆمونیزم بکەن. لە دەرەوەی ئەو باڵە چەپانەی دەسەڵاتخوازان، دوو نێو دەمێننەوە؛ سۆشیال قەرەجیی و ئەنارکیستەکان. وەك وتم سۆشیال قەرەجیی یا بوونی نییە و داهێنراوی نووسەرە یا ئەوەتا من لەو بارەوە زانیاریم نییە. ئەوەندەی دەگەرێتەوە سەر ئەنارکییەکان، چەپ نین و هەروا بەبێ ڕوونکردنەوە و دیاریکردنی واتای چەمکەکە، ناچنە ژێرباری کۆمونیزم و خۆیان بە کۆمونیستی ئازادیخواز و سۆشیالیستی ئازادیخواز نێودەبەن و بە دیاریکراویش ئاراستەیەك لە ئەنارکیزم خۆی بە کۆمونیزمی ئازادیخواز پێناسە کردووە.

لەبەرئەوە بێجگە لەو پارتانەی کە هەڵگری پاشگری"کۆمۆنیست"ن، ڕیزکردنی ئەو نێوانەی دیکە لەو پەیوەندەدا هیچ واتابەخش نیین و زیادەن. ئیتر نازانم ئەو ڕەوتانەی [بێجگە لە سۆشیال-دێمۆکراسی کە کارل مارکس و فریدریش ئەنگلس هیوای خۆیان پێوەگرێدابوو] کە خۆیان کۆمونیست نەبوون و ناشبن، چۆن توانیویانە ببنە ڕێگر لەبەردەم بزاڤی کۆمونیستی و بەو دەردەیان بردووە؟

## گۆران و وەرگۆڕان

لە بارەی پارتەوە، بۆچوونی نووسەر دروستە و لە بۆچوونی کۆمونیستە سۆڤیەتیستەکان (Council communism)ی وەك

پـــــــــــاول ماتيـــــــــــــك ( Paul Mattick (http://hezhean.kurdblogger.com/67292)، ئەنتۆن پانەكۆوك ( Anton Pannekoek(http://hezhean.kurdblogger.com/67160 و بەگشتی دەتوانم بڵێم لەنێو كۆمونیستە كوردەكاندا ئەو و (بژار) توانیوتانە و وێراوتانە خۆیان لەو باسە بدەن و ئەمە جێی دڵخۆشییە. بەڵام بە بۆچوونی من ئەگەر نووسەر بەتەمابێت، ئەم باسە نۆژەن بكاتەوە، ئەوا پێویستە هەندێك دەستەواژە وەلابنێت، لەوانە لێرەدا سەرنج بۆ ئەوە رادەكێشین، كە ئەو نابووتبوون و داڕووخانەی پارتەكان نەك هەر جێی شادمانی نییە ل 11 كە بە بۆچوونی من، دەبێت پوكانەوە و نابووتبوونی پارتەكان جێی دڵخۆشی بێت و پەیگیرانە كاریشی بۆ بكرێت، چونكە ئەگەر كۆمونیزمێك كە مەبەستی بەڕێزیانە، هەمان "ئازادی و یەكسانی و دادپەروەری مرۆڤایەتی" بێت، ئەوان پارت و دەستەبژێر دژە-شۆڕشی ئەو خەونە دەبن و بەپێی ئەوە دژایەتیكردنی سەرسەختانەشیان ئەركی هەر سۆشیالیست و كۆمونیستێكی ئازادیخواز (Libertarian communism) دەبێت.

سیستەمی سەرمایەداریی بە هۆی سەركەوتنی بە سەر دەسەڵاتی سۆشیالیستیی بەلارێداچووی سۆڤیەتیی ل 11

بە بۆچوونی من، دەسەڵات هیچ كات بە واتای بەڕێوەبەرایەتی نایێت و تەنیا ئاماژەیە بە بەرتەری هێندێك بەسەر هێندێكی دیكەدا، بۆیە سۆشیالیزم ناتوانێت ببێتە دەسەڵات، بەڵكو دەتوانێت شێوەیەك لە كۆمەڵگە بێت، كە خاوەنی شێوازی جیاوازە لە بەڕێوەبەرایەتی و بەرهەمهێنان و دابەشكردنی لەنێوان تاكە

ئازادە یەکگرتووەکـــان، لـــە یەکگرتنێکـــی ئازادانەدا لەســـەر چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیان و دەوروبەریان. هەروەها لە ئەنجامی شکســـتی شۆڕشـــی ئۆکتـــۆبەر لەســـەر دەســـتی بەکرگێراوانـــی ئیمپراتۆری پروس، هیچ کات لە ڕوسیەدا سیستمی سۆڤیەتی پێك نەهات و لە سالّی ١٩١٨دا سۆڤیەتەکان لەکار خران، دەتوانن ســـەرنجی بۆچـــوون و ســـکالاکانی ئۆپۆزســـیۆنی نـــاو پـــارتی سۆســیال.دیمــۆکراتی ڕوســیە لـــە کـــۆنگرەی ١٩١٨دا بـــدەن، کـــە بەئاشکرا داوای گەڕانەوەی هەموو بڕیارەکان بۆ ئەنجومەنە (ســـۆڤیەتە) خۆجێییەکـــان و ئازادی گـــروپ ڕامیارییەکـــان و ئازادبـوونی دەسـتبەجێی زینـدانییە ڕامیارییەکـان دەکەن، کـە مەلّموســـترین بەلّگەی دیکتـــاتۆری پـــارت و ســـەرکوتی بێپەردە و بێڕۆلّـــی ســـۆڤییەتەکانە لـــە ســـایەی دەولّەتـــە بەنـــاو سۆشیالیســـتییەکەی (لێنیـــن)دا. ئەگەر خۆبەکۆمونیســـتزانەکانی کوردســـتان و نـــاوچەکە کەمێـك خۆیـان مانـدوو بکەن و واز لـە لێنینپەرستی بهێنـن، ئەوا دەتـوانن لـە خـودی بەلّگەنامەکـانی پارتی سۆشیال-دیمۆکراتی ڕوسیەدا، ئەو بەلّگانە بەدەست بهێنـن، کـــە ســـەلمێنەری ئەوەن، شۆڕشـــی ئۆکتـــۆبەر بەدەســـتی بۆلشەڤیکەکان تێکشکێنرا نەك دوژمنـی دەرەکـی. بەلاّم بەداخەوە هەروەك موسلمان و مەسیحی و یەهوودییەکـان بڕیاریانداوە، کـە سەرەڕای هەموو بەلّگـە مێژووییەکـان و دەرکەوتنـی ڕاستییەکان، چاویان بنووقێنن و خەریکی وتنەوەی ویردەکان بن.

"دامەزرانـــی ڕێکخراوبـــوونێکی رامیـــاریی و نـــاحیزبیی لـــە یەکگرتنێکـــی ئازادانە بـــە چەمـــك و کـــارکردێکی تـــازە لە یەکێتییەکدا کە پێیدەگوترێ (کۆمۆن) بە شێوەیەکی ڕۆشـن و دوور

لـــە هەمـــوو ئاڵـــۆزیی تەمومژێـــك و ئـەو یاســـا و رێسا پـــۆلاینیی و هاوکات پلاستیکییانەی حیزبایەتیی" ل 12

لێـــرەدا نووســـەر دەکەوێتـــە نـــاکۆکییەوە، چـــونکە ڕێکخـــراوەی ڕامیاریی هەر دەکاتەوە پارت و ڕێکخراوەی ڕامیاری پێویستی بە دەســـتەبژێرە و بـــوونی دەســـتەبژێریش نیشـــانەی پـــۆلێنکردنی ئەندامانی ناو ئەو ڕێکخراوەیە بۆ ڕابەڕ و پاشڕەو و فەرماندەر و فەرمانبەر.. .

لـە ڕاستیدا ئەگەر واژەی (کۆمـون) وەك خـۆی وەربگرین، ئەوا لـە ئەمڕۆدا هیچ شتێکی وای تێدا نییە، کـە جێـی سەرنج و شـەیدایی بێـت. بەڵکـو لـە کۆمـونەی پاریسـدا ئەوە شـێوازی ڕێکخسـتنە ئەنجومەنییەکە بوو، کە لە کۆمـونی بۆرجـوازی جیـای دەکـردەووە، (کۆمون) دەکـاتە شـارەوانی و (کۆمـۆن) دەکـاتە هـاوبەش یـا نـاوکۆ. بـە بۆچـوونی مـن، ئەوە ڕێکخراوبـوونی جەمـاوەریی چیـن و تـوێژە بندەسـتەکانە لـە ڕێکخـراوە جەماوەرییەکانیـان و خەباتیـان بـۆ ئامـانجە ئابـووریی و ڕامیـاریی و کۆمەڵایەتییەکانیـانە، کـە لـە پاشـکۆیی وردەبۆرجـوازی خۆڕێکخسـتوو لـە پـارتە پێشـڕەوەکان ڕزگاریان دەکات. بۆیە ئەو ڕێکخراوانە هەرچییەکیان نـاو بنێیـت، هیـچ لـە سروشت و ناوەڕۆك و میکانیزمەکانیـان نـاگۆڕێت، بەڵکـو گرنـگ گـۆڕێن و گـرتنەبەری شـێوازی ڕێکخسـتن و میکـانیزمی کارکردن و ڕۆڵی لۆکاڵی و سەربەخۆیی ئەندامانیانە، کـە گرنگـی شۆڕشگێڕانەی چینایەتییان پێدەبەخشێت.

"ناوەندێتیی دێمۆکراسیی" نـا ، ئەدی چی !؟

بەکورتی بڵێم، من دژی هەموو ناوەندێتییەکم چ دیمۆکراسی و چ بیرۆکراسی، لە بەرامبەردا لایەنگری لۆکاڵیزەکردنەوەی هەموو کاروبار و پێکهاتە و کۆمەڵە و هەرەوەزی و ئەنجومەنەکان و یەکگرتنیانم لەسەر بنەمای فیدرالیزم (فیدرالیزمی ئازادیخوازانە - ئاسۆیی، نەك فیدرالیزمی دەوڵەتی، قوچکەیی). لێرەدا خۆم لە باسی دیمۆکراسی لادەدەم ، چونکە وەك بابەتێك دواتر هاتووە.

نووسەر خۆی زۆر جوان ناوندێتی بەنێو دیمۆکراسی لێکداوەتەوە. تەنیا دەمەوێت بڵێم دیمۆکراسییەك کە ئازادیخوازان خوازیارنی، ڕەتگەرەوەی ناوەندێتییە و ئەو ناوەندێتییە تەنیا لەتەك دیمۆکراسی هیراشییانەی بۆرجوازیدا دەگونجێت و هەر سۆشیالیستێکیش بەو ناوەوە کاری کردبێت یا بکات، ئەوا ئاوی بە ئاشی بۆرجوازیدا کردووە و دەکات.

لە باسەکاندا واژەی "زانستییانە" زۆر بەکارهاتووە و بە بۆچوونی من ئەم واژەیە تەنیا خەڵەتێنەرانەیە و بۆ ڕەتکردنەوەی هەر بۆچوونێکی دژ (نەیار)ە و پارتە کۆمونیستەکان وەك کوتەك بەکارییان هێناوە، بۆیە پێویستە خۆمان لە بەکاربردنی بپارێزین، چونکە سووتاندنی یەهوودییەکان و کیمیابارانی هەڵەبجەش تاقیکردنەوەیەکی زانستییانە بوون، تێزەکانی (مایکیاڤیلی)یش لەمەڕ دەسەڵات زانستییانەبوون. بە بۆچوونی من یەکێك لە لاوازییەکان ڕۆشننەکردنەوەی ئەو زانستەیە، مەبەست لە زانست چییە، مەگەر لە سیستمی بۆرجوازی زانستییانەتر هەیە؟

من زانست ڕەتناکەمەوە، بەڵکو پێموایە زانستیش دوو لایەنەیە و هەم بکوژە و هەم ڕزگارگەر، زانستی ئازاد و زانستی کونترۆڵکراو (بە سەرمایەکراو)، هەروەها دەبێت پێناسەمان بۆ نازانستیش هەبێت، دیسانەوە لێرەدا هەموو زانستیبوونێك دەتوانێت بۆ بەرامبەرەکەی نازانستیبوون بێت و هەموو نازانستیبوونێك بۆ بەرامبەرەکەی زانستی بێت، ئینجا لێرەدا نازانم پێویستی بەکاربردنی ئەو دەستەواژە لە باسی ڕێکخستندا لە چیدایە؟

<u>ڕامانێکی تازە بۆ پڕۆلیتاریا و "دیکتاتۆریەتی پڕۆلیتاریا".</u>

بۆچوونەکانی نووسەر زۆر جوانن و هیوادارم هەردەم پەرەیان پێ بدات و ئەوانەش کە هێشتاکە بەنێوی کۆمونیستبوونەوە شەیدای دیکتاتۆرین، ئاوڕ لە ڕەهەندەکانی ئامادەیی دەسەڵاتخوازی کەمینەیەکی پیشە کودەتاچی لە پشت پاشکۆکردنی پڕۆلیتاریا بۆ دیکتاتۆری، بدەنەوە.

ڕاستییەکەی ئەم واژەیە و بەکاربردنی لەلایەن (کارل مارکس)ەوە بێ پێشینە و بنەما نەبووە، چونکە مارکسیزم بڕوای بە دەستەبژێریی کۆمونیستەکان هەبووە و لەوێشەوە دیکتەکردن بە کرێکاران و بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە بە کۆمونیستەکان وەك نوێنەری یا دەستەبژێریی پرۆلیتاریا دەسپێریت. هاوکاتیش بەکاربردنی ئەم دەستەواژەیە، بەبێ هیچ پاسا و بنەمایەکی سروشتی لە خەباتی چەوساواندا لەلایەن (کارل مارکس)ەوە فرەتر لە هەڵچوونی سەرپێیانەی نووسەرێك دەچێت، کە وەڵامی نەیارەکانی بە توندی بداتەوە. نەیارەکانی بە دیکتاتۆری

تاوانباریان کردبێت و ئەویش کەتووەتە پیاهەڵدانی دیکتاتۆرییەکەی و لەتەك دیکتاتۆری دژەکانی بەراوردی دەکات.

پرۆلیتاریا، ئەگەر بە سەرچاوە ئەم واژەیە وەربگرین، لە زمانە کۆنەکاندا بە چینی ڕەشوڕوت و بێدەسەلات وتراوە. ئەوەی کە مارکسیستەکان بۆ جیاکردنەوەی توێژێك لە چینی کرێکار واتە کرێکارانی پیشەسازی بەکاری دەبەن، هەرەمەکییە، چونکە چین لەناو چیندا، لۆژیکی نییە. چین یا یەکە یا نییە. بەمجۆرە پڕۆلیتاریا یا وەك چین هەموو مرۆڤە بێدەسەلات و بێخاوەندارێتییەکان دەگرێتەوە، ئەوانەی کە بۆ بژێویان، وزەی ژیانی ڕۆژانەیان دەفرۆشن و لە بەرامبەردا موچە یا کرێیەك وەردەگرن، دەگرێتەوە. ئەم پێناسەیەش هەموو مرۆڤێك، کە لە پێناو دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی ناچار بە فرۆشتنی هێزی بازوویی و هۆشی خۆی بێت بە کەسانێکی دیکە، کە خاوەنی سەرمایە و ئامێرەکانی بەرهەمهێنانن، دەگرێتەوە. واتە ئەو کەسانەی کە دەبنە کرێگرتە [کرێکرتە ناکاتە سیخوڕ و دەستکەلا] ی کەسانی دیکە و بەم پێناسەیە کرێکار و مامۆستا و فەرمانبەر و خانەنشین و بێکار و لەتەك ئەوانەشدا کەسانێك کە یا ئەندامانی خێزانیی ئەو توێژانەی پرۆلیتاریا پێکدەهینن یا ئەوانەی بە مووچەی کەمئەندامی و خوێندکاری وابەستەی سیستەمەکەن، دەگرێتەوە. چونکە ئەوانەش وەك توێژەکانی دیکەی پڕۆلیتاریا خاوەنی سەروەری خۆیان نین و چ لە ڕووی ئابووریی و چ لە ڕووی ڕامیاریی و یاساییەوە وابەستە و ژێرچەپۆکی سەروەری کەمایەتی بۆرجوازین. لێرەدا واوەتر ناڕۆم و دەگەڕێمەوە سەر چەمکی |دیکتاتۆریی پڕۆلیتاریا".

بەڵام ئەوە هەر گۆڕانەکـانی ١٥٠ ساڵ نین، کـە "دیکتـاتۆری و پرۆلیتاریا"ی پێشەنگ ڕەتدەکەنەوە، بەڵکو لەکاتی نووسینەوەی مانیفێستی کۆمونیستیشدا، کەم نەبوون ئەوانەی کە دژیان نووسیوە و ڕەخیان لێگرتووە. لێرەدا سەرنجی خوێنەران بۆ ڕەخنەی پرۆدۆن و باکۆنین و پاشینانی ئەوان لەو چەمکە، ڕادەکێشم.

لە هەمووی سەرنجراکێشتر ئەوەیە، کە دیکتاتۆرییەکەی پارتە کۆمونیستەکان لەپاش سەرکەوتن و دروستکردنی دەوڵەتەکەیانەوە دەستپێدەکات، پرسیار ئەوەیە، "ئەوانە" کێن، کە پرۆلیتاریا بە نوێنەرایەتی (کۆمونیستەکان) دیکتەیان پێدەکات، ئەگەر بۆرجواکانن، ئیدی لە وەها بارێکدا قسەکردنن لە سەرکەوتنی شۆرش و کۆمەڵگەی سۆشیالیستی، گاڵتەجاری نییە؟

ئەگەر من ئەو دەستەواژانەی نووسەر وەبەر ڕەخنەی داون ، وردتر بکەمەوە، ئەوا بەو سەرەنجامە دەگەم، کە دەوڵەتێکی سۆشیالیستی، کە مارکس دەیخوازێت، دەوڵەتی سۆشیال-دمۆکراسییە و دیکتاتۆری پرۆلیتاریاش کودەتایەکی سەربازییە، کە کۆمونیستەکان پێهەڵدەستن و کۆمەڵگە بەرەو ئەو کۆمونیزمە دەبەن، کە لێنین و ستالین و پاشینانیان بردیان. لە کاتێکدا شۆڕشی سۆشیالیستی، شۆڕشێکی کۆمەڵایەتییە و لە پرۆسەی گەشە و خودهوشیاربوونەوەی کۆمەڵایەتیدا بەرەو سەرکەوتن دەڕوات، هەروەها شۆڕشێکی ئاوا لە ڕژانە سەر شەقامەکان و سەنگەربەندییە سەربازییەکانەوە دەستپێناکات، بەڵکو زۆر

پێشتر لەوە لە بەڕواڵەت کپترین ساتەکانی کۆمەڵگەدا بوونی هەیە و لە هەموو بواریکدا کار لەسەر هەڵگێرانەوەی بنەما سەرەکی و لاوەکییەکانی سیستەم و پێکهاتەی چینایەتی هەر لە ڕێکخستنەکانەوە تا بەڕێوەبەرایەتی و هونەر و ئەدەبیات و کولتوور و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان، دەکات و لە خەبات و ژیانی ڕۆژانەدا ئەڵتەرناتیڤی سۆشیالیستی جێکەوتە دەکات.
لەوەش گاڵتەجارتر ئەوەیە، کە پارتە کۆمونیستەکان لەژێر فشاری هەژموونی پۆستمۆدێرنیزم و نیئۆلیبرالیزمدا لە ڕوویان نایێت نێوی دیکتاتۆرییەکەیان بهێنن و لە ناخەوە خەونی پێوە دەبینن و لەنێو کۆبوونەوە شانەییەکانی خۆیاندا سوێندی لەسەر دەخۆن و بەڵێن دەدەن، کە سەری نەیارانی پێ پان بکەنەوە، هەڵبەتە ئەو هەڕەشانە سەری من و نووسەریش دەگرنەوە.

## دێمۆکراسی

دێمۆکراسی، کە وەك چەمکی ڕەسەنی دەستەواژەکە، لە (یۆنان)دا بە واتای "فەرمانڕەوایی گەل" دێت و لە (یۆنان)ی کۆندا واتە هەشت سەدە پێش مەسیح بە واتای "فەرمانڕەوایی ڕاستەخۆی گەل" دێت، ئەوەی کە ئەورۆکە [وەك ڕەتکردنەوەی دێمکراتی درۆیینەی نوێنەرایەتی "دێمۆکراتی ڕاستەخۆ"]، بە دێمۆکراتی لە خوارەوەرا نێودەبرێت، ناسراوە، نموونەش لە ئەمڕۆدا بزاڤی دژەدەسەڵاتی لە ئەرژەنتین. بەڵام ئەو دیمۆکراسییەی کە پارتە کۆمونیستەکان باسی لێوەدەکەن، هاوشێوەی دێمۆکراتی پارلەمانی ناڕاستەوخۆیە و لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی جێگیر و سەپاو پێکدێت و لە باشترین باردا نێوی دەنێن "میرایەتی

نوێنەرایەتی" و لیبراڵەکان بە "میرایەتی تێکنۆکرات" نێوی دەبەن. ئەگەر سەرنج بدەین، لە هەرسێ بارەکەدا، ئەوەی کە لە ئێستادا هەیە میرایەتی پارلەمانی هەرێمی کوردستان یا عیراق، میرایەتی نوێنەرایەتی پارتە خۆبەپێشڕەوزانەکان و میرایەتی تەکنکۆکراتی لیبراڵەکان، یەك میکانیزم و یەك بنەمایان هەیە، ئەویش ئەوەیە، کە زۆرینەی نەزان [بە لێکدانەوەی ئەوان و سیستەمەکەیان] پێویستی بە شوانەیی و نوێنەرایەتی ڕامیاران و ڕۆشنبیران و پسپۆڕان هەیە، تاوەکو کاروباری ژیانیان و کۆمەڵگەیان بۆ ڕێك بخەن.

ئەگەر دێمۆکراتی ڕاستەخۆی یۆنانی کۆن لەبەرچاو بگرین، دەبینن، لەتەك شێوازی بەڕێوەرایەتی کۆمەڵگەی سۆسیالیستیش دەگونجێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بە دێمۆکراسی ناسراوە، شتێك نییە، جگە لە کەوڵکردنی دێمۆکراسی یۆنانی کۆن. هەروەها دێمۆکراتی بە واتا و چەمکی هەنووکەیی نێوەندی ڕۆشنبیری، تەنیا دەتوانێت شتێکی ڕێژەیی بێت و بە ئامادەیی و خەباتی چین و توێژە بندەستەکانەوە بەستراوە و چەندی چەوساوان یەکگرتوو و ئامادە بن، دێمۆکراسیش جێگیر و کراوەتر دەبێت، چەندی خامۆش و پرشوبلاو بن، ئەوەندەش سەرکوتکراو و داخراو دەبن. کەواتە دێمۆکراتی بە واتای کراونەوە و سەربەستی تاك لە هەندێ کاروباری تاکەکەسییدا، ئەوەی کە نیئۆ لیبراڵە تەکنۆکراتخوازەکان بە شانازیی خۆیانی دەژمێرن، بەرهەمی دێمۆکراتی نوێنەرایەتی و دیاری پارت و کەسایەتییە تەکنۆکراتخوازەکان و پارلەمانتارەکان نییە، بەڵکو بەرهەمی جەنگ و ڕووەڕووبوونەوەی ڕۆژانەی زۆرینەی ژێردەستە لەتەك

دامودەزگە و بڕیار و یاسا سەپاوەکانی دەسەڵاتی چینایەتی؛ چەندی خەڵك [تویژە جۆراوجۆرەکانی پڕۆلیتاریا] بڕژێنە سەر شەقامەکان، ئەوەندە سەروەران ناچار بە دەستهەڵگرتن و پاشەکسێ لە پاوانگەریی کۆمەڵ و چەپاوڵی داهاتی کۆمەڵگە و سووکایەتی و سەرکوت، دەبن، بە پێچەوانەشەوە، چەندی خەڵك بە دێمۆکراتی نوێنەرایەتی [پارلەمانی] خۆشباوەر بێت و چاوەڕوانی لەدایکبوونی سەروەرانی دڵسۆز و دادپەروەر و پەیدابوونی دەوڵەتی باش بکات، ئەوەندە سەرکوت و نایەکسانی و نادادوەری سەروەری چینایەی پایەدار دەبن و فرەتر ڕیشەیان بەنێو کولتوور و ڕێسا کۆمەڵایەتییەکاندا ڕۆدەچێت.

ڕاستە، مینگەمینگی کۆمونیستەکانی ناو پارەلەمانەکان، نەك سوودی نەبووە، بەڵکو بە دژەشۆڕشیش تەواوبووە و دەزگەیەك، کە ناوەندی سەپاندن و ساخکردنەوەی بەرژەوەندی و داخوازییەکانی بۆرجوازی بێت، بەبێ دوودڵی چەکی سەرکوتی چەوساوانیش دەبێت. بەڵام لەتەك ئەوەشدا سیستمێکی دێمۆکراتی بۆرجوازی لە سۆسیالیزمی دەوڵەتی باشترە و بوار و ڕۆشنیی و دیاربوونی دژەکان ئاسانترە و چەوساوان بە ئاسانی دەرکی ئەوە دەکەن، کە شەقامەکان و مەیدانەکان ئەلتەرناتیڤی پارلەمانەکانن و کەس بە نوێنەری خۆیان نازانن، بەڵام لە سیستەمە پۆلیسی و میلیتێرییە بەناو سۆشیالیستییەکاندا ئەوە ئەوانەی سەرەوەن، کە نوێنەر و بڕیاردەر و هەموو شتێکن و شەقام تەنیا شوێنی هاتووچۆییە بۆ سەرکار و بەرزکردنەوەی وێنەی سەرۆکان و پیاهەڵدانی پارتی پێشڕەو. لەو دەوڵەتانەدا کە بەنێوی پڕۆلیتاریاوە دیکتاتۆری سەرمایەداری دەوڵەتییان بە لوتکە

گەیاند، نەك تەنیا نارەزایەتی ژێردەستانی کۆمەڵگە سەرکوت دەکرا و سێدارەدان و دوورخستنەوە و کاری-زۆرەملێ کرابوونە ئەلف و بێ و بە خەڵك دیکتە دەکران، بەڵکو هەر نارەزایەتییەکی ژێردەستان [تویژە پرۆلیتێرەکان] بە دوژمنایەتی و دژەخونی لە سۆشیالیزم هەژمار دەکرا و نارەزایەتی ژێردەستانی دەوڵەتە بەنێو سۆشیالیستییەکان، خراپتر لە ژێردەستانی دەوڵەتە سەرمایەدارییەکانی خۆراوا، سەرکوت دەکران و چالاکانیان پاکتاو دەکران.

چەوسانەوەی نەتەوەیی و نیشتمانی.

چەوسانەوەی نەتەوەیی و نیشتیمانی واتە پێشێلکردنی مافە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی تێکرای میللەتێک یان نەتەوەیەک یان کۆمەڵە نەتەوەیەک بە چینە چەوساوە و چەوسێنەرەکانیەوە لە لایەن چینە چەوسێنەرەکانی میللەتێک یان نەتەوەیەک یان کۆمەڵە نەتەوەیەکی دی؛ ل 25

من ناکۆکیم لەتەك ئەم پێناسەدا هەیە، چونکە هیچکات لە سایەی داگیرکەردا بەرژەوەندی مشەخۆران و بۆرجواکانی نەتەوەی ژێردەست پێشێڵ ناکرێن و بەڵکو یەکانگیر دەبن و ئەمەش لە قۆناخی دەرەبەگایەتیشدا هەر وابووە و هەر بۆیە ئاخاکانی کوردستان بوونەتە نوێنەر و دەستوپەیوەندی داگیرکەرانی ئیمپراتۆری ئوسمانی و ئێرانی و لەشکری ئیمپراتۆرییە ئەوروپییەکان. هەرواش وەك بەخۆمان بینیمان سەرۆکهۆز و دەرەبەگ و دەوڵەمەندەکان لە هەموو سەردەمەکان و لەتەك هەموو رژێمە یەك لە دوای یەکەکانی عیراق و

کودەتاکانیان دەگونجان و بەرژەوەندییان دەپارێزرا و دەکرانە کوتەك بەسەر چین و توێژە نەدار و بندەستەکانەوە. لێرەدا گرفت لە نەبینی هاوبەرژەوەندیی چینی مشەخۆر [بۆرجواز]ی نەتەوەی ژێردەست لەتەك چینی [مشەخۆری] سەروەری نەتەوەکانی دیکە، بەڵکو ئاشکرا هاوبۆچوونی لەتەك پاگەندەی ناسیونالیستەکاندا هەیە. بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی ئەندامانی توێژە کۆمەڵایەتییەکانی نەتەوەکان لەلایەك و ئەندامان و توێژەکانی چینە مشەخۆرەکان لەلایەکی دیکەوە بدەین، زۆر بە ئاسانای بە سەرەنجامێکی پێچەوانەی هاوبەرژەوەندیی و هاودەریی چینەکان [چەوساوان و مشەخۆران]ی نەتەوەی ژێردەست یا نەتەوەکانی دیکە، دەگەین. بۆ نموونە بە درێژایی جەنگی ڕزگاری لە داگیرکاری ڕژێمەکانی عیراق، سەرمایەداران و سەرۆکخێلان بەردەوام لەتەك ئەو ڕژێمانەدا لە ئاشتی و سەوداومامەڵەدا بوون، لە بەرامبەردا تاکە چەوساوەکانی [ژێردەستان چ کورد و چ عەرەب] لە هەردوولاوە بەکوشت دراون و بوونەتە قوربانی کێشمەکێشی دەسەڵاتخوازیی مشەخۆرانی عەرەب و کورد. باشترین نموونە لەو کاتەدا [1992 - 2003] کە دانیشتوانە کوردەکانی کەرکووك لەلایەن ڕژێمی بۆرجوازی بەعسەوە دەردەکران، هاوکات ژوورەکانی بازرگانی بەغداد و سلێمانی لە هاتووچۆ و مامەڵەدا بوون، لە کاتێکدا کە نارازییانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی بەعس [بە دیرایکراوی کوردەکان] سەرکوت دەکران، دەسەڵاتدارانی کورد لە جەنگی ناوخۆیاندا [31ی ئابی 1996]پێشلەشکریی (ڕژێمی بۆرجوازیی بەعس)یان دەکرد. بەو جۆرە دەبین بە ئێستاشەوە کە بیست ساڵە بۆرجوازی کورد لە هەرێمی کوردستاندا سەروەرە، پرسی

نەتەوەیی تاکەکانی کورد لە ناوچە دابڕاوەکان چارەسەر بووە و نە خەونەکانی تاکی کورد، کە لە ناهوشیاریدا بە بەدەسەڵاتگەیشتنی چەند پارتێکەوە گرێی دابوون، نەهاتوونەتە دی و بەردەوام لە خەباتی ڕۆژانەدا قوربانی بۆ هاتنەدییان دەدات، هەروەك چۆن لە سەردەمی زاڵی دەسەڵاتی بۆرجوازی عەرەب لە هەرێمی کوردستاندا، قوربانی بۆ دەدان.

ئایا ئەو کەتوارانە، ناڕاستی چەوساوەیی چینە داراکانی نەتەوەی ژێردەست لە سایەتی سەروەری بۆرجوازی نەتەوەکانی دیکەدا و هاوخەباتی چینی چەوساوە و مشەخۆری نەتەوەی ژێردەست، ناخەنە ڕوو؟

ئەم بۆچوونەی نووسەر ئەگەر لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا، لە کاتێکدا نە پارتە چەکدارەکانی بۆرجوازی کورد پێشلەشکری سوپای ئێران و تورکیە و عیراقیان کردبوو و نە بەدەسەلات گەییشتبوون و نە ڕژێمی داگیرگەری بەعس ڕامالڕا و ڕووخێنرابوو، بە هۆی هەژموونی بۆچوونەکانی لێنین و ماوتسی تۆنگ و هۆشی مینە و ئەوانی دوای ئەوانەوە لەمەڕ قۆناخی ڕزگاریی نیشتمانییەوە، پاساو درابن و دەنگە نەیارەکانیان سەرکوتکرابن و گوێگریان هەبوو بێت، ئەوا ئێستا پاش ئەو ڕووداوە، نەك ئەو بۆچوونانە دروست نەبوون و نین، بەڵکو پێچەوانەکەیان ڕاستییەکی سەلمێنراوی بەڵگەنەویستە.

<u>دووەم - ئەو کێشەیە کێشەی نێوان دوو چینی چەوساوە و چەوسێنەر نییە.. چونکە هەردووکیان لە لایەن کۆمەڵێکی دیکەوە</u>

مەبەست لە چینە چەوسێنەرەكانیەتی - دەچەوسێندرێنەوە.. بۆیە چارەسەرەكەشی - ئەگەرچی چارەسەرەرێكی كاتیی یان دیاریكراو دەبێ - بە راپەڕینی تێكڕای كۆمەڵ و بەسەرپەرشتیی بۆرجوا نیشتیمانیی و نەتەوەییەكان دەبێ، هەرچەندە كرێكاران و زەحمەتكێشان سووتەمەنیی یەكەمی ئەو راپەڕینەن.. بەلاّم هەر لەژێر سەرپەرشتیی بۆرجواكان دەبێ و هەر ئەوانیش دەسەلاّتی نەتەوەیی و نیشتیمانیی بەدەستەوە دەگرن. ل 25

لێرەشدا هەمان بۆچوون بە زاقی خۆی نیشان دەدات، ڕاستە چینی مشەخۆری نەتەوەی ژێردەست بۆ كۆمەڵێك بەرتەری زیاتر ململانێی مشەخۆرانی داگیرگەر دەكات، بەلاّم هەم بە پێی یاساكانی سەروەری سیستەمی چینایەتی، بۆرجوازی نەتەوەی ژێردەست شانبەشانی بۆرجوازی داگیرگەر تاكەكانی كۆمەڵگە دەچەوسێنێتەوە و هەم دیسانەوە چەوساوانی نەتەوەی بندەست وەك سووتەمەنی بۆ گەیشتن بەو ئامانجە بەكار دەبات و هەم وەك دەبینین و بینیمان، نوێنەرانی رامیاریی مشەخۆرانی نەتەوەی داگیركراو، واتە پارتە بۆرجواكان، دژایەتی هەر ڕێكخستنێكی سەربەخۆی چینایەتی چین و توێژە بندەستەكان دەكەن، ئیدی ئەو ڕێكخستنانە ئابووریی بن یا ڕامیاریی یا كۆمەلاّیەتی... دەتوانن سەرنجی مێژووی بزاڤی چەكداری كورد بدەن، كە وەك هێزی جەنگی بەرژەوەندی و بەرتەریخوازی بۆرجوازی وڵاتی داگیركراو بەرامبەر بۆرجوازی داگیرگەر... كە هەم لە لادێكاندا هەم لە شارەكاندا، هەم لە كارگە و خوێندنگەكاندا بەشداریی سەركوتكردنی جەماوەرییان كردووە. وابزانم نموونە پێویست نییە و ئەو ڕووداوانە لە ژیانی خودی

ئێمەدا ڕوویانداوە و دەدەن.

بەداخەوە، بەپێی ئەو تێزەی نووسەر بێت، وەك بۆرجواكان خۆیان دەیانوت و دەیڵێنەوە، دەبێت چین و توێژە بندەستەكان واز لە خەبات بۆ لەنابردنی ستەمی چینایەتی تا دوای چارەسەری ستەمی نەتەوایەتی و بەدەسەلاتگەیشتنی بۆرجوازی (ئەوەی نووسەر نێوی ناوە بۆرجوا نیشتمانی، كە لە ڕاستیدا بێنیشتمانترین چین، بۆرجوازییە و نیشتمان تەنیا دێوجامەیەكە، كە چینە بندەستەكانی پێ فریودەدات و نیشتمان هەمان موڵك و سەرمایەیە كە هەیەتی و بەس). باشە چۆن دەبێت هەروا مل بەوە بدەین، كە كرێكاران و زەحمەتكێسان سووتەمەنی شتێك بن، كە بەرژەوەندی چەوسێنەرانی خۆیانی تێدایە؟

ئەگەر سەردەم و قۆناخێكی وا [بەدەسەڵاتگەیشتنی بۆرجوازی نەتەوەی ژێردەست] ناچاری و بێ چەندوچوون بێت و وەك پردێك بۆ پەڕینەوە ناچار بین بەسەریدا تێپەڕین، بە بۆچوونی من لەبری هاندانی كرێكاران و زەحمەتكیسان بۆ بەشداری لەو ڕاپەڕینە تێكڕاییەدا و بوونە سووتەمەنی. باشترە، كە بۆ ئەوە بانگەوازییان بكەین، كە ببنە سەیرگەری بێلایەن و با بۆرجوازی نەتەوە و دەسەڵاتخوازانی لەتەك بۆرجوازی داگیرگەر وەك جانەوەری دڕندە یەكدی شندڕ شندڕ بكەن و كێشەی خۆیان یەكلایی بكەنەوە؟

بە بۆچوونی من، نەك ئەمە ناكۆكییە، بەڵكو گواستنەوەی هزر و ئایدیای بۆرجواییە بۆ ناو چین و توێژە چەوساوەكان بەنێوی

سۆسیالیستبوون و کۆمونیستبوونەوە، واتە دەکاتە فڕیودانیان. ئەمە نەك پێچەوانەی بنەماکانی مارکیسزم، کە نووسەر پێداگرییان لەسەر دەکاتەوە، بەڵکو پێچەوانەی بنەماکانی ئازادیخوازییە، چونکە ڕێز و سەربەخۆیی مرۆڤ وەك تاك، ڕێگەمان پێنادات، خۆمان بکەینە قوربانی بەسەروەربوونی چەوسێنەرانمان. لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێشەوە، ئەو دەستکەوتانە کامانەن، کە چینە ناسەرمایەدار و چەوساوەکان لە بەدەسەڵاتگەییشتنی چینی سەروەری هاوزمانیاندا بەدەستییان دەهێنن و ئەو بەدەسەلاتگەییشتنەی بۆرجوازی هاوزمان چ بەهایەکی بۆ ئازادی و سەربەخۆیی تاکە پڕۆلیتێرەکان هەیە، تاوەکو ئامادە بن قوربانی بۆ بدەن و خۆیان بکەنە سوتەمەنی؟ ئەو دەستکەوت و ئامانجانە کامانەن، کە چین و تاك و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵگە نەتوانن بە خۆیان بەدەستیان بهێنن یا بەخۆیان کۆمەڵگە بەڕێوەبەرن؟

لەوێدا ئەگەر مەبەست لە بەرێوەبەرایەتی کۆمەڵگەی چینایەتی بۆرجوازییە، ئەوا کوتەك بدەیتە دەست هەر کەس، بەبێ دوودڵی لە پسپۆڕەکانی ناو پارلەمان باشتر بەڕێوەی دەبات. چونکە کۆمەڵگەی چینایەتی لۆجیك و ڕەوایی و ماف، بنەماکانی پێك ناهێنێت، بەڵکو زۆرداری و بەرتەری و هەڵاوارن و ستەم و بەهرەکێشی و زیندان و کوشتوکوشتار و سەپاندن، بنەما و ڕێساکانی پێکدەهێنن و کارێکی واش لە ئاستی توانایی هەر تاکێکی درەندا دەبێت و ئەگەر بمانتوانیایە بە تەواوی دەستمان بە پەروەندەی پێشینە و بەسەرهاتی ژیانی سەرۆکان و ڕامیارەکان ڕابگات، بەدڵنیاییەوە لەتەك زانیاری لەمەڕ

کۆمەڵێک سیخوڕ و ساختەچی و بەرتیلخۆر و داروودەستە و مافیا ڕووبەڕوو دەبووین.

بۆیە ئەگەر توێژە چەوساوەکانی کۆمەڵگە (پڕۆلیتاریا) نەتوانن کۆمەڵگە بەو جۆرەی ئێستای بۆرجواکان ڕێک بخەن، ئەوە لەبەر لێنەهاتووی و بێتوانایی تاکەکانی ئەو چینە نییە، بەڵکو لەبەر نامرۆییبوونی سیستەمی بۆرجوازی و ئامانجەکانییەتی، کە تەنیا مرۆڤە دڕندەکان، ئەوانەی کە هێشتا بوونە دڕندەییەکەی چەند هەزار ساڵ لەوەوپێشیان لە خۆیاندا پاراستووە و هەڵگری هەمان تۆخمی دڕندانەی سەرەتان، دەتوانن شانازی پێوە بکەن و ببنە پارێزەری.

بزاڤی کۆمونیستی رابردوو پێی وابوو لەبەرئەوەی ئەو چەوسانەوە نەتەوەیی نیشتیمانییە لە بنەڕەتدا چەوسانەوەیەکی چینایەتییە بۆیە دەکرێ لەگەڵ بەرەوپێشەوەچوونی کێشە چینایەتییەکان و بڵاوبوونەوەی هێزی کۆمونیستی هووردە هووردە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان بخرێنە نێو بەرنامەی خەباتی چینە چەوساوەکان و بە پێی بارە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان دروشمی ئازادیی و رزگاریی و سەربەخۆیان بەرزبکرێتەوە و بە مافی چارەنووسی خوازیاری خۆیان بگەن تەنانەت ئەگەر وەدەستهێنانی ئەو مافانە ببنە هۆی تێکدانی نەخشەی وڵاتان و جیابوونەوە و دروستبوونی قەوارەی نوێش، هاوکاتیش چەندەی پتر ئەو چەوسانەوەیە بەرتەسکتر بکرێتەوە هێندەش پتر بەردەمی خەباتی چینایەتیی والاتر دەبێتەوە. ل 26

ئەگەر لە ڕابوردوودا ئەمە بۆچوونی بزاڤی کۆمونیستی بووبێت، لای من پەسەندی و ئاوەزگیری زۆرتری تێدایە، لەوەی کە " کۆمونیزمی نوێ" ئەوەی نووسەر پێشنیاری دەکات. چونکە ئاراستەکردنی خەباتی دژی ستەمی نەتەوەیی و جێندەری و ئاییینی و نەژادی و هتد بەرەو خەباتی چینایەتی بۆ کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و دادپەروەری ناچینایەتی گەلێك لۆجیکی و دروستترە. بەڵام ئەگەر ئامانج ئەوە بێت، کە کرێکاران و زەحمەتکیشان دەوڵەتی نەتەوەیی دروست بکەن و بە بۆرجواکان بلێن فەرموون ئەوە تەختی فەرمانرەوایی کۆیلەتی ئێمە، ئەوا دیسانەوە هەر دەکاتەوە بۆچوونەکەی " هزری نوێی کۆمونیستی". ئەمەش هەمان پاگەندەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانە کە دەیوت "ئەرکی کرێکاران و زەحمەتکیشانە دژی داگیرگەران شانبەشانی بۆرجوازی نیشتمانی بجەنگن و دواتر خەباتی خۆیان دژی بۆرجوازی نیشتمانی، سەرلەنوێ دەست پێبکەنەوە".

لەو بۆچوونەدا من ترکەڵەکێکی ڕامیاریی دەستەبژێرێك دەبینم، کە دەڵێت "وەرن با پێکەوە جەنگی داگیرگەر بکەین و سەروەرییەك دروست بکەین، کە جێگەی چەوسێنەرەکانی ئێستاتان دەگرێتەوە و کەی سەرکەوتین و میرییە ساواکەمان تەواو ڕیشەی داکوتا، ئەوا لە چوارچێوەی یاسای ئەو سەروەرییەدا خەبات بۆ ڕوخاندنی ئێمە [سەروەران] بکەن و دەوڵەتێکی سۆشیالیستی لە ڕێگەی پارلەمان یا کودەتاوە دامەزرێنن و کۆمەلێکی دیکە بەنێوی ڕابەر و پێشڕەو دامەزرێنن، بەڵام بە مەرجێك لەبیرتان نەچێت، دەبێت هەموو شتێك لە چوارچێوەی یاسا بێت و با یاسا سەروەر بێت".

بە بۆچوونی من، چینە بندەستەکان یەك ئەرکییان هەیە، ئەویش خەباتە دژی چەوسانەوەی مرۆڤ بە هەموو شێوەکانییەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئازادی و یەکسان و دادپەروەر، دوژمنانیشیان هەموو چینە داراکان و چەوسێنەرانن چ داگیرگەربن و چ ناوخۆیی، چ دێمۆکراتی پارلەمانی بن یا دیکتاتۆری تاکپارتیی، چ مەزهەبی بن یا سکیولار! ئەو ئەرکەش خواستی ئازادبوونی خۆیان خستوویەتییە سەر شانیان، نەك بیردۆزەی زانایان و فیلۆسۆفان و حەزی ئێمە.

من لە بۆچوونی کۆمونیستەکانی پێش ١٩٩٠ واتە هەرەسی ئیمپراتۆری بۆلشەڤیکیدا، ئەوە دەبینم کە هاوکاری و کۆمەکی بۆرجوازی نەتەوەکەیان ئەرکی چینە چەوساوەکانە و دەبێت ببنە سووتەمەنی بۆ بە دەسەلاتگەیشتنی بۆرجواکانی نەتەوەکەیان. بەدەسەڵاتگەیشتنی بۆرجوازی نەتەوەی ژێردەست قۆناخێکی بێ ئەملاو ئەولایە، هەر ئەوەی کە نووسەر خوازیار و پێداگرییەتی.

لە کۆمونیزیکیشدا کە نووسەر باسی لێ دەکات، هەمان تێڕوانینی هەیە و بە هەمان شێوە کرێکاران و زەحمەتکێشتان و توێژە نەدار و چەوساوەکان بۆ سووتەمەنیبوون لە پێناو بەدەسەڵاتگەیشتنی بۆرجوازی هاوزمان بانگەواز دەکات. بەڵام کەتوار پێچەوانەی ئەمەمان نیشاندەدات و ئاوەز بەرەنجامێکی دیکەمان دەخاتە بەردەست، کە ئەویش پێداویستنەبوونی ئەو قوربانەییە و لە بەرامبەریدا قوربانیدانە بۆ ئامانجێکی بالاتر، کە هەم چارەسەری ستەمی نەتەوەیی دەکات و هەم کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسان دەستەبەر دەکات. [ بۆ ئەوەی خوێنەر خەیاڵی بۆ

چارەسەری ئاراستە دەسەڵاتخوازەکانی وەك لێنینیزم و مائۆئیزم و حیکمەتیزم نەچێت، کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان کە من بە ئەڵتەراتیڤی دەزانم، لەسەر بنەمای خۆبەڕێوەبەرایەتی لۆکاڵی هەرەوەزییەکـــان و یەکگرتنەوەیـــان لـــە یەکێـــتی ئازادانەی فێدراســیۆن و کۆنفێدراســیۆنەکان، پێــك دێــت و نەك تەنیــا ڕەتکـردنەوەی بەڕێـوەبەرایەتی بۆرجـوازییە، بەڵکـو ڕەتگەرەوەی میرایەتــی پارتە پێشڕەوەکان ناوەنـدێتی و تەنـانەت دیمـۆکراتی نوێنەرایەتیشە].

هەروەهـا بـە پێچەوانەوە، لـە هیـچ یەك لەو ولاتەناشدا خەبـاتی چینــایەتی بــە واتــای ســەربەخۆ و شۆڕشــگێڕانە دژی داگیــرگەر و هاوکات دژی دەسەڵاتخوازانی نـاو بزاڤـە بەرهەلستکارەکە، هـاوڕا و تەبـا لەتـەك بۆرجـوازی نیشـتمانی بـوونی نەبـوو و ئەوانەی کـە بۆچوون و ئاراستەیەکی دیکەیان هەبوو، تیرۆر دەکران و ناچار بە هەڵاتن و بەجێهیشتن دەکران، کە ڕزگاریشیان بوو، ئەوەی هەبـوو، ســەرکەوتنی ئاراســتەی خەبــاتی نەتەوەیــی بــوو بــۆ دەســەلاتی بۆرجـوازی نەتەوەی ژێردەست لەژێـر نێـوی چینایەتیـدا، ئەمەش پەیوەنـدی بـە مۆـدی ڕۆـژەوە هەبـوو، نەك خەبـاتی چینـایەتی. ئەوەی ماوتســی تۆنـگ و کاسـترۆ و هۆشـی مینـە و ئەوانـی دیکـە پێیهەستان و خەباتییان بۆ کرد، هیـچ سروشـت و سیما و مـاکێکی چینــایەتی نەبـوو، تەنیـا بەرگێکـی چینـایەتی گاڵتەجارییـانەی بەبەردا کرابــوو. ئەگەر کــۆمەڵەکەی لای «نەوشــیروان و جەلال تالەبـانی»ش لـە کـاتی شـەڕی ساردا بەدەسـەڵات بگەیشـتایە، هەمـان شـت دەبـوو و ئەگەر لـە پۆلپـۆت خراپتریـان نەکردایـە، کەمتریان نەدەکرد.

بەپێچەوانەشەوە خەباتی ڕزگاری نیشتمانی لە سایەی ئەو پارتانە و ئەو جیهانبییە مۆدەی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابووردوو، نەك بە ڕێچکەیەکی ئازادیخوازانەدا تیپەڕ نەبوو، بەڵکو ئەو پارتانە بەخۆیان لە داگیرگەران فرەتر سەرکوتی ئازادیخوازانیان کرد. هەروەها لابردنی ستەم (هەر ستەمێك) هیچ کات و سەردەمێك کاری بۆرجوازی نەبووە و نییە و بۆرجوازی ئامانجی لابردنی ستەم نەبووە و نییە، بەڵکو وەك دێوجامەیەك بۆ بە ئامانجگەیشتنی و بەدەسەڵاتگەیشتنی خۆی و بەشی زیاتر، بەکاری دەبات.

دەکرێت و پێویستە چینە بندەستەکانیش (کرێکاران و زحەمەتکیشان، چونکە بۆرجواکان هیچ کات ژێردەست نین) بە ئاراستەی کۆمەڵگەیەك کە خۆیان دەیخوازن و لە بەرژەوەندییانە، خەباتی چینایەتی خۆیان جۆش بدەن و هاوکاتی شەڕی داگیرگەر، شەڕی دەسەلاتخوازان و دەسەلاتدارانی نێوخۆش بکەن. وەك ئەوەی کە ماخنۆڤیستەکان هەم دژی داگیرگەرانی نەمساوی و ئاڵمانی، هەم دژی سەرکوتگەرانی بۆلشەڤیك و دژە-شۆڕشانی سپی جەنگین و کۆمونە ئازادەکانی خۆیان پێکهێنانن و کۆمونیزمییان لەوەش تێپەڕاند، کە مارکسیستەکانی نێوئینتەرناسیونالی یەکەم خەونیان پێوە دەبینی، واتە کۆمونیزمی نادەوڵەتی [وەك کرۆپۆکتین نێوی دەنێت]. بەڵام هیچ کات جەنگ و تێکۆشانی بۆرجوازی بۆ ئازادی نەبووە و تەنیا لە پێناو بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا بووە، لەبەر ئەوەش هیچ کات بۆرجوازی شۆڕشگێڕ نەبووە. ئەو بیریارانەی کە بەنێوی سۆشیالیزمخوازییەوە ئەو خۆشباوەڕییەیان لای چینە

چەوساوەکان دروست کرد و وەهایان لێکدایەوە، کە بۆرجوازی شۆڕشی کردووە و شۆڕشگێڕبووە و بەدەسەڵاتگەیشتنیان قۆناخێکی پێویستە بۆ گەییشتن بە سۆشیالیزم، تەنیا ئاویان بە ئاشی تازە سەروەراندا کرد و دوو سەدەیە کرێکاران و زەحمەتکێشان بەو خۆشباوەڕییە ژاراوخوارد دەکرێن.

هۆکاری وەها خۆشباوەڕییەك لەوەدایە، کە بێیت و سەردەمەکانی مێژوو قۆناخبەندی بکەی و کۆتایی هەر قۆناخێکی چینایەتیش بە دەرچوون لە بازنەی چینایەتی دابنێیت و لێرەوە سەروەرانی نوێ، بە شۆڕشگێڕ و بگۆڕ و کۆتاییهێنەری قۆناخی پێشوو بناسێنیت. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە لە بری ئەوەی کۆتایی سەردەمی کۆیلایەتی بە شۆڕش و تێکۆشانی کۆیلان خۆیانەوە، یا کۆتایی سەردەمی فیئۆدالی بە خەباتی جوتیاران و تێکۆشانی ئەوان خۆیانەوە، یا کۆتایی ستەمی نەتەوەیی بە خەبات و تێکۆشانی تاکی چین و توێژە بندەستەکانی خوارەوە ببەستیتەوە، بێیت و بیکەیتە شۆشگێڕی چینێکی هەلپەرست و دەسەڵاتخوازی نوێ. بەڵام هەروا کە لە سەردەمی خەباتی نەتەوەییدا دیتومانە، زۆرینەی خەباتکاران و قوربانیان ڕۆڵەی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوون. هەرواش لە قۆناخەکانی کۆیلایەتی و فیئۆدالیدا خەباتکاران و قوربانیان چینە نەدار و ژێردەستەکان بوون، بەڵام لەبەر نائامادەییان لە بەرامبەر ملاسگرتووانی دەسەلاتی تازە، نەیانتوانیوە ئەو کۆمەڵگەیە بنیات بنێن، کە خەونیان پێوە دیتووە. لێرەدا ئەوەندە بەسە هەر یەکە لە ئێمە چ بەشدارانی خەباتی چەکداری بۆ ڕزگاری لە داگیرکەر چ هەر تاکێکی کورد کە خەونی بە ڕزگارییەوە دیتوە،

لە خۆمان بپرسین؛ ئایا ئێمە خەونمان بە ڕزگارییەکەوە دەبینی و لە پێناویدا تێدەکۆشاین، کە لە سایەیدا هەمووان ئازاد و یەکسان بن و دادپەروەری هەبێت، یا ئەوەی کۆمەڵگە و سامان و داهاتی لە چنگی داگیرگەر دەربهێنین و بیکەینە سەرمایەی چەند کۆمپانییەکی پارتەکان و تەڕاتێنی بۆرجواکان لە ژیان و بوونماندا، وەك ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێت، ئەو پێشمەرگانەی کە گیانیان بەختکرد، خوازیاری چی بوون؛ ئازادی و یەکسانی و دادپەروەری بۆ هەمووان یا مشەخۆری و گەندەڵی و ڕاووڕووتی کەمینەی سەروەری ئەمڕۆ؟

بێگومان خەون و خەباتی کۆیلان و جوتیارانیش دژی کۆیلەداران و فیئۆدالەکان هەر بە هەمان شێوە بووە و فیئۆدالەکان و بۆرجواکانیش وەك دەسەلاتدارانی ئەمرۆی هەرێمی کوردستان یا باشووری ئەفریکا، لە نائامادەیی کۆمەڵایەتی و هوشیاریی چەوساواندا توانیویانە ببنە سەروەری نوێ و درێژە بە سەروەری چینایەتی بدەن و دەسەلات لە چینێکی تەمەن بەسەرچووەوە بۆ چینێکی نوێ بگوازنەوە. بەڵام ئەمە بەرهەمی شۆڕشگێری چینە سەروەرە نوێیەکان نەبووە، بەڵکو بەرهەمی شکستی شۆڕش یا بەسەرکەوتنی یەکجاری نەگەیشتنی شۆڕشی چەوساوانی سەردەمەکانی کۆمەڵگەی چینایەتی بووە.

<u>لەبەرئەوەی ئەو چەوسانەوەیە کەس هاوێر ناکا بۆیە کۆششکردن بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوەیی و نیشتیمانیی ئەرکی گشگیری هەموو کەسێکی کۆمەڵە جا کۆمونیست بێ یان نا ........ دیارە ئەوەش ئەوە ناگەیەنێ کە کۆمونیستەکان تا هەڵگیرسانی</u>

<u>شۆڕشی سۆشیالیستیی هیچ جۆرە کۆشش و هەڵوێستێکیان نەبێ و فەرامۆشی ئەو کێشەیە بکەن.. بەڵکە پێویستە هەردەم لە بەرخۆداندا بن و بە ڕێگەچارەی ڕۆشن و پەنجەدانان لەسەر هەڵە و کەموکوڕییەکان بزاقەکە بخەنە سەر ڕاستەڕێی خۆی و هەروا بە خستنەڕووی ڕێگەی ئاسانتر و گونجاوتر بۆرجواکان ناچار بکەن کێشەکە خێراتر و پێشکەوتووخوازانەتر بچێتە پێش و زۆرترین ماف و ئازادیی وەدەستبهێندرێن و نەهێڵن بۆ بەرژەوەندیی چەند سەرمایەدارێك دوا بخرێ و بازرگانی پێوەبکرێ و قوربانیدانی گەل بەفیڕۆ بچووێندرێ و دووچاری شکست بێ.. بەڵام هەرگیز کێشە چینایەتییەکە کە بوونیان بەندە بە کۆششکردن بۆ گەیشتن بە یەکسانیی - بە قوربانیی ئەو کێشە نەتەوەیی نیشتیمانییە ناکەن کە کێشەی هەموو چینەکانی کۆمەڵە.</u> ل 27

خۆم بە ناچار دەبینم، کە فرەتر لەمەڕ ئەم پرسە بنووسم، چونکە، ئەوەی کە نووسەر یا “کۆمونیزمی نوێ“ دەیکاتە ئەرکی گشت چینەکان، لەوانەش چینە بێدەسەڵات و بندەستەکان، هەمان ئایدیۆلۆجی ناسیونالسیتییە بۆ گەیشتن بە دەوڵەت. ئەگەر مەبەست لە ڕزگاربوون لە ستەم، دروستکردنی دەوڵەتی بۆرجوازی نەتەوەی داگیرکراوە، ئەوا هیچ ئەرکی کرێکاران و زەحمەتکیشان نییە، چونکە لەو دەوڵەتەشدا وەك دەوڵەتە داگیرگەرەکە دەچەوسێننەوە و بندەست دەبن. ئیدی ئەو دڵنیابوون و پاساو و بریاردانە بۆ قوربانیدانی تووێژە پڕۆلیتێرەکان بۆ بەسەروەربوونی بۆرجوازی نەتەوەی ژێردەست، لەکوێوە سەرچاوە دەگرێت؟

نووسەر بیەوێت یا نەیەوێت، ئەوەی کە لێرەدا ڕەخنەی لێ دەگرێت، هەر بەخۆیشی بانگەوازی بۆ دەکاتەوە. ئەویش جیاکردنەوەی دەستەبژێری کۆمونیستە لە چەوساوان و فرمانی بە سووتەمەنیبوونی کرێکاران و زەحمەتکیشان لە پێناو بەدەسەڵاتگەیستنی بۆژروازی دەدات، بەڵام کۆمونیستەکان لەوە ئاگادار دەکاتەوە، کە ئەوان ئەرکێکی دیکەیان هەیە، ئەویش ڕێنوێنی و ئامۆژگاری بۆرجوازی و ڕێنیشاندانییەتی و هاندانییەتی بە پێشکەوتنخوازی، کە ئەمەش خۆشباوەڕییە بە بۆرجوازی، کە بەرژەوەندی لە مانەوەی سیستەمی چینایەتیدایە. ئایا بەو پێوەرە (حزبی شیوعی عیراق) ئەو کۆمونیستە نوێیە نییە، کە نووسەر بانگەوازی بۆ دەکات. وەك دەزانین ئەو پارتە و ئەندامەکانی لە (عەبدولکریم قاسم) وە تا دوا کابینەی ینک و پدک، هەر ئەوە کاریان بووە و زۆیش بەدڵسۆزییەوە ئەنجامیان داوە.

لێرەدا نووسەر وەك مارکسیستەکانی پێش خۆی تەنیا باوەڕی بەوە نییە، کە کرێکاران و چین و توێژە پرۆلیتێرەکانی دیکە پێویستیان بە مامۆستایی کۆمونیستەکان و فریادڕەسی ئەوان هەیە، بەڵکو ئەرکی ڕێنیشاندان و تەتەری بۆ بۆرجواکانیش بە کۆمونیستەکان دەسپێرێت.

<u>زۆرترین ماف و ئازادیی وەدەستبهێندرێن و نەهێڵن بۆ بەرژەوەندیی چەند سەرمایەدارێك دوا بخرێ و بازرگانی پێوەبکرێ و قوربانیدانی گەل بەفیڕۆ بچووێندرێ و دووچاری شکست ببێ.. بەڵام هەرگیز کێشە چینایەتییەکە کە بوونیان</u>

بەندە بە کۆششکردن بۆ گەیشتن بە یەکسانیی - بە قوربانی ئەو کێشە نەتەوەیی نیشتیمانییە ناکەن کە کێشەی هەموو چینەکانی کۆمەڵە. ل 27

نووسەر دەخوازێت ئەم بۆچوونە لە چ خانەیەکدا ڕیز بکات؟ ئایا چ جیاوازی لەتەك بۆچوونی ڕۆژنامە بۆرجوازییەکانی وەك هاووڵاتی و ئاوێنە و کوردستانی نوێ و خەبات هەیە؟ هەروەها وەك وتەم بەشی دووەمی، چ جیاوزییەکی لەتەك پەیڕەوپرۆگرامەکەی (کۆڕەك)ی هەڵوەشاوەدا هەیە؟

ڕێکخراوە پیشەیی و کۆمەڵایەتییەکان
هەمیشە بوونەتە ناوەندی کێشمەکێشی ناکۆکییەکانی نێوان چەوسێنەران و کۆنەپارێزان لە لایەك و چەوساوان و پێشکەوتووخوازان لە لایەکەی دی. ل 28

ئەم دەستەواژەیە زۆر بۆم ڕۆشن نەبوو؛ ئایا چەوسێنەران و کۆنەپارێزان ... چەوساوان و پێشکەوتنخوازان لەبەرامبەر یەکدان یا لە بەرەیەکدان؟

ئەگەر مەبەست باری دووەم بێت، ئەوا هاوڕام، بەڵام ئەگەر مەبەستی یەکەم بێت، ئەوا لەتەکیدا ناکۆك دەبم. چونکە کۆنەپارێزان، بۆخۆیان داردەستی چەوسێنەرانن و لە چەوسانەوە و بەهرەکێشیدا بەشدارن. لە بەرامبەریشدا هاوکیشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، چونکە پێشکەوتن فرەڕەهەندە و بوار و ئاستی جیاواز لە خۆدەگرێت. پیشکەوتن دەتوانێت دژی چەوساوان بێت و دەشتوانێت لە بەرژەوەندییان بێت، نموونە هەر بەردەبازێك، کە

بەهۆی پێشکەوتنی زانست و تەکنۆلۆژیاوە دێتەبوون و سەرمایەداری لە قەیرانێك ڕزگار دەکات، دەتوانێت و هۆکاری توندتربوونەوە و درێژبوونەوەی چەوسانەوە بێت.

بەگشتی بۆچوونەکانی نووسەرم لەم بارەوە لە لا پەسەندن. بەڵام هێشتاکە ناکۆکی لە تێروانینمان بۆ ڕۆڵ و ئەرکی ڕێکخراوەکان هەیە.
بەڵکە پێویستە لەو روانگەوە بیێ کە چەندەی کرێکاران مافە ئابوورییەکانیان وەدستبهێنن بەو ئەندازەیە گوزەرانیان باشتر دەبیێ و هۆشیارتر دەبنەوە و هاوکات کۆمەڵگەی مرۆڤیش بە گشتی بەرەو کۆتاییپێهێنانی چەوسانەوەی چینایەتیی تەکان پێ دەدەن. ل 30

بەڵکە پێویستە تەنیا - بە گفتار و بە کردار - پشتگیریی لەهەموو داواکاریی و خۆپیشاندان و مانگرتن و تێکڕای نارەزاتەتییەکانیان بکا بۆ چاکترکردنی باری کار و بەرەوپێشەوەبردنی باری گوزەران و پاراستنی ئاسایش و دەستکەوت و مافەکانیان. ل 30

نووسەر لەم دوو پەرەگرافەدا زۆر بەخێرایی بەلای ڕۆڵ و کارکرد و پێویستی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی چین و توێژە بندەستەکان تێدەپەڕێت. ئەویش وەك کۆمونیستە کلاسیکەکان و پاشڕەوانیان لە ئەوڕۆکەدا، پێیوایە، ئەو ڕێکخراوانە تەنیا بۆ بەدەستهێنانی هەندێك داخوازی ئابووریی و ڕامیاریی پێویستن و لەوە بەدواوە هیچی دیکە. بەڵام لە ڕوانگەی مندا ڕێکخراوە جەماوەرییە سەربەخۆکان، پێش هەموو شتێك فێرگەی چینایەتی و سەکۆی هۆشیاربوونەوەن و تاکی ئازادیخواز و یەکسانیخواز و

دادپەروەریخـوازبـۆ کـۆمەڵگەی ناچینـایەتی پەروەردە دەکەن و بەخۆشیان پێکهاتەی سەرەکی بەڕێوەبەرایەتی ئەو کۆمەڵگەیە پێکـدەهێنن، کـە خەبـاتی بـۆ دەکەن. ئەو ڕێکخراوانـە هەر لەم کۆمەڵگە چینـایەتییەدا ڕۆڵـی نموونەیەکی پێشنیارکراو لـە یەکـە پێکهێنەرە ئازادەکانی کۆمەڵگەی داهاتوو و نیشاندەری وێنـایەکی نمـوونەیین لـە کـۆمەڵگە هەرەوەزییـە ئازادەکـانی سـبەنێ و یەکگرتنـی ئازادانەی ڕێکخراوەکـان لـە فێدراسـیۆن و پێکهێنـانی کۆنفیدراسـیۆنە سەرتاسـەری و نێونەتەوەییەکـان و هەر لەم کـۆمەڵگەیەدا هەنگـاوی یەکەمـن بـۆ بەرەو کۆتاییپێهێنـانی ئەو دیـوار و کێشـە و ناکۆکییـانەی کـە چینـە دەسـەڵاتدارەکان بـۆ پاراسـتنی خۆیـان لەنێـوان هەرێمەکـان، کەمـە نەتەوە و نەتەوەکـان، ئایینەکـان، کولتوورەکـان، ڕەنگەکـان و نەژادەکـان دروستییان دەکەن. بۆیە دەبوو نووسەر هەروا لە خۆتێهەڵقورتان و دەستتێوەرداندا، سنووری لـە نێوان بۆچـوونی خـۆی و ڕێکخـراوە کۆمونیستە کلاسیکەکان کێشاوە، دەبوو لە نێوان ئەرکی ڕێکخـراوە ڕیفۆرمیسـتەکان و ئەرکـی ڕێکخـراوە سەربەخۆکانیشـدا سـنوورك بکێشێت.

<u>لەبارەی پرسی ڕێکخراوبوونی ژنانەوە.</u>

سەرەتا دەبێت ئەوە بزانین، کە کەس ناتوانێت کەس ڕزگـار بکـات و ئەوی ئەو پاگەنـدەیە بکـات، ئەوا دووبـارە تێڕوانینـی بۆلشـەڤیکەکان دەسـەپێنێتەوە، کـە پێیـانوابوو ئەوان [کۆمونیسـتەکان] کرێکـاران ڕزگـار دەکەن و لەبەر ئەوەش لـە خەبـات و لـە بەڕێوەبەرایەتیشـدا دەبنـە ڕابەر و مامۆسـتایان. چونکە ئەگەر پێمانوابێت توێژێك یا چینێك ڕێوشوێنی ئابووریی و

ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، ئەوا تەنیا بە یاخیبوون لەو ڕێوشوێنە دەتوانێت خۆی ڕزگار بکات و لەبەر ئەوەش کەس ناتوانێت لە ڕێوشوێنێکی دیکەوە، کەسێکی دیکە ڕزگار بکات. هەروەها بەو پێیەی کە کۆمونیستە کلاسیکەکان و کۆمونیستە نوێیەکان، باوەڕیان بە پێویستی هەبوونی ڕێکخراوی ڕامیاریی تایبەت بە خۆیان هەیە، ئەمە لە کاتێکدا کە کۆمونیستبوون وەك توێژێکی کۆمەڵایەتی پێگەی ئابووریی سەربەخۆ و نییە و ئەگەر مانگرن یا خۆیان جیاکەنەوە یا خۆیان ئاگر تێبەردەن، هیچ گۆڕان و فشارێك دروست ناکەن، بەڵام وەك هەر توێژێکی ڕۆشنبیر دەتوانن هۆشیارگەرەوە بن و بەس.

خۆ ئەگەر ئامانجی دەسەلاتخوازیی و مامۆستایی لە پشت خەونی پیاوانێکەوە، کە خۆیان بە یەکسانیخواز دەناسێنن نەبووایە، ئەوا وەها ڕێکخراوگەلێك [هەر ڕێخراوێکی ڕامیاریی] دەیانتوانی کۆڵەکەی خەباتی یەکسانیخوازی و پشتیوانی ژنان بن. بەڵام بەداخەوە ئەوەی هانی ئەو پیاوانە دەدات، کۆمیتەگەری پارتەکەیان و خەونی پلەوپایەگرتنە لەو ڕێکخراوانەدا، وەك ئەو ڕێکخراوانەی کە لە ئەوروپا و کوردستان بەنێوی ژنانی عیراقی و ئێرانی و کوردەوە دروست دەکرێن. هیچ جیاوازییەك لەنێوان ئەو ڕێکخراوانە و ڕێکخراوگەلێك کە ژنان بە ئامانجی دابڕیی هاوخەباتیی ژنان و پیاوان دروستیان دەکەن، نییە. چونکە لە هەردوو بارەکەدا ئامانجی دەستەبژێر دستەمۆکردنی (دۆمینەتکردنی) ژنانی ناڕازی و یەکسانیخوازە بۆ بەدەستهێنانی پلەوپایەی تاکە دەرکەوتووەکانی ئەو دەستەبژێرەیە و ئەوان ئەوەیان کردووە بە بنەما و هاندەری هەوڵەکەیان، کە ژنان بەخۆیان توانای ڕزگاربوون و بەدەستهێنانی ئازادی و

یەکسانییان نییە و پێویستییان بە مامۆستایی و فریادڕەسی ژنان و پیاوانی دەستەبژێر هەیە، ئەمە خاڵی هاوبەشی مارکسیستەکان و نیئۆلیبراڵەکانە لەمەڕ ڕۆڵی ڕێکخرابوون و توانای ڕزگاری چین و توێژەکان.

بۆیە بە بۆچوونی من، لەبارەی ژنانەوە ئەمە وانییە، چونکە ژنان؛ دایکن، نیوەی کرێکاران و مامۆستایان و فەرمانبەران و بێکاران و خانەنشینان و کەمئەندامان و خوێندکارانن و دەتوانن فشاری ئابووریی و ڕامیاریی و کۆمەڵایەتی دروست بکەن و نیوەکەی دیکە ناچار بە هاریکاری بکەن، چونکە ژنان پێکهاتەیەکی هزری و ئایدیۆلۆجی نین، بەڵکو ئەندامی چین و توێژەکانی کۆمەڵن و پێگەی کۆمەڵایەتی و قورسایی ئابوویی خۆیان هەیە و ڕێکخراوبوونیان لە ڕێکخراوەی جەماوەریی توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا لەسەر بنەمای یەکسانی ماف و ئەرك و ئازادی تاکەکەسیی، دەتوانێت ببێتە هۆی هەڵخڕاندنی بزاڤێکی کۆمەڵایەتی فرە بوار و گشتگیر، بەڵام ئەمە هیچ کات نابێتە هۆی ڕەتکردنەوەی ڕێکخراوەی پاگەندەیی ژنان بۆ گەشەپێدان و کۆمەڵایەتییکردنەوەی خۆهوشیاری ئازادی و یەکسانی لە ئاستی کۆمەڵگە و لە ناوەندی بزاڤی جەماوەریی توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا.

هەڵبەتە من دژی جیاکردنەوەی ژنان لە نێو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانیاندا، لە شوێنی کار و خوێندن و فەرمان و شوێنی ژیان دەوەستمەوە؛ هیچ کات لەتەك ئەوەدا نیم، کە ڕێکخراوی مامۆستایانی ژن، ڕێکخراوی کرێکارانی ژن لە بەشە پیشەسازییەکاندا، ڕێکخراوی ژنانی جوتیار، ڕێکخراوی ژنانی

خوێندکار یا کەمئەندام و خانەنشین و فەرمانبەر و بێکار دروست ببێت، چونکە کارێکی وا ڕۆڵی دژەشۆڕش دەگێرێت. لەتەك ئەوەدام ڕێکخراوی ژنانی خۆهۆشیارگەرەوە و پاگەندەگەر هەبێت، بەڵام وەك ڕێکخراوە ڕامیاریی و ڕۆشنبیرییە هیرارشییەکان نا. کاتێك هەر ڕێکخراوەیەك بەنێوی ژنانەوە، وەك ڕێکخراوە دژە-شۆڕشییەکانی ئێستا، وەك ڕێکخراوە پاشکۆکانی پارتە کۆمونیستەکان، وەك ڕێکخراوە زەردە میرییەکان، کە لە بری هاندانی ژنان بۆ ڕێکخراوبوون و چالاکبوون لە ڕێکخراوە پیشەیی و ئابوورییە جەماوەرییەکان، لە بری هاندانیان بۆ خەبات لە ناوەندی خێزان و خوێندگە و کارگە و فەرمانگە و ناچارکردنی نێرینەی هاوکار و هاوخێزانیان بە هاریکاری، ژنان بۆ دژەپیاوی و پارانەوە لە دەسەڵات و چاوەروانی لە نوێنەرانی بۆرجوازی و دەنگدان هان بدەن، ئەوا بە بۆچوونی من دژایەتی وەها ڕێکخراوگەلێك بەشێکی جیانەکراوە دەبێت لە خەبات لە دژی گشتێتی باری یاسایی و کۆمەڵایەتی و کولتووریی نایەکسانانەی ژنان و ئەو ڕێکخراوانە دەچنە خانەی ڕێکخراوە زەردەکانەوە، لەوانە بۆرجوا-فێمینیستەکانی کوردستان، کە هەنووکە ژنان بە دێمۆکراسی بۆرجوازی و دەوڵەتی نەتەوەیی و چارەسەری یاسایی و یەکسانکردنی ژنان لەتەك پیاوان[ یەکسانی لە کۆیلەتیدا] و بە بەدەسەلاتگەیشتنی ژنانێکی دەستەبژێر وەك نوێنەرانی ژنان، خۆشباوەڕ دەکەن.

وەك وتم ڕێکخراوی هەڵخڕێنەر و هوشیارییبەخشی ژنان، یەکێکە لە پێداویستییە هەنووکەییەکانی کۆمەڵگە، بەڵام بە تێڕوانینی فێمینزمی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێڕ، کە ئاراستەی بنەبرکردنی ستەم و هەڵاواردنی ژنانە، نەك بەکاربردنی خەباتی ئازادیخوازانە و

یەکسانیخوازانەی ژنان بۆ پچڕینی دەسەڵات بۆ دەستەبژێرێك لە ژنان، کە هیچیان لە دەسەڵاتداری ملهوڕانەیی پیاوان کەمتر نییە و ناشبێت!

## ژنان و کۆمونیزم

بەداخەوە، ئەوەی کە تائێستا پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لە بواری پەیبردن بە ڕازەکانی کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا پێیگەیشتووە، تەنیا کۆمەڵێك خەیاڵن و هیچی دیکە. ئەگەر باوەڕمان بەوە هەبێت هوشیاری مرۆڤ لە ئەمڕۆدا لە هی سەدەیەك پێشتر بالاتر بێت، ئەوا بەدڵنیاییەوە مرۆڤی ئەوڕۆکە لە ڕووی تێگەیشتن و مرۆڤدۆستی و تەبایی و پێکەوەگونجان و لەیەك نزیکبوونەوەوە، لە مرۆڤی سەرەتایی و سەردەمەکانی پێشووتر لەپێشتر دەبێت. دەکرێت هەندێك خێڵ و گوند و ناوچە لە هەندێك ناوچەی دیکە لەنێوان خۆیاندا مرۆڤانەتر و ئاشتیخوازانەتر و یەکسانانەتر و ئازادانەتر ژیابن، بەڵام هیچ کات لە بەرامبەر ئەوانی دەرەوەی خۆیاندا وەها ڕەفتاریان نەکردووە و بەڵکو هەستییان بە مەترسی کردووە. چونکە مرۆڤ لە ڕووی هوشیاری و دەرکەوە فرە لە ئاژەڵەکانی دەوروبەری جیاواز نەبووە و تەنانەت لە قسەکردن و جوڵە و خواردن و سێکس و پەیوەندی و ڕووبەڕووبوونەوە و جەنگەکاندا لاسایی تەواوی ئاژەڵەکانی کردووەتەوە. کاتێك مرۆڤ لاساییگەرەوەی ئاژەڵ بووبێت، بەو جۆرەی کە هێشتاکە کۆمەڵێك لەو لاساییانەمان تێداماوە؛ وەك گۆشخواردن و ڕاوکردن و جەنگ و پەلاماردان و خۆپۆلێنکردن بەسەر بنەماڵە و خێڵ و نەتەوەی جیاوازدا، قسەکردن لە کۆمونەیی ژیان زیادەڕەوییە. لەبەر ئەم هۆیانە من ناتوانم ئەو بۆچوونانە لەمەڕ کۆمەڵگەی

سەرەتایی، کە جۆرێك لە کۆمەڵگەی ئازاد و یەکسان بووبێت، بەهەند وەربگرم. لێرەدا ناچارم بگەرێمەوە سەر تێزی دونیاییکردنی بەهەشت لەلایەن مارکسیستەکانەوە، کە لە ئایینەکان و ئەفسانەکاندا مرۆڤ لە بەهەشت دەردەکرێت و بۆ گەرانەوەی پێویستی بە گوێرایەڵی خوا و پەیامبەرانی هەیە و دواجار دەگەرێتەوە بەهەشت، ئەو گەرانەوەش کردەوەی پەرستیارەکە دیاری دەکات و لەسەر دووریانێکە، ئەگەر گوێرایەڵ بێت، بەرەوە بەهەشت دەڕوات و ئەگەر سەرپێچی بکات، بەرەو دۆزەخ دەچێت.

ئایا ئەفسانەی کۆمونەی سەرەتایی و سەرهەڵدانی کۆمەڵگەی چینایەتی بەهۆی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانەوە و دواجار بە پاشڕەوی ئایدیۆلۆجیایەکی وەك مارکسیستی بەرەو بەهەشت دەگەرێتەوە، هەمان ئەفسانەی خواردنی سێوەکە و دەرکران لە بەهەشت و دواجار گەڕانەوە بە پەیڕەوکردنی ئایینەکان و پاکبوونەوە لە خراپییەکان، نییە؟

من پێموایە، بەر لە سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنان، خێڵ و گروپەکان پێکهاتەی هیرارشییان تێدابووە و جیاوازی لەنێوان پیاو و ژن و پیر و منداڵ و بەهێز و بێهێز، هەبووە و خاوەنداریێتییان هەبووە و ئەگەر گروپێکی دیکە لە بەری درەختەکانی ئەوانی خواردبێت یا لەناوچەی ئەواندا ڕاوی کردبێت یا ویستبێتی بژێت و نیشتەجێ بێت، بەدڵنیاییەوە بەرییان پێگرتوون و کوشتوویانن و لەناونیان بردوون، هەروەها خێڵ و گروپی نانیشتەجێ بۆ بەدەستهێنانی شوێنی باشتر و گونجاوتر وەك داگیرکاری نوێ ، پەلاماری ناوچەکانی دیکەیان

داوه و بــه كوشــتن و پاكتــاوكردنی دانیشــتوانەكەیان، داگیریــان كردوون.

ئینجـا لـەوەهـا بارێكـدا چۆن دەكرێـت ڕێوشـوێنی ژنـان لـە ئێسـتا باشتر بووبێت؟ لە كاتێكدا پیاوانی گروپ لە ڕاو و كوشتوكوشـتاردا بــووبن و ژنــان و منــاڵان لـەئـەشـكـەوت و هـەوار و كۆڵیتـەكانیانــدا مــابنـەوه و بـەر هێرشــی ئـەوانــی دیكــه كـەوتبـن؟ بــه دڵنیــاییـیەوه، ئـەتكـردن و دزینــی ژنــان و كوشـتن و كۆیلـەكردنیـان هـەر لـەو بـەره بـەرەیانـەوه دەست پێدەكات، كـه هیشـتا مرۆڤ گونـد و كێڵگـەكـانـی دروســت نـەكردبــوون. بـەدڵنــاییەوه وێنـەكــانی سێكســیزم لـــه ئـەوڕۆكـەدا، درێژبوونـەوەی وێنـەكانی ئـەوكـاتن و بـه سوودوەرگرتن لــە تـەكنۆلۆژیـا ڕازێنـراونـەتـەوه. هـەر بـۆیـه هیــچ بـەڵگـەیـەك بـەدی نــاكـەم، كــه قۆناخێـك بـەنێـوی دایكسـالاری یـا بـەهـەشتی ژنــان، هـەبــووبێت. وەك وتــم، دەكرێــت لـەنــاو هـەنــدێك كــۆمـەڵی زوو نیشـتـەجێبوودا ڕێوشـوێنی ژنــان لــه سـایەی تـەبـایی و ئـارامــی و یـەكسـانی ڕێژەیـی تاكـەكـانی نێو كۆمـەڵـەكـەیـان، لـه ڕێوشـوێنێكی باشــتر بـەهرەمـەنـد بــووبن، كــه لــه كــۆن و ئـەمڕۆشـدا جیــاوازی ڕێوشـوێنی ژنـان تـەنـانـەت لـه ناوچـەكـانی كوردستانیشـدا بـەدەی دەكـەین، بـەڵام هیچ كـات ئـەو خۆهوشـیارییەی كـه ئـەوڕۆكـه لـەمـەڕ یـەكسانی ڕەگـەزەكانـەوه هـەیە، لـه ئارادا نـەبـووه و ژنــان بـەگشـتی ژێردەسـت و قوربــانی بــوون. هـەروا كــه نــاتوانین بڵێیــن هـەمــوو ناوچـەكــان بــه سـەردەمی كـۆیلـەتی یـا خێڵایـەتیـدا تێپـەڕیـوون، هـەرواش نــاتوانین بڵێیــن كــه لــه هـەمــوو ناوچـەكانــدا هـەمــوو كۆمـەڵگـەكان ژنسالار، پیاوسالار یا مرۆڤسالار [ یەكسان] بوون. بـەو پێیـەش نـاتوانین چـەنـد سـەد سـالێك یـا چـەنـد هـەزار سـالێك نێـو بنێیـن ژنسـالاری، كـۆیلایـەتی، فیـودالیزم، سـەرمایـەداری... . بـەڵام

دەتوانین بڵێین، ئەو ناوچانەی کە بە سیستەمبەندی کۆیلایەتی و خێلایەتیدا تێنەپەڕیوون، بەڕادەیەك ژنان لە چاو ناوچە خێڵەکییەکان ئازادتر و یەکسانتر بوون، بەڵگەش بۆ ئەمە، دەتوانن سەرنج بدەینە ئاماری کوشتنی ژنان [لە ناوەڕاستی سەدەی ڕابوردووەوە تا ئەمڕۆ] لەسەر ئەوینداری و سێکس [ئەوەی پێی دەڵێن پاراستنی شەرەف و ناموس] لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمی باشووری کوردستاندا، ئامارەکان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن، لە کوێ خێڵ بەهێز بێت، کوشتنی ژنان بەرچاو و ڕوو لەسەرە. لەم بارەوە بەپێچەوانەی لێکدانەوەی هەندێك نووسەری فێمینیست و کۆمونیستەوە، ناتوانین بڵێین لەلادێ ژن ژێردەستە و لە شار ئازاد و ناکوژرێت، بەڵکو هەم لە شارەکان و هەم لە لادێکاندا دیاردەی ژنکوشتن ئامادەیە، تەنیا دەتوانین جیاوازییەکە لە ئاستی ناوچەکاندا بەدی بکەین، ئەویش تایبەتمەندی خێڵەکیبوون و ناخێڵەکیبوون دیاری دەکات، نەك گوند و شار.

فەلسەفەی ماتریالیستیی بە پشتبەستن بە تێکڕای زانستەکانی مێژووی مرۆیی لە خوێندنەوەی مێژوو بە شێوەیەکی بابەتییانە سەلماندوویەتی کە ژنان بەر لە دروستبوونی کۆمەڵگەی چینایەتیی - سەردەمی کۆمەڵگە سەرەتاییەکان – بە هۆی ژنبوونیانەوە بە هیچ جۆرێك لە لایەن پیاوانەوە نەچەوسێندراونەتەوە.. چونکە ئەو دەم توانیویانە بە پێی پێویستییەکانی گوزەران و تێکڕای ژیان گشت ئەرکەکانی سەرشانی خۆیان رابپەڕێنن .. تەنانەت بۆ ماوەیەك دەسەڵات لە دەست ئەواندا بووە نەك پیاوان، ل 32

پرسیارێکی دیکە، ئەوەیە کە کۆمونیستەکان لەژێر هەژموونی بۆرجوا-فێمینیزم و دەسەڵاتخوازی سۆسیالیزمی مارکسدا هەروەك چۆن دەسەڵاتداری خۆیان بە دادپەروەرانەتر لە هی دژەکانیان دەزانن، هەرواش دەسەڵاتداری ژنان لە هی پیاوان باشتر دەزانن. ئەگینا جیاوازی لە نێوان ئەوەی ژن دەسەڵاتدار بێت یا پیاو، چییە؟ مەگەر بوونی دەسەلاتداری چین و توێژێك بەسەر ئەوانی دیکەدا نیشانەی چینایەتیبوونی کۆمەڵگە نییە؟ ئیتر ئەو کۆمونە سەرەتاییە، کە فیلۆسۆفی ماتریالیستی بە پشتبەستن بە زانستێك کە لەسەر گریمانە بنیاتنراوە، پشتی پێدەبەستێت، چاکی و دروستی لە کوێدایە کە ئێمە شەیدای ببین و بمانەوێت مرۆڤایەتی بەرەو ئەوێندەرێ وەبەر خۆمان بدەین؟

کاتێك کە لەو کۆمەڵانەدا ژنان سالار بووبن، کەواتە کەسانی ناسالاریش هەبوون، بەم جۆرە بوونی کەسانی ناسالایش بەڵگەی بوونی دوو چین و دەستەی دژ بەیەکە و لە درێژەی لۆجیکی وەها بیرکردنەوەیەکدا کەواتە پیاوسالاری بەرهەمی تۆڵەسەندنەوە و سەندەنەوەی دەسەڵاتە لە ژنان و قۆرخکردنییەتی لەلایەن پیاوانەوە. هەروەها شتێکی دیکەی ناڕۆشن، ڕۆشن نەکردنەوە و خۆنەدانی ئەو خاوەن تیئۆریانەیە لە بەرهەڵستی ژنان لە بەرامبەر بەدەسەڵاتگەیشتی پیاواندا و وانیشان دەدرێت کە وەك دۆزینەوەی ئاگر و بڵاوبوونەوە و بەکاربردنی، پیاوسالاریش زۆر ئاسایی وەك پێداویستییەك پەرەی سەندبێت. لەکاتێکدا هەم سەرهەڵدانی خاوەنداریێتی و کۆیلەکردنی ئەوانی دیکە و بێدەسەلاتکردنی ژنانیش، ناکرێت بەبێ جەنگ و کوشتار و نزا و سکاڵا ڕوویدابێت!

ئەو گریمانانەی یا ئەو شەیداییانەی کە کۆمونەیستەکانی سەدەی نۆزدە و پاشرەوانیان بۆ کۆمەڵگەیەك، کە نێوی کۆمونەی سەرەتاییان لێناوە، هەیانە، هەمان شەیداییە، کە چەپەکانی ئەوروپا و ئەمەریکا بۆ کۆمەڵگە خێلەکییەکانی لەمەڕ خۆمان هەیانە و ئەو شێوە کۆلێکتیڤیستییە لە ژیانی ئێمەدا هەیە و هەبووە، بە کۆمونیزم دەزانن و خۆزگەی بۆ دەخوازن، چونکە تاکگەرایی بۆرجوازی پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی وێرانکردوون و لەبەردەم دەسەلاتی چینە داراکاندا دۆشداماون و لەبری هەوڵدان بۆ گۆرینی پەیوەندییە ڕۆبۆتییەکانی تاك و جێگرتنەوەیان بە پەیوەندییە کۆمەلایەتییە پێویست و مرۆییەکان، خۆزگە بە ڕابوردوو واتە کۆمەڵگەکانی ئێمە، کە تاك تێیایاندا پاشڕەوە، دەخوازن.

سەرەتا بە هۆی بارگرانیی منداڵ بەرهەمهێنان و پێ لەکورتیدانی ژنان (دابەشبوونی سروشتییانەی کار) بە ناچاری هاتۆتە پێش؛ واتە ئەو کارانە بە ژنان سپێردران کە لە ماڵ یان شوێنی سادەی پشوودان و خەوتن و دەوروبەرەکەی هەبوون وەك بەخێوکردنی منداڵ و خواردن ئامادەکردن و کاری سادەی کشتوکاڵیی و ... هتد، کارەکانیتریش وەك بەدواداگەڕان و کۆکردنەوەی بەری دارودرەخت و گژوگیا و راوکردنی ئاژەلان و ... هتد بەر پیاوان کەوتن ل 32

پرسیار بۆچ کاری نێوماڵ و مناڵبەخێوکردن و چاوەڕوانمانەوەی ژنان لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا دابەشبوونی سروشتییانەی کار بێت، کەچی لە ئەورۆدا مانەوەی ژن لەناو ماڵ و مناڵبەخێوکردن

هەڵاواردن بێت؟ ئایا ئەوەی کە ئەو کات پیاوان کاری نێوماڵ و خواردن ئامادەکردنیان بە کاری خۆیان نەزانیوە، هەمان بیرکردنەوەیە نییە، کە ئەمڕۆکە هەیانە و ئەمەش بەڵگەی سێکسیستیبوونی کۆمەڵگە سەرەتاییەکانە و بەپۆزەتیڤ نیشاندانیان لە لایەن بیریانانی کۆمونیستەوە، خۆی بۆ خۆی ڕەوابینینی هەڵاواردنە!. هەورەها ئەگەر بیانوو ئەوەبێت، کە پیاوان ڕاو و پاسەوانییان کردووە، دەی ژنانیش ئەرکی لەوە سەختریان لەسەر شان بووە؛ کە هەڵگرتنی نۆ مانگەی کۆرپەلە لە زکیاندا بووە. کەواتە هیچ بیانوویەك نییە، کە سروشتیبوونی خواردندروستکردن و بەخێوکردنی منداڵ لەلایەن ژنانەوە پشتیوانی بکات و شانی پیاوانی لێ خاڵی بکات. هەروەك چۆن هیچ بیانوویەك نییە، کە ئەورۆکە پاساوی ئەوە بدات، ژنان کاری دەرەوەش بکەن و کاری نێوماڵیش هەر هی ژنان بێت!

ئەو کاردابەشکردنەش بووە هۆی بەهێزترکردنی بیروبازووی پیاوان لە هی ژنان، پاشان هەندێك کەس - لەنێو پیاوان - بەهۆی ئەو کارەیان و پتر گەشەسەندنی بیروبازوویان لە خەڵکانیتر بەرهەمی زیادە و کەرستە سەرەتاییەکانی کارکردنیان داگیرکرد و خۆیان کردە خاوەنیان .. (دابەشبوونی چینایەتییانەی کار) هاتەئارا؛ واتە کۆمەڵە خەڵکێکی کەم بوونە خاوەنکار و زۆربەی خەڵکیش کە نەیانتوانی ببنە خاوەنی هیچ شتێك زۆربەی کارەکانیان خرایە سەرشان و دەستکەوتی کارەکانیشیان لە لایەن خاوەندارەکانەوە زەوت دەکرا .. تەنانەت وای لێهات کەسێك ببێتە خاوەنی چەندان کەس و قۆناغی چەوسێنەری کۆیلەیی دەستپێبکا، لەو نێوەشدا ژنان بەهۆی ئەو بارەیان کە لە سەرەوە

ـاسكرا لـه ژێـر سـايـەی دەسـەڵاتی چەوسێنەرانەی چینـایـەتـی دەسەڵاتی پیاوسالاریان بەسەردا سەپێندرا. ل 32-33

بـە بۆچوونـی مـن ئـەمـە تـەنیـا بـڕوا بـەخۆهێنـانـە یـا خۆرازیکردنـە بـەوەی کـە توانیبێتمان وەڵامـی لاوازییـەکانـی ئـەو تێزانـە بـدەینـەوە. یـەکـەم ئـەگـەر بـەوە بووایـە، دەبـوو هـەردەم کرێکـاران، کـە بـە هـۆی کـــارەوە لـــە خاوەنکارەکـــان لـــە ڕووی بـــازووەوە بـەهێزتـــرن، بیانتوانیـــانـە وەچـــە دوای وەچـــە خاوەنـــدار و دەســـەڵاتدار بـــن. هـەروەها بـە بۆچوونـی مـن، بـوونـی جیـاوازی هـەر لـە خێـڵ و گـروپـە سـەرەتـاییـەکانـی یـەکـەمـدا هـەبـووە و ئـەوەش هـەم بـەهێـزی جـەسـتـە (هـەنـدێك پیـاوان) و هـەم بـەهێـزی مێشکیان (هـەنـدێك لـە ژنـان و پیـــاوان) ڕێوشـــوێنی بـــانتری پێبـەخشـــیوون و ئـەفســـانـەکان و ئاییـنـەکـان کـە بۆخـۆیـان دایـانـهێنـاون، بـەرهـەمـی بـەهێـزی مێشکی کـەمـایـەتییـەك و زاڵبـوونـی هێنـدیك بـە سـەر هێنـدێکی دیکـەدا لـە جـەنگـــە نـەبڕاوەکانـــدا، بـــوون و لـەو ڕێگـەوە ســـەروەر و بنـدەســـت دروست بوون و لـەتـەك ڕەوتـی دۆزینـەوەی کشـتوکاڵ و بـەرهـەهێنـان و گـەشـەی ڕێکخستن و پاراستنـی کۆمـەڵگـەکان، چینـی بـاڵادەست، لـە خێـــزان و خێڵـەوە گـــۆڕاوە بـــۆ میرایـەتـــی و بـەو جـــۆرەی ئـەمـــڕۆ گـەیشـتووە. بـەکـورتـی چـەوسـانـەوە و سـتـەم بـە سـوودوەرگرتن لـە نـاخۆهوشیـاری و کـەم دەرکـی و لاوازی ئـەندامـانـی دیکـەی گـروپـەکـان لـــە منـدالّـدانـی گـروپـە ســـەرەتـاییـەکانـدا ســـەریـهـەڵداوە و جـەنـگ و پاکتـاوکردنـەکانیش وەك گـەشـەی ئـەو پـاوانخوازییـە سـەریـاهـەڵداوە و پـەنـایـان بۆ براوە و بـاوکسالاری هـەر هـەبووە و مرۆڤسالاری تـەنیـا لـەو نـاوچـانـەدا هـەبـووە، کـــە ئـەوڕۆکـــە شـوێنـەواری مـاوە و ژنـان ڕێوشوێنی باشتریان هـەیـە یـا هـاوتـایـی و بـەڕێزیـی هـەر یـەکـە لـەو

شوێنانەدا هەبووە، کە بە سەردەمی خێڵایەتیدا تێنەپەڕیوون و لە کوردستانی خۆشماندا شوێنەواری لە هەندێك ناوچەی زوو نیشەجێبوودا هەیە. لەم بارەوە دەتوانین بگەڕێینەوە سەر لێکۆڵینەوەکەی خاتوو مارگەرێت مێد (Margaret Mead) بە نێوی سروشتی مرۆڤ و دەسەلاتی کەڵچەر (Human Nature and tjhe Power of culture), کە تێیدا بە بەراوردی سێ کۆمەڵگەی سەرەتایی (Arapesh , Mundugumor , Tchambuli) لە هەرێمی (Papua Niugini) جیاوازی ڕێوشوێنی ژنان و پیاوانی لەو کۆمەڵگەیاندا نیشان داوە.

<u>دیارە تا چەوسانەوەی چینایەتییش مابێ رزگاریان نابێ .. چونکە چەوسانەوەی ئەوان لە پەیدابوونی چینەکان و چەوسانەوەی چینایەتیی سەرچاوەی گرتووە، هەر بەو پێیەش کە کۆمونیزم هزری رزگاریی مرۆڤە و ئەو رزگارییەش بە لابردنی چەوسانەوەی چینایەتیی و دامەزرانی کۆمەڵێکی بێ چین دەستپێدەکا هەر جۆرە دەسەڵاتێك کە لەسەر بنچینەی چەوسانەوەی چینایەتیی پەیدا بووە - وەك دەسەڵاتی پیاوسالاریی - بەرەو مەرگ رادەماڵێ .. کەواتە کۆمونیزم تاکە رزگارکەری یەکجارەکییە بۆ ژنانیش.</u> ل 33

لێرەدا ئەگەر بە لەبەرچاوگرتنی پێشینەی هزری کۆمونیستی و ئەوەش کە لێرەدا روون نەکراوەتەوە، کۆمونیستەکان ڕزگارگەری ژنانن، دەبێت هیوایان بەوە ببەستنەوە، کە ڕۆژگارێك فریادڕەسەکانیان ڕزگاریان بکەن. دیسانەوە ئەمە پێچەوانەی ئایدیای خۆڕزگارگەری تاکە وەك بەرهەمی خودهوشیاری لە

خەباتی یەگرتووی هاوجۆرەکانیدا. بە بۆچوونی من، هەروەك شۆڕش خاڵێکی دیاریکرا و کاتژێریێکی دانراو نییە، ڕزگاریش سەردەمێك نییە، کە سەرکەوتنی دەستەبژێریێکی کۆمونیست سنوورەکەی لە سەردەمی کۆیلەتییان لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا دیار بکات. بەڵکو بە پێچەوانەوە پرۆسێسێکی مێژوویی و ڕەوتێکی درێژماوەیە و بەو ڕادەیەی ژنان خۆهوشیار دەبنەوە و جەنگی ئازادبوون و یەکسانبوون و دادپەروەری دەکەن، بەو رادە ڕزگاریان دەبێت. منیش پێموایە لە کۆمەڵگەی چینایەتیدا مرۆڤ بە گشتی بە ئازادی و یەکسانی و دادپەروەی یەکجاری یا تەواو ناگات، بەڵام ئەمڕۆ بەردی بناخەی سبەێنێیە و ئەگەر ئەمڕۆ ئەو بەردە دانەنێین، دیواری سبەنینێ وشکەکەڵەك و بێبناخە دەردەچێت و وەك ئیمپراتۆرییەکی بۆلشەڤیزم لە ناوەوەرا دادڕمێت.

هەروەها وێناندنی چەوسانەوەی ژنان بە هاوکێشەیەك، کە لەلایەکی ژنان وەستاون و خوێنیان لێ دەتکێت و لەلاکەی دیکەوە پیاوان بە چەقۆ و قامچییەوە پەلاماری ژنان دەدەن، بۆچوونی بۆرجوا-فێمینیستەکانە. بە بۆچوونی من چەوسانەوەی ژنان بەشێکە لە پێکهاتەی کولتوور و سەرخانی کۆمەڵگە و سیستەمی چینایەتی بۆ پایەدارمانەوەی خۆی دەیپارێزیت و ئەگەر بەرگری ژنان و پیاوانی ئازادیخواز لە ئارادا نەبێت، ئەوا لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکانیشدا هەرئاوا کە ڕۆژانە نیئۆلیبراڵەکان خەریکن دەستکەوتە ڕامیاریی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی نیوە سەدەی ڕابوردوو لە تاکە بندستەکان دەسێننەوە، هەرواش وەك کوردستان زۆر بە ئاسایی و ئارامی و بێ بەرەنگاری یاسای چەند ژنە پیادە

دەکەنەوە، هەرچەندە لە ئەوروپا لە ڕووی بازرگانی سێسکییەوە، واتە کۆیلەتی هاوچەرخی ژنانەوە، پیاوانی دەوڵەتمەند زیاتر لە چوارژنی بەردەست و یار و هاوسەر و هادەمی سێکسی و نۆکەریان هەیە و نموونەش دەتوانن سەرنجی فیلمە دۆکومێنتەرییەکان لەسەر چۆنیەتی ژیانی ملیۆنێر و ملیاردلێرەکان لە دوورگە و میوانخانە پێنج ئەستێرەکاندا، بدەین و ببینین کە چۆن کۆشکی سەرمایەداران وەك حەرەمسەرانی کۆیلەداران و پاشاکان لە ژنانی سێکسفرۆش و کەسایەتی شکاو جمەیان دێ. هاوکات هەروەك پیاوان لە ژێر هەژموونی بیری زاڵی چینەداراکان و کولتوور و یاساکاندا دەبنە کوتکی دەستی سیستەمەکە، هەرواش ژنانیش خراپتر ئەو ڕۆڵە دژەشۆرشییە دەبینن؛ بۆ نموونە ئەگەر ژنان خۆیان بە خەتەکردنی خۆیان هەڵنەستن، ئەوا ڕێسا کۆمەڵایەتییەکان هیچ ڕێگە بە پیاوان نادەن، تا کولەگوێزانی ڕدێنتاشینەکەیان بەدەستەوە بگرن و کچ و خوشکی خۆیان خەتەنە بکەن، هەرواش ئامادە نین، ئەو کارەش بە پیاوانی دیکە بسپێرێن. ئایا چی ڕێگری ئەوە دەکات، کە ژنان ئەو کارە [یاخیبوون لەو ڕێسا کولتوورییە] نەکەن و دایکان و خوشکان و ژنانی دیکە قسەی لەسەر نەکەن؟ ئایا پیاوی سێکس نەدیتووی کورد دەتوانێت شەوی هاوسەری ئەوە دیاری بکات، کە کچ خەتەنە کراوە یا نا؟ ئەگەر بشتوانێت، ئەوا بوونی ئەو پارچەیە بۆ خودی پیاو هێندە بەسوودە، کە ئامادە نییە، چیدیکە بیبڕێت! ئەی بۆ ژنان یاخی نابن و هەوڵنادەن، کە نەیکەن؟ بە بۆچوونی من ئەوەندەی ژنان کوتەك و بزوێنەری ناموسپەرستی پیاون، خودی پیاوان نین. هەروەها ئەوە باوك نییە، کە ئارەزوومەندی کوشتنی کیژۆڵەکەی بێت، بەڵکو ئەوە ڕێسای خێڵ و دەسەڵاتی

کوڵتووری دواکەوتووانەی نەتەوە (خێڵە یەکگرتووەکان)یە، کە وا لە باوك و برا دەکات، کیژۆڵەکەی وەك مامرێك سەرببڕێت.

بە بۆچوونی من، ئەو بۆچوونانەی نووسەر تەنانەت جێی ڕەخنەی کۆمونیستەکانیش دەبن، کە پیاوان بە چەوسێنەری ژنان بزانێت. چونکە پیاوان هەروەك ژنان لە سیستەمەکدا ڕۆڵی پۆلیس و سەربازانێك دەبینن، کە هاوچین و هاوجۆرەکانی خۆیان خەڵتانی خوێن دەکەن. ئایا لەبەر بەرژەوەندی و ئازادی خۆیانەوە ئەوە دەکەن یا لەبەر دەستەمۆبوون و دەستبەسەرییان لەلایەن دەسەلاتی کولتوور و سەروەری چینە داراکانەوە؟

ئەمە هەمان بۆچوونە کە هەموو کرێکاران بە شۆڕشگێڕ دادەنێت، ئەوە لەبەرچاو ناگرێت، کە بەهەمان شێوە کرێکارانی کارخانەکانی چەکسازی و تەقەمەنی وەك ژنانێك کە کیژۆڵەکانیان خەتەنە دەکەن، چەك و تەقەمەنی کوشتنی بۆ هاوچینەکانیان بەرهەمدێنن! ئەگەر بە وردی سەرنجی چەندێتی لۆجیکبوونی ئەم بۆچوونە بدەین، دەبین، ئەوە لەبیر دەکات، کە بە هەمان شێوە کە سەروەری چینایەتی لەسەر زەمینەی ملدانی زۆرینەی ژێردەستان [بە نموونە کرێکاران] بە کۆیلایەتی، خۆی ڕاگرتووە، پلەچەندی و نایەکسانی ژنان یا بەدیوەکەی دیکەیدا جێکەوتەیی ڕێسای باوکسالاری بەملدانی زۆرینەی ژنانەوە پەیوەندە، هەر بەو جۆرەی کە هەموو ژێردەستان ناهوشیار و پارێزەری سیستەمی سەرمایەداری نین، هەرواش هەموو پیاوان هەڵگر و پارێزەری ڕێسای باوکسالاری نین و دانانی هەموو پیاوان وەك دوژمنانی ژنان، ئاو بە ئاشی بۆرجوا-فێمینیزمدا دەکات و

هەموو گشتگیرکردنێك سەری لە کۆنەپارێزییەوە دەردەچێت.

هەرچەندە بزاڤی کۆمونیستی رابردوو لە سەراسەری جیهان لە یەکەم هەنگاویدا کێشەی ژنانی بە کێشەیەکی گرنگی خۆی زانیووە و لە گۆڕەپانی خەباتیشدا دەستکەوتی زۆر مەزنی لە یەکسانییکردنی ژنان بە پیاوان وەدەستهێناوە بەڵام هەروەك لە زۆر لایەنیدی دووچاری لادان و شکست بۆتەوە لە پرسی ژنانیش کۆمەڵێك هەڵە و کەموکوڕیی و تێڕوانینی نادروستی هەبووە و کە گرنگترینیان ئەوانەی خوارەوەن: ل 33

بەداخەوە ئەمە وانییە و کۆمونیستەکان لەنێو سۆشیالیستەکاندا دەتوانم بڵێم ئەگەر دواهەمین باڵ نەبن یەکەمین باڵ نین، کە لایان لە پرسی ڕزگاری ژنان کردووەتەوە. ئەگەر بەراوردی تێڕوانینی چارلز فۆریە (François Marie Charles Fourier) و کارل مارکس لەمەر ژنان بکەین، کە مارکس، ئەو (چارلز فۆریە) بە خەیاڵی و نازانستی و وردەبۆرجوایی و دواکەوتوویی تۆمەتباری دەکات، بە فەرسەخ لە پێش (کارل مارکس)ەوە دەرکی بە ڕۆڵی ئازادی ژن لە گەیشتن بە سۆشیالیزمدا کردووە. بە کردەوەش شۆرشێك (شۆڕشی ئۆکتۆبەر) کە چەخماخەکەی مانگرتنی ژنان و خۆپیشاندانی ژنان بوو لە فێبریوەری 1917دا، لە ڕوسیەی بۆلشەڤیکیدا گۆڕانێکی وەها بەسەر ژیانیاندا نەهات و وەك هاوڕێ پیاوەکانیان هەر ڕێوشوینی کۆیلانەیان بەرکەوتەوە. ئەگەر پاش 70 ساڵ ئیمپراتۆری بۆلشەڤیکەکان، سەرنجی ڕێوشوێنی کۆمەڵایەتی ژنان بدەین، دەبینن ئەوە تەنیا پاگەندە بووە و هیچی دیکە. ئەگەر پاگەندە نەبووایە، ئەوا

لایەنی کەم ژنانی بلۆکی ئەوروپای خۆرهەلاتی کەمتر لە ژنانی ئەوروپای خۆراوا، ملیان بە لەشفرۆشی و پلەدووی و کۆیلەتی سیکسی دەدا و لە ئەمڕۆشدا پاشماوەی ئەو ئازادییە کەسییە دەبینرا. بەپێچەوانەوە ئەوەی من لە پەیوەندی نێوان هاوسەرە ڕوسەکانی ئەوروپادا دەیبینم، هەمان ڕۆڵی ژن و پیاوی خۆرهەلاتییە و کۆیلەتی سێکسی یا جێندەری لەناو ژنانی بلۆکی بەناو سۆشیالیستی جاراندا فرەتر جێکەوتە و بە خێرایی پەرەی سەند لەچاو ولاتانی دیکە. لەم بارەوە سەرنجی خوێنەران بۆ فیلمە بەڵگەنامەییەکان لەمەڕ کۆیلەتی هاوچەرخ و کۆیلەتی سێکسی، کە بەرچاوترین دیاردەی پەرەسەندووی ناو ئەو وڵاتانەیە، ڕادەکێشم.

ئەوەتا نووسەر خۆی دان بەوەدا دەنێت، کە

<u>1- تێڕوانین بۆ هەر کێشەیەک بەتایبەتیش بۆ کێشەی ژنان پتر تێڕوانینێکی پیاوانە بووە.</u>

پاشان نووسەر دەلێت:

<u>٢- بەستنەوەی چارەسەرکردنی کێشەی ژنان بە هەڵگیرساندنی شۆڕشی سۆشیالیستیی بە جۆرێك بووە کە زۆر جار جوولاندن و بردنەپێشەوەی کێشەکە لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی سەرمایەداریی فەرامۆش بکرێ و بۆ کاتیتر هەڵبگیردرێ.</u>

هەر ئەوەی کە نووسەر بەخۆی لێرەدا ڕەخنەی لێدەگرێت، کەچی پەرەگرافێك پێشتر پێی لەسەر داگرتووە.

هەر بەو پێیەش کە کۆمونیزم هێزی رزگاریی مرۆڤە و ئەو رزگارییەش بە لابردنی چەوسانەوەی چینایەتیی و دامەزرانی کۆمەڵێکی بێ چین دەستپێدەکا هەر جۆرە دەسەڵاتێك کە لەسەر بنچینەی چەوسانەوەی چینایەتیی پەیدا بووە - وەك دەسەڵاتی پیاوسالاریی - بەرەو مەرگ رادەماڵێ .. کەواتە کۆمونیزم تاکە رزگارکەری یەکجارەکییە بۆ ژنان. ل 33

بەڵام ئەگەر پرسەکانی وەك نەژادپەرستی و هەڵاواردنی ڕەگەزی (سێکسیزم) و ستەمی نەتەوەیی و سەرکوتی ئایینی، بێجگە لە پرسی سەروەری مرۆڤ بەسەر مرۆڤەوە، سەرنج بدەین، دەبینین، کە هەر لەم سیستەمەدا شیاوی چارەسەرکردنن، بەمەرجێك هێزە ئازادیخوازەکان هەمەلایەنە (ڕامیاریی، ئابووریی و کۆمەڵایەتیی؛ کولتووریی، هونەریی، ئەدەبیی ورۆشنبیریی) خەبات بۆ لەناوبردنی ڕەگوڕیشەکانیان بکەن. ئەمە شیاوی جێبەجێکردنە، چونکە سیستەمی سەرمایەداری لەپێناو مانەوەی خۆیدا ئامادەیە دەست لە هەندێك شت هەڵگرێت و هەندێك ڕیفۆرم بکات، لە کۆمەڵگە مرۆییەکانی سەر ئەم گۆی زەمینەدا لە سەردەم و شوێنی جیاوازدا ئەمە بەدی دەکەین، بەکورتی هەم ئاڵوگۆر لە ناوەوەی سیستەمەکە ئەگەری ڕوودانی هەیە و هەم وەها گۆڕانێك پابەندی بوونی هێزی کۆمەڵایەتییە بۆ سەپاندنی ئەو خواستانە، واتە هێزگرتن و کۆمەڵایەتیبوونەوەی ئەو گۆرانە لە جێگیربوونی کولتووریی و بوونەبەش لە دەسەڵاتی کولتوورییەکاندا. چونکە هیچ شتێك بەبێ بوونە بەشێك لە کولتوور ناتوانێت کۆمەڵایەتیی بێتەوە و درێژە بە مانەوە و پەرەسەندنی بدات. ئەم یاسایە دەسەلاتیش دەگرێتەوە، چونکە ئەگەر دەسەڵاتەکان بنەمای

کولتووریـــــان نەبێـــت، هیـــچ کـــات لەبەردەم نـــارەزایەتییە کۆمەڵایەتییەکانـدا خۆیـان نـاگرن و هێزێکـی کـۆمەڵایەتیش بـۆ پشتیوانی و پاراستنیان پەیدا نابێت.

<u>٥- نەبـــوونی ڕێکخراوێکـــی دوور لەبەرژەوەنـــدیی سیاســـەتێکی دیارکراو کە لە ژنـان و پیـاوانی یەکسانییخواز پێکهـاتبێ و تەنیـا ئامـانجی وەدەستهێنانی مافەکـانی ژنـان و یەکسانییکردنیان بـێ بە پیاوان.</u> ل 34

ئەم خـاڵە، کـە پێشـتریش لەسـەری دوایـن، بـە بۆچـوونی مـن، ئەڵتەرنـاتیڤی گونجـاو و دروسـت نییـە. چـونکە ئەگەر پیـاوانی ئازادیخـــواز و یەکســـانیخواز و دادپەروەیخـــواز، خوازیـــاری هاوخەبـاتی ژنـــان بکەن، ئەوا پێویســتییان بـــە ڕێکخراوێکـــی سەرووجەماوەری نییە، بەڵکو لە ڕێکخـراوە جەمـاوەری و سـەندیکا و ئەنجـوومەنە پیشـەییەکاندا دەتـوانن پـێ لەسـەر ئازادی و یەکسانی ژنان لەتەك خۆیان دابگرن. کەواتـە ئەوەی کـە نووسـەر دەیکـاتە ئەلتەرنـاتیڤی ڕێکخـراوی خۆهۆشـیارگەریی سـەربەخۆی ژنان، یەکەم پایەی ئابووریی و کۆمەڵایەتیی نییـە، دووەم کـارایی نییـە، چـونکە نـاتوانێت فشـاری ئابـووری وەك مـانگرتنی گشـتی و لۆکـــاڵی دروســـت بکـــات، ســـێیەم بـــۆ کۆمەلایەتیبـــوونەوەی شـیرازەیەکی کـۆمەڵایەتیی نییـە، وەهـا ڕێکخراوێك و لەباشـترین بـاردا دەبێتـە ڕێکخراوێکـی دەستەبژێریی سـەروو جەمـاوەر. بەڵام ڕێکخـراوی ژنـانی خۆهوشـیاریبەخش دەتـوانێت ژنـان بـۆ بەشـداری لە بزاڤە کۆمەڵایەتییەکاندا هـان بـدات و ئەگەر مـانگرتنی ژنـانی دایك یا کابانی ماڵ بەڕێ بخـات، کـە هیـچ کـات پیـاوان تەنـانەت

کۆمونیستەکانیش خوازیاری نەبوون، ئەوا کۆمەڵگە دەخاتە ژێر فشارەوە. هاوکات ڕێکخراوبوونی ژنان لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا وەك ئەڵتەرناتیڤی ڕێکخراوە کۆمونیستییە دەستەبژێرییەکە، ئەوا ژنان بە کردەوە پیاوانی هاوکارییان دەگەیێننە پای پێداویستی یەکسانی ژن و پیاو، چونکە ئەوکات سەرکەوتنی مانگرتن و خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی کرێکاران و فەرمانبەران و خوێندکاران و خانەنشینان و کەمئەندامان و بێکارانی پیاو، بە ئامادەیی ژنانی هاوکار و هاودەردیانەوە بەستراوەتەوە و ناچار دەبن، خەبات بۆ یەکسانی خۆیان و هاوکارەکانیان بکەن، تاوەکو ئەوانیش بەشداری بکەن و نەبنە ڕێگر و هۆی هەرزانیی کار و مانشکێنی.

بەو جۆرە بە راستکردنەوەی ئەو هەڵە و کەموکوڕییانە و بەو رێگەچارانەی باسکران هێزی کۆمونیستی باشترین و داکۆکیکەرترین هێزە بۆ رێگەی خەباتی ژنان و وەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانیان، چونکە ئەو هێزە جگە لەوەی لەنێو ریزەکانی خۆی بەیەك چاو سەیری ژنان و پیاوان دەکا بەرامبەر بە کۆمەڵیش پەنجە لەسەر بچووکترین جوایێزیی دادەنێ و بۆ چارەسەرکردنیشیان تێدەکۆشێ ل 35

دیسانەوە ئەمە زێدەڕەوییە و ئەگەر بە کەتواری سەرنجی تێڕوانینی مارکسیست-فەمینیستەکان بدەین، دەبینین، کە هەمان تێڕوانینی دەسەلاتخوازانەیان وەك دەستەبژێرێکی شیاو بۆ دەسەلاتداری لە کۆمەڵگەی داهاتوودا هەیە و بەهەمان شێوە، ژنانی مارکسیست خۆیان بە مامۆستای ژنانی دیکە دەزانن و بە

کردەوە لە هەوڵی سەرکردایەتی بزاڤی ژناندان. ڕاستییەکەی من نموونەیەکی بەرچاو نابینم، کە پشتڕاستی ئەو بۆچوونەی نووسەر بکاتەوە.

کرێکاران و کۆمونیزم

کۆمونیزم جگە لەوەی بزاڤێکی هزریی و فەلسەفییە.. سیستەم و قۆناغی دوارۆژی مرۆڤایەتییشە، لە رووی رامیارییشەوە لە سەردەمی ئێستا کە رژێمی چەوسێنەری سەرمایەداریی باڵادەستە؛ خەباتێکی کۆڵنەدەرانەی چینایەتییە لە لایەن کۆمونیستەکان بە گشتیی و کۆمونیستە کرێکارەکان بە تایبەتیی بۆ گەیشتن بە سۆسیالیزم، جیهانبینیی مارکسیزمیش لە چوارچێوەی پێکهاتە سەرەکیی و بنچینەییەکانیدا لە پاش رسکانی قۆناغی سەرمایەداریی؛ ئاواکەر و شێوەی بوونە کۆمەڵایەتییەکەی و چرای رۆشنکەرەوەی رێگەی کاروانی خەباتەکەیەتی. ل 36

ئەم پەرەگرافە، دەکرێت بە پێناسەیەکی لایەنگرانە دابنێین و هیچ ئەرگومێنتێك نییە، کە پشتراستی پاگەندەکانی بکات، چونکە ئێمە لە قۆناخی دوارۆژدا نین و ناشزانین، چۆنە و سیستەمەکەی چۆن دەبێت و ئەو فەرماندانە، کەتوارییی نییە. هەروەها کۆتایی پەرەگرافەکە لە ڕووی دارشتنەوە نارۆشنی و هەڵنەپێکراوی دروستکردووە. ئەگەر سەلمێندراوی مێژوویی بە ئەرگومێنت وەربگرین، ئەوا هەم ئیدە کۆمونیستییەکان بەگشتی و هەم مارکسیزم وەك چوارچێوەیەکی دیاریکراوی ئەو کۆمونیزمە

لە پراکتیکدا بەرەنجامی پێچەوانەی پاگەندەکانیان بەدەستەوە داوە. هەڵبەتە ئەمە لە چەندین وڵاتی جیاواز و سات و شێوازی جیاواز و پیادەگەریی جیاوازدا. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە، کە هەموو بەرنامەیەکی ئامادەکراو، هەموو هزرێکی بە ئایدیۆلۆجیکراو، لەتەك گۆڕان و داخوازییە زیندوو و بەردەوامگۆڕاوەکانی ژیاندا دەکەوێتە ناکۆکییەوە، هەروەك مارکسیزم کە وەك بەرنامە و چوارچێوەیەکی ئایدیۆلۆجی لەتەك گەشە و ویست و ئازادی و چاوەڕوانی و تەنانەت لەتەك خودی میکانیزم و هێزەکانی بەرهەمهێناندا کەوتە ناکۆکییەوە و دواجار گەورەترین هێزی ڕوخاندنی ئیمپراتۆری و دیکتاتۆرییە پارتییە بەناو پرۆلیتارییەکانی، هەر ئەو کرێکار و زەحمەتکێشانە بوون، کە لە نێونەتەوەیی یەکەمەوە نەوە لە دوای نەوە، پارت لە دوای پارت پاگەندەی نوێنەرایەتییان دەکرد و دەکەن.

ئەوەی کە لە پەرەگرافی دواتردا نووسەر پێیوایە، کە ئەوە هەڵەی پارتەکان و پاشینانی هزری مارکسیستی بووە، کە ناتەبا و شکستخواردوو بووە، بەپێچەوانەوە من پێموایە، لەوێوەیە، کە مارکسیزم بڕوای بەوە هەیە، کە کۆمونیستەکان، لەبەر ئەوەی کە دەرکی بەرژەوەندی کرێکاران دەکەن، بەو پێیەش دەبنە ڕابەر و چاوساخییان. ئەمەش گەورەترین ناکۆکی بیری مارکسیستییە، لە کاتێکدا کە کرێکاران بە گەورەترین و کاراترین و شۆرسگێرترین هێز دادەنێت، کەچی ئەرکی ڕزگاربوونیان بە کۆمونیستەکان دەسپێرێت و دواتریش بەرێوەبردنی کۆمەڵگەی داهاتووش بەوان و بە بوونی دەوڵەتی دەستەبژێری کۆمونیست دەسپێرێت. هاوکات هەر لە ئێستاوە بەرنامەیەك دەنووسێتەوە و دەیکاتە پەرتووکی

پیرۆز و کۆمەڵگەی پێ لە چوارچێوە دەدات، بەمجۆرە ئەوە کۆمەڵگە نییە، وەك پێکهاتەیەکی زیندوو و بەردەوام لە گۆڕاندا کە کێڵگەی تاقیکردنەوەی هەر ئایدیایەکە، بەڵکو بەرنامەیەکی پێشتر ئامادەکراو و مردوو دەکاتە کێڵگەی تاقیکردنەوەی گونجاوی کۆمەڵگە و هەر شتێك لەو چوارچێوەیە دەرچوو و زیاد و کەمی بوو، ئەوا مەقەستی ئایدیۆلۆجیا دایدەپاچێت، وەك لەو نموونانەدا ڕووی دا، کە خودی نووسەر باسی کردوون.

بە بۆچوونی من بزووتنەوەکان، ئیدی هەرچی بن؛ سۆشیالسیتی یا ناسیونالیستی یا ئایینی یا هونەری، ئەوا لە ڕەوتی خەباتی ڕۆژانە و بەردەوامدا، دروستی و نادروستی ئایدیاکانی ناویان تاقیدەکەنەوە و بەرنامە و پلانەکانی لە خوێندنەوەی ئەزموونەکاندا بەدەست دەهێنن. ئەمەش ڕەتکردنەوەی ئایدیۆلۆجیا دەگەیێنێت، کە گیانی مارکسیزمە. چونکە ئایدیۆلۆجیا واتە مەرگی ژیان و هزریش واتە موتوربەبوونی ئایدیاکان بە ژیان و هزر و تیئۆری، بەرهەمی ئەزموونەکانی مرۆڤایەتین نەك پێچەوانەکەی.

ڕاستە نووسەریش پەنجەی خستووەتە سەر ئەو گرفتانە، بەڵام ئەو بۆ خەتاباری پارت و فڵانە سەرکردەی دەگێڕێتەوە. ئەگەر سەرنجی کەتواری گرفتەکان بدەین، دەبینین، بۆ ئایدیۆلۆجیابوونی مارکسیزم و پەرتووکە پیرۆزکراوەکانی دەگەرێتەوە، کە تووشی دوگماتیزمیان کردووە.

ڕاستییەکەی لە سەراپای پەرەگرافەکاندا نووسەر بە بەردەوامی

“هزری نوێی کۆمونیستی” دووباره دەکاتەوە، بەڵام دیاری ناکات، کە ئەو هزره لە کام سەروبەندی مێژووییەوە سەریهەڵداوه و پانتایی بووونی لە کوێدایه ئایا مەبەستت لە ڕەخنەکانی خۆیەتی لە کۆمونیزمی کلاسیك و وەك پێشنیارێك بەنێوی "کۆمونیزمی نوێ" ئاراستەی دەکات یا ئەو هزره نوێیه ئەورۆکە هێلێکی ڕامیاریی جیهانییه و بزووتنەوەگەلێکی زیندوو خەریکی پراکتیزەکردنینی؟

تا ئەوەندەی من تێگەیشتبم، مەبەستی نووسەر خودی بۆچوونەکانی خۆیەتی، ئەگینا من هیچ بزووتنەوەیەکی کۆمونیستی هەڵگری تێڕوانینە مارکسیستییەکان ناناسم، کە هاوبۆچوونی نووسەر بێت و پاشماوەی بزاڤی کۆمونیستی لە جیهاندا خەریکی بتسازییه لە کەلەسەری مارکس و ئەنجلس و لێنین و ستالین و مائو تسی تۆنگ تا دەگاته مەنسووری حیکمەت لای حیکمەتیستەکانی ئێران و کوردستان.

بەمجۆره من ئاوا ئەم تێکستە دەخوێنمەوە، کە پیاهەڵدان و ناساندنی بەرنامەیەکی دیکه بێت، کە ئێمە نەیناسین و لەوەی کۆمونیزمی باو، جیاواز بێت. ئەگەر مەبەستی لە کۆمونیزمی نوێ سەرخەتگەلێك نین، کە خۆی ئاماژەیان پێدەکات، ئەوا دروستتر بوو، کە خودی ئەو سەرچاوەمان پێبناسێنیت، کە خۆی باسی دەکات، واته “هزری کۆمونیستی نوێ”.

بەڵام هەرگیز هێندە خۆشباوەڕانەش لێیان ناڕوانیٔ کە دەتوانن لە هەموو کات و بارێکدا بە پێی پێویست پارێزگاریی لە یەکگرتوویی و شۆڕشگێڕیی و دڵسۆزیی خۆیان بکەن ل 37

ئەم ڕستەیە، لەباری زمانەوانییەوە، پێویستی بە ڕستەیەکی پێچەوانە هەیە، کە بەدوایدا بێت، چونکە ئەوە دەگەێنێت، کە لە هەندێك باردا "ناتوانن لە هەموو کات و بارێکدا بە پێی پێویست پارێزگاریی لە یەکگرتوویی و شۆڕشگێڕیی و دڵسۆزیی خۆیان بکەن". بەڵام ئەوە ڕۆشن نەکراوەتەوە، کە پێویستە چی بکەن و لەو بارانەدا کە خۆیان ناتوانان، کێ فریادڕەسییانە؟

دواجار نووسەر سەری لە بۆچوونەکانی نێو نێوتەوەیی یەکەمی کارل مارکس و لایەنگرانی دەردەچێتەوە، کە کۆمونیستەکانیان بۆ ئەم ئەرکە دەستنیشان دەکرد. بەڵام کەتوار ئەوەمان پێدەلێت کە هەموو چین و توێژەکان ئەگەر بە ڕێوشوێن و کارایی و ڕۆڵی خۆیان لە کۆمەڵگەیەکدا هوشیار بن، ئەوا دەتوانن ژیان وەها ئاراستە بکەن، کە دەیخوازن. وەك ئەوەی کە بۆرجواکان و وردە-بۆرجواکان لە ئێستادا دەیکەن. یا بە واتایەکی دیکە، ئەگەر زۆرینەی چەوساوان، خۆهوشیاری و ڕێوشوێنی چینایەتی خۆیان لە کۆمەڵگەدا بزانن و قورسایی بەشدارییان لە بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری و بەڕێوەبەرایەتیدا بزانن، ئەوا وەڵانانی ئەم سیستەمە ئاسانیترین کارێکە، کە مرۆڤی چەوساوە دەتوانێت بە خەباتی هاریکارانەی لەتەك هاوچینەکانی، پێیهەستێت. سەرمایەداران و دەسەلاتداران بەو هەموو توانا ئابووریی و تەکنۆلۆژیی و سەربازیی و ڕاگەیاندنەیانەوە، کە هەیانە، لەبەردەم مانگرتنی چەند هەفتەیی کرێکارانی شارەوانی (کەناسان)دا گیرۆدە دەبن و بۆگەن دەکەن، چ بگات بە مانگرتنی گشتی کرێکارانی گواستنەوە و ئاو و کارەبا و نەخۆشخانەکان و سۆپەرمارکێتەکان و هی دیکە. پێکهاتەی کۆمولگەی چینایەتی لە

تڕکەڵەکی ئەفسانەی ئایینەکان لەمەڕ بومەلەرزە دەچێت، کە هەر تەکانێکی هوشیارانەی چینە بەرهەمهێنەرەکان، بە ئاسانی وێرانی دەکات. تەنیا خۆهوشیاربوونەوەی چەوساوەکان مسۆگەرگەری کۆتاییهاتنی سەرکوت و نایەکسانی و نادادوەرییە. چونکە سیستەمە چینایەتییەکان بەرهەمی دەستی خودی مرۆڤن و گۆڕین و وەلانانیشیان، کاری ئەو کەسانەیە، کە لە ناهوشیاریدا ئەم سیستەمەیان لەسەر پشتی کۆیلەتی خۆیان ڕاگرتووە.

لە لایەکی دیش کە سەرمایەداریی رژێمێکی پڕ ئاژاوە و ناجێگیرە.. ل 38

بەڵام بەداخەوە، کەتوار پێچەوانەی ئەمەیە و سەرمایەداری هێندە جێگیرە، کە نەك تەنیا بۆرجواکان و وردە بۆرجواکان وەها نیشان دەدەن، کە کۆتایی مێژووە، نەك تەنیا کرێکاران و زەحمەتکێشانی ناهوشیار بڕوایان بە شیاوی وەرگۆڕانی کۆمەڵگەی چینایەتی (هەنووکەیی) نییە، بەڵکو زۆرێك لەوانەی کە پاگەندەی کۆمەڵگەی ناچینایەتی بە تێروانینی مارکسیستی دەکەن، ناتوانن کۆمەڵگەی ناچینایەتی (سۆشیالیستی) بەبێ دەوڵەت و ڕیشسپێتی دەستەبژێری خۆیان و کوتەك و زنجیرە پلەوپایەی بەڕێوەبەرایەتی و پێکهاتنی قوچکەیی وێنا بکەن و هەر وێنایەك کە بۆ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی لەبەرچاوی دەگرن، هەر کۆپیکردنەوە و میکیاجکردنی کۆمەڵگەی چینایەتی هەنووکەییە. هەروەك چۆن داریژەرانی پەرتووکە ئایینیەکانی وەك تۆرات و ئینجیل و قورئان نەیانتوانیوە وێنای بەهەشت بەدەر لە وێنەی کۆمەڵگەکانی ئەو کاتی خۆیان بکەن، هەرواش

مارکسیستەکان ناتوانن وێنای کۆمەڵگەی ناچینایەتی بەبێ دەوڵەت و ڕابەریی خۆیان بکەن و هەر بۆچوونێك واوەتر لە تێڕوانینی خۆیان بۆ کۆمەڵگەی سۆشیالیستی بڕوات، ئەوا بە خەیاڵی تاوانباری دەکەن. لەبەرئەوە بە پێچەوانەی بۆچوونی نووسەرەوە، تا ئەو کاتەی تاکە بندەستەکان ئامادەبن، مل بە کاری کرێگرتە و سەروەری کەسانی دیکە بدەن، ئەوا سیستەمی سەرمایەداری جێگیر و پارێزراو دەبێت و لە توانایدا دەبێت، کە بەسەر قەیرانەکانیدا زاڵ بێت و پەڕوپینەی سیستەمەکەی بکاتەوە و هەر بەو پێیەش، بەداخەوە تا ئەو کاتەی زۆرینە دەگەنە ئەو بڕوایە، کە سەرمایەداری شیاوی بەرگەگرتن نییە و چیتر ناتوانرێت لە سایدا بژێت، کۆمەڵگەی ناچینایەتی تەنیا خەونی خۆشی هەموو ئاراستە و باڵە سۆشیالیستەکان دەبێت و دەمێنێتەوە.

<u>لە کاتی بەرانگژبوونەوەشدا چەندین دیاردە و گۆڕانکاریی نائاسایی کە بۆرجواکان راستەوخۆ یاجی لەپێناودا دەدەن دێنێتە ئارا بۆ ئەوەی ئەو رێوشوێن و وزە و توانایە هزریی و رامیارییە چینایەتییانەی کە بە جۆرێکی خۆڕسکیی لەنێو کرێکاراندا هەن و هەزری کۆمونیستی پشتیان پێدەبەستێ.. هەڵگێڕتەوە و بۆ دژایەتیکردن و لەباربردنی بزاڤەکە بەکاریانبهێنێ.</u> ل 38

ئەوەی کە ئەو گۆچانە جادووییە دەداتە دەستی بۆرجواکان، لایەنە ناکۆکەکانی خودی کۆمونیزمی مارکسیستییە لەتەك سروشتی خەبات چینایەتی بۆ چێکردنی کۆمەڵگەی ناچینایەتی؛ پارت کە ئامرازی لێکدابڕان و دەستەگەریی نێوان کرێکاران و

زەحمەتکێشانە و لە تاکی سەر بە چین و توێژی کۆمەڵایەتییەوە دەیانکاتە ئەندامی گروپی سەروو-چین و ناکۆمەڵایەتیی و لەسەر بنەمای ئایدیۆلۆجی ڕێکیان دەخاتەوە و لەتەك هاوچینەکانیان کە هزر و ئایدیایەکی دیکەیان هەیە، دەیانکاتە دوژمن و لە ڕیزی خەباتی ڕۆژانەدا لەیەك دایاندەبڕێت، مارکسیزم پارت لە سەرووی هەموو ڕێکخراوە چینایەتییە سروشتی و شۆرشگێڕەکانی کرێکاران و زەحمەتکیشانەوە دادەنێت؛ دەوڵەت کە ڕاگر و ئامرازی ڕێکخستنی کۆمەڵگەی چینایەتییە، دەیکاتە گۆچانی جادوویی بنیاتنانی کۆمەڵگەی ناچینایەتی و ناوەندێتی بەرنامەڕێژی و ملکەچی ناوچە و هەرێم و کەمایەتی و ڕێکخراوە خۆجێییەکانی کۆمەڵگە، دەکاتە گوێرایەڵی دەستەبژێری سەروەر.،. ئەمە بێجگە لەوەی کە لە بری ئەوەی متمانەی توانادارییی چەوساوان بۆ خۆڕزگاری و خۆبڕیاردان و خۆخەباتکردن و خۆبەڕێوەبەری و خۆموختاری لە تاکە بندەست و ستمدیدەکانی کۆمەڵگە زیندوو بکاتەوە و لە بری مامۆستایی بەبێ مامۆستایی ڕایانبهێنیت، کەچی دەچێتە سەرخوانی ڕاخراو و ئامادەی بۆرجواکان و پێکهاتە هیرارشییەکانی وەك پارت و دەوڵەت و دەیانپارێزێت و پاساو بۆ پێویستبوونیان دەهێنێتەوە.

ئەمانە تۆمەت نین، کە من یا کەسانی دیکە بۆ مارکسیزمی دروست بکەن، بەڵکو سەرەنجامی ئەزموونکردنی هەموو جۆرەکانی مارکسیزمن؛ لە جۆری کاوتسکیزمەوە تا لێنینیزم و ستالینیزم و خرۆشۆڤیزم و مائیۆئیزم و کاسترۆئیزم و خۆجەییزم، کە لە زۆر وڵات و کیشوەر و سەردەم و کۆمەڵگەی ئاست جیاوازدا فەرمانڕەواییان کرد و بێجگە لە نەهامەتی و بەدبەختی زیاتر بۆ

چین و توێژە پرۆلیتێرەکان، هیچی دیکەیان بەرهەم نەهێنا.

لە بەرامبەر ئەوانەشدا، کە پاگەندەی ئەوە دەکەن؛ ئەوانە هەموو لادان بوون لە مارکسیزم و پەیوەندییان بە کۆمونیزمەوە نەبووە، هێندە بەسە بپرسین، باشە چ ڕەخنەیەکتان لە بنەما هزری و پراکتیکییەکانی ئەو ڕەوتانە هەیە؟ تا چەندە میرایەتی، دیکتاتۆری، دەستەبژێر، ناوەندەێتی و بەرنامەڕێژی ئابووریی و زۆری دیکە، کە بەرهەمهێنەری ئەو قەرەقوشیانە بوون و لە سایەی مۆدێلی مارکسیستیی کۆمونیزمدا، ڕووی دێمۆکراتی پارلەمانی و بازارئازادییان سپی کردەوە، ڕەتدەکەنەوە؟

لە هەمانکاتیشدا نە خۆی بەو خەڵکانەماندوو بکا کە ناتوانن وەکو کۆمونیستێك لە ریزەکانی خەبات و ژیانی رۆژانەیاندا هەنگاو بنێن نەخۆشی بەو خەڵکانە چیر بکاتەوە کە بە هەر جۆر و شێوازێك هەیە بوونەتە کۆمونیست و لەگەڵ سادەترین دیاردە و وەرچەرخانی دڕندانەی سەرمایەداریی سارد دەبنەوە یان بە هۆی ماندووبوون و بەتەمەنداچوونیان دووچاری نەخۆشیی راستڕەویی و دۆگماتیستیی و لادان دەبن و دەبنە بار بەسەر بزاڤەکە، لە لایەکی دیش ئەگەر ببینێ زۆربەی زۆری کرێکاران نەیانتوانیێ هێندە هۆشیار ببنەوە کە کۆمونیزم باشترین و تاکە رەوتێکە بۆ سەرکەوتن و رزگاریی ئەوان لە سەرمایەداریی و رژێمە چەوسێنەرەکەی ل 38-39

لێرەدا پێویستە ئامازە بەوە بدەم، کە سەردێڕ باس لە کرێکاران و کۆمونیزم دەکات، نەك لە کۆمونیزم و کرێکاران. تەنانەت ئەگەر

باسی باری دووەمیشی بکردایە، ئەوا دیسانەوە ئەم پەرەگرافە هیچ پەیوەندی بە باسەکەوە نەدەبوو. چونکە ئەوەی نووسەر لێرەدا باسی لێ کردووە، ڕامیاریکردنی دەستەیەك یا ڕێکخراوێکی ڕامیارییە نەك خەباتی شۆڕشگێرانەی چینایەتی کرێکاران. چونکە لە خەباتی چینایەتیدا ئامانج بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕۆژانە و ئاراستەکردنییەتی بەرەو تەنهەڵچینین بە سیستەمە چەوسێنەرەکە، نەك خۆخەریکردن بە بژاردنی تاکەکانەوە. بژارکردنی تاکەکان، ئەرکی پارتە ڕامیارییەکانە، وەك ئەوەی لە کۆنگرەکانی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر، پارتی سۆشیالیدیموکراتی ڕوسیە و لەسەر دەستی خودی لێنین و لە پارتی ناوگۆڕاو بە (کۆمونیست)دا لەسەر دەستی ستالین و دواتریش مائو تسی تۆنگ و پۆلپۆت و لای خۆشمان لەسەر دەستی مەنسووری حیکمەت ئەنجام درا. ئەمە پەیوەندی بە خەبات و کرێکارانەوە نییە، تەنیا میکانیزمی پلەوپایە پاراستنی دەستەبژێرێکی سەروەری ناو پارتە کۆمونیستەکانە و بەس.

بەو جۆرە هزری نوێی کۆمونیستی تەنیا و تەنیا خۆی بە ڕێبازی سەرجەم کۆمونیستان بە تایبەتییش کۆمونیستە کرێکارەکان دەزانێ .. هەروا نەخۆی بە خاوەنی خەباتی ئابووریی کرێکاران دەزانێ کە بەر لەو و لە دەرەوەی ئەو هەر هەبووە و تا کۆمەڵگەی چینایەتتیش مابێ هەر دەمێنێ.. نەخۆی بە ڕێبازی ئەو کرێکارانە دەزانێ کە بە هۆی سەختیی ئەو ژیانە کولەمەرگییەی کە سەرمایەداریی بۆی دروست کردوون تا دەشمرن ناتوانن لە ناخەوە کۆمونیزم پەسند بکەن و هەرسی بکەن.. سەرەنجام فەرهەنگی دواکەوتووانە و دژەمرۆیی سەرمایەداریان

هەڵگرتووە، واتە تەنیا ڕێبازی کۆمونیستەکانە بە بێ هیچ جوایەزییەك و کۆمونیستبوونی ڕێبوارانیشی پێ لە هەموو شتێك گرنگترە. ل 39

هەرچەندە سەراپای ئەم تێڕوانینە ڕەتدەکەمەوە، بەڵام خۆم لەوە دەبوێرم و تەنیا پرسیارێك ئاراستە دەکەم، ئایا ئەم هزرە نوێیە و کۆمونیستە هەڵگرەکانی، [کە لە هیچ سەردەمیکدا تەنانەت لە کۆمەڵگەیەکیشدا کە خەونی پێوە دەبینن، نابنە زۆرایەتی کۆمەڵگە و تەنانەت زۆرایەتی ناو کرێکارانیش، ئەزموونەکان ئەمەیان نیشانداوە] لە کۆمەڵگەکەیدا کە دایدەمەزرێنن و بەڕێوەی دەبەن، چی لەو کرێکارانە دەکەن، "کە کە بە هۆی سەختیی ئەو ژیانە کولەمەرگییەی کە سەرمایەداریی بۆی دروست کردوون تا دەشمرن ناتوانن لە ناخەوە کۆمونیزم پەسند بکەن و هەرسی بکەن" ؟ ئەی ئەو کۆمونیستانەی کە باوەڕییان بە "هزری نوێی کۆمونیستی" نییە، چی؟ دواجار کۆمونیستەکان، کێن، نووسەر چ شوناسێکی کۆمەڵایتییان بۆ دیاری دەکات؟ ئەی ئەگەر لەو کۆمەڵگەدا بەرهەڵستی بەرنامە و بڕیارەکانی "هزری کۆمونیستی نوێ" کرا، وەڵامیان چی دەبێت؟ ئازادی بە ناڕازییان دەبەخشێت یا سەرکەوتییان دەکات؟ بە واتایەکی دیکە، ئەگەر لە هەرێمی کوردستاندا "هزری کۆمونیستی نوێ" توانی کۆمەڵگە بگرێتە دەست و سیستەمەکەی پیادە بکات و ... تد، بەڵام لە شارەزوور، خەڵکی [مەبەست لە خەڵکی زۆرینەیە] خوازیاری کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی بوون و لە گەرمیان خوازیاری کۆمەڵگەیەکی پشتبەستوو بە بازارئازاد و سیستمی پارلەمانی بوون و لە هۆرامان خەڵکی خوازیاری خۆبەڕێوەبەرایەتی و

هەرەوەزی ئەنارکی بوون و لە بادینان خەڵکی خوازیاری یەکگرتنەوە لەتەك هەرێمی باکووری یا خۆراوای کوردستان بوون، لە وەها بارێکدا وەڵام و هەڵوێستی فەرمانڕەوایانی کۆمونیست لە بەرامبەر هەر یەك لەو بڕیار و ویستانە، چی دەبێت؟

<u>ئەرکی ڕەسەن بۆ هزری نوێی کۆمونەەیی ڕەسەن</u> ل 40

پێش هەموو شت بە بۆچوونی من، پێویستە لە بەکاربردنی واژەی (ڕەسەن)دا وردکار بین و هەروا بەتایبەت بۆ پەسەندکردنی بیروباوەڕێك. چونکە هەموو لایەك خۆی پێ ڕەسەنتر و دروسترە، ئەگینا ئەم هەموو جیاوازییانە نەدەبوون. ڕاستییەکەی ڕەسەن، دەتوانێت ئامرزاێك بێت بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو ڕەسەنییەك.
بە بۆچوونی من دەبوو وەها بنووسرێت، "ئەرکی بنچینەیی بۆ "هزری نوێی کۆمونیستی شۆڕشگێڕ". چونکە ئەرکی ڕەسەن و ناڕەسەن بوونی نییە، بەڵکو بنچینەیی و لاوەکی هەیە، هەروەها بەپێی ئەوەی کە نووسەر کۆمەڵێك لایەن لە هزری کۆمونیستی کلاسیکدا ڕەتدەکاتەوە، کەواتە پێی کارا و تەبا نین و لە بەرامبەردا شتگەلێکی کارا یا شۆڕشگێڕ دەخاتە ڕوو، نەك ڕەسەن و ناڕەسەن، چونکە هیچ پێوەر و تەرازوویەك نییە، تا ڕەسەنی و ناڕەسەنی پێ دیاری بکەین.

<u>وەلی لە باری هەنووکەیدا بە هۆی کۆتاییهاتنی ئەرکەکانی و پیربوون و تەواو بۆگەنبوونی و دەرکەوتنی بۆ تێکڕای گەل ناتوانێ وەك جاران ئەو هاوسەنگییە رابگرێ</u> ل 40

بـه بۆچـوونـی مـن، سـەرمـايـەداريش هـەروەك فـيـوداليزم ،قۆنـاخێکـی پێویسـت نییـە و بـۆ پێگـەیینـی کـۆمـەڵگـەی مرۆڤـايـەتی پێویسـتیش نـابێت و وەهـا بۆچوونگـەلێك لـە هزری سۆشيالیسـتەکاندا بـەگشتی و لـــە زۆرـــربـەی فێرگـــە هزرییـەکـانــدا، بـەرەنجـــامـی زاڵیـــی بیـــری وردەبۆرجـــوای بـــووە و ئـەگـەر شۆڕشـــی کـــۆیلان بـەســـەرکـەوتن بگـەییشتایە، واتـە نـەهێشتنی سـەروەری مرۆڤ بـەسـەر مـرۆڤـەوە یـا شۆڕشـــی جوتیـــاران و شارنشـــینان دژی فیئۆـــدالیزم و کلیســـا بـەسـەرکـەوتن بگـەیشتایـە، ئـەوا هیـچ کـات بـوار بـۆ بـەسـەروەربـوونـی فیئۆـدالـەکان و بۆرجواکـان نـەدەڕەخسـا و بـە جێگـرتنـەوەی چینـی فیئۆـدال و بۆرجـوا لـــە جێـی کۆیلـەدارەکـان کۆتـایـی نـەدەهـات، هـەروەك چـۆن تێکشـکـانـی شۆڕشـی ئۆکتـۆبـەر بـە سـەرهـەڵدانـی شـێوازێکـی دیـاریکراو لـــە ســەرمـايـەداری دەوڵـەتـــی (میرایـەتـــی تاکپارتیی) کۆتـایـی هـات، جێگـرتنـەوەی سـەروەرانـی نـوێ لـە جێـی کۆنـە سـەروەران، فیئۆدالـەکان لـە جێی کۆیلـەدارەکـان و بۆرجواکـان لـە جێی فیئۆدالـەکان، بـەرهـەمـی تێکشکان یـا نـەگـەییشتنی شـۆڕش بووە بـە سـەرکـەوتنی یـەکجـاری، واتــە لـەنـاوبردنـی سـەروەری، هـەر ئـەوەش بووەتـە هـۆی گـواستنـەوەی ئـەو سـەروەرییـە لـە چینێکـەوە بـۆ چینێکـی دیکـە.

بـۆیـە بـە بۆچـوونـی مـن، هیـچ کـات بـە سـەروەربوونـی ئـەو چینـانـە پێداویسـتـی نـەبـووە، تـا ئـەرکــی مێژوویـیـان هـەبێـت و بـەســەر چـووبێت. بـەڵکـو ســەرکـەوتنی شـۆڕش وەك ســەوزبوونـی تـۆـوێکـی سوودبـەخشـە، ئـەگـەر لـە گیاکـەڵـە بژار بکرێت، ئـەوا گـەشـە دەکـات و ئـەگـەر گیـاکـەڵـە بـەسـەریدا زاڵـبێت، ئـەوا لـەنـاو دەچێـت. ئـەوەی کشتی شۆڕشی کـۆیلان و جوتیـاران و کرێکـاران، بـەری ویسـتراوی

بەدەستەوە نەدا، هۆی وەرگەرانی بوو بۆ جارەدڕکی چینە هەڵپەرسەتەکان. ئەوەش تەواو بۆگەن بووبێت، بە بۆچوونی من، هەر لەسەرەتاوە بۆگەن بووە و هیچ پۆزەتیڤییەکی تێدا نەبووە. چونکە تەنیا گۆڕینی شێوازی بەڕێوەبەرایەتی دەستەیەك بە دەستەیەکی دیکە بووە و هیچی لە چینایەتیبوونی کۆمەڵگە و سەروەری چینایەتی نەگۆڕیوە. هەروەها "دەرکەوتنی بۆ تێکرای گەلّ"، من پێموانییە، چونکە ئەوە زۆرینەی ناهوشیاری گەلە، کە سیستەمی سەرمایەداری بە بەشداری لە بەرهەمێینان و جەنگەکانی و دامودەزگەکانی و لەشکر و پۆلیس و دەستە تیرۆستەکانیدا دەپارێزێت، ئەگینا چینی بۆرجوا بەخۆی هێندە کەمایەتییەکی کەمە، بەشی پاسەوانی و پاراستینی دەسەلاتی چیینایەتی لە گەورەترین شاری گۆی زەویدا ناکات، ئەگەر هەژماری هاوبەرژەوەند و زانا و بەڕێوەبەر و فیلۆسۆفەکانیشی بخەیتە سەر ئەوا بەشی فەرمانرەوایەتی و پاراستنی دەسەڵاتی سەرمایە لە وڵاتێکی وەك عیراق ناکەن.

بەرنامەیەك یان رێگەیەك لەنێو خەباتی کۆمونیستی هەبێ بۆ زووتر بەرێکردنی ئەرکە بۆرجوازییەکان کە تێیدا هەموو بارەکانی ژیان گەشە دەستێنێ و ژیان و گوزەرانی تێکڕای خەڵك باشتر و گەشاوەتر دەك هاوکاتیش بنەمایەکی هەمەلایەنەی کۆمەڵێکی پێشڤەڕۆ لەنێو چینەکانی کۆمەڵ بە تایبەتییش کرێکاران و زەحمەتکێشان پتر فەراهەم دەکا و هەنگاونانیش بەرەو هەڵگیرساندنی شۆڕشی سۆشیالیستیی ئاسانتر و خێراتر دەکا. ل 40

دیسانەوە ئەمە هەمان بۆچونی هەڵەیە، بۆ شۆڕش و ئەرکی چینە چەوسانەوەکان. بە بۆچوونی من، شۆرشی دژە-سەروەری لە هەموو سەردەمەکاندا هەبووە و پێویستیش بووە و کۆمەڵگەی مرۆیی لە هەموو سەردەمێکدا چ ئەشکەوتننشینی (نابەرهەمهێنەری)، چ دێهاتی (کشتوکاڵی) و چ شارنشینی (پیشەسازی) [بەبێ ئەو پیشمەرجە ناکەتوارییانەی کە زادەی سازشی هزری بیریارانی کۆمونیستە لەتەك بۆچوون و ڕێگەچارەکانی وردەبۆرجوازی و سیستەمی سەروەری و دەرکنەکردنی کۆمەڵگە بەبێ سەروەر]، دەیتوانی بەرەو کۆمەڵگەیەکی ئازاد و یەکسان و دادپەروەر بڕوات؛ واتە کۆمەڵگە دەیتوانی بەبێ کۆیلە و کۆیلەدار، بەبێ جوتیار و دەرەبەگ، بەبێ کرێکار و سەرمایەدار، کۆمەڵگەیەکی ئازاد بێت. ئەوە ئامادەنەبوونی مێژوویی خۆهوشیاری شۆڕشگێرانەی تاکەی چەوساوەیە، کە کۆمەڵگەی مرۆیی لە بەندی سەروەری و چینایەتیبووندا ڕاگرتووە، نەك پێداویستی بوون و مانەوە و فۆرمگۆڕینی چەوسانەوە و چەوسێنەر.

ئەوەی پێمانوابێت، جێگرتنەوەی سەروەری بۆرجواکان لە جێی سەروەری فیئۆداڵەکان، پێویستی گەشەی کۆمەڵگەی مرۆیی بووە، بەداخەوە دەبێت بڵێم، کولدەرکی ئەو بیریارانەیە، کە ئێمەیان لە لیتاوێکی ئاوا ڕۆکردووە، کە هەنووکە دەستەواژەی ئاوەها بەنێوی شۆڕشەوە بەرچاو دەکەون. ئەگەر پێمانوابێت مرۆڤایەتی لە سایەی داگیرکردن، جەنگ و کوشتار و برسیکردن و هەڵاواردن و پاکتاوکردن و شەڕەپەڕۆی پارلەمانتاری مشەخۆران و شوانەیی ڕامیاران و پارتەکاندا بەرەو شۆرشی سۆشیالیستی گەشە دەکات، بەداخەوە ناچارم بڵێم دیسانەوە ئاوەزنەگیرە. چونکە مرۆڤایەتی

لە سایەی ئاشتی و یەکسانی و ئازادیدا دەیتوانی لە دوو هەزار ساڵی رابووردا، هەزاران جار لە چاو ئێستا پێشکەوتووتر و مرۆڤانەتر و شاییستەتر بێت.

بە پێچەوانەوەی ئەو بۆچوونە نادروستە باوەوە، ئەزموونەکان ئەوەمان دەخەنە بەردەست، کە شۆڕش سەختر و دوورتر و نامسۆگەرتر بووە. بە پێچەوانەی خەیاڵپلاوی ئاخایانی بیریارەوە، تەنانەت زۆرجار گومان لەوە دروست دەبێت، کە مرۆڤایەتی بتوانێت شۆڕش بکات. بەڵام لە دوو سەد یا سەد ساڵی ڕابوردوودا لە چاو ئیستا، سەرکەوتنی شۆرش بەقەد ڕوخاندنی دسەلاتی دەرەبەگێك لە لادێیەکدا ئاسان بووە. من ئەو بیرکردنەوەیە بە بەدبەختی مرۆڤی سەرەتای هەزارەی سێیەم ناودەبەم، مرۆڤێك کە تاوسەندنی ستەم و جێگیربوونی سەروەری چینایەتی و جیهانیبوونەوەی بە مەرجی سەرکەوتنی سۆشیالیزم بزانێت! ئەوەی کە من دەیڵێم، تەنیا لەو بارەوە ڕەخنەیە لە قسەکانی نووسەر، کە بە سادەیی بەلای ئەو بۆچوونەدا تێدەپەڕێت، بە بۆچوونی من دەبێت زۆر بێباکانە، پەردە لەسەر تەنکهزری بیریارانێك، هەڵدەینەوە، کە ستەم و سەقامگیربوونی سەرمایەدارییان بە مەرجی خێرایی و گەشەی شۆڕشی سۆشیالیستی زانیوە و لەوەش خراپتر داگیرکارییان بە پۆزەتیڤ لێکداوەتەوە.

بە بۆچوونی من، نەك تەنیا تا رادەیەکی زۆر کەم راستی بۆ چووین ڕاستی بۆ نەچوون، بەڵکو خۆشباوەڕی چەوساوان بەم تێڕوانینانە، کە لە خوێنگەوزانی ملیۆنان مرۆڤ و مەرگی خەونە

بێئەشمارەکانی لێکەوتووەتەوە، ئەو بۆچوونانە وەك دژەشۆڕشی، دەبێت ڕسوا بکرێن و ڕمی ڕەخنەمان هێندە تیژ بێت، کە نەك تەنیا دوو سەد ساڵ، بەڵکو دوو هەزار ساڵ بەرەو دوا بڕ بکات. ئەمەش پێویستی بە لە زبڵدانانی پیرۆزییەکانە، پێویستی بە تێکشکاندنی بتەکانە، پێیویستی بە بوێری ڕەخنە هەیە، هیچ باکمان لە هەراوهوریای پەرەستیاران و دەروێشانی ئەو بتانە نەبێت، کە بەناوی سۆشیالیزم و کۆمونیزم و شۆرشەوە بنێشتە هەڵبزرکاوەکانی دوو سەدە لەمەوبەری ئەم و ئەو دەجوونەوە. بەیەك وشە ئەگەر تاکی ئەم سەردەمە، خوازیارە شۆرش بکات و خۆی بڕیاردەربێت نەك مردووەکانی دوو سەدە لەمەوبەر، ئەوا دەبێت لە دەرەوەی مۆزەخانەکان و گۆرستانەکان ڕەفەی تۆزلێنیشتووی پەرتووکخانەکان، بیربکاتەوە. تاکی شۆرشگێڕ دەرخگەری تێکستە زەردهەڵگەراوەکان نییە، بەڵکو خۆی بیردەکاتەوە و هاوکاتیش پراکتیزەی دەکات، مامۆستای کەس نییە و کەسیش بە مامۆستای خۆی نازانێت، ڕابەری کەس نییە و خۆیشی مل بە ڕابەری کەس نادات. بەکورتی لە سەرووی خۆیەوە وەك تاکێکی ئازاد، نەخوا، نەدەوڵەت، نە نەتەوە و هیچ شتێك بەرز ڕاناگرێت.

<u>بۆ دەرخستنی رووی راستیی هزر و گفتار و رەفتار و ئامانجەکانی رژێمی سەرمایەداریی و دوورخستنەوەی تەواوی چەوساوان لێی و پەیوەستکردنیان بە خۆی و ئامادەکردنیان بۆ هەرچی زووتری هەڵگیرساندنی شۆرشی سۆشیالیستیی</u> ل 42

لەم دەستەواژانەدا، دیسانەوە وەك ئەوانەی پێشوو،" هزری نوێی

کۆمونیستی" وەك ئەوەی مارکس و ئەنگلس لەبارەوەی دەدوێن، هوشیاری و شۆڕش لە دەرەوەی خودی چەوساوانەوە دێن، پرسیار ئەوەیە، لە (کێ)وە و لە (کوێ)وە دێن؟ چونکە نووسەر دەلێت دوورخستنەوەی تەواوی چەوساوان لێی و پەیوەستکردنیان بە خۆی و ئامادەکردنیان، کە ئەمەش هەمان هزری بەسەرچووی جارانە و نادروستە، کە پێیوایە چەوساوان لەوانەش چینی کرێکار و زەحمەتکێسان، بەخۆیان توانای بیرکردنەوەیان نییە! ئەگەر ئاوا نییە و من هەڵە تێگەیشتووم و لە خۆیانەوەیە، ئیدی چ پێویست بەوە دەکات، پێوەی پەیوەست بن؟ چونکە پەیوەستبوون، پێداویستی بەیەکگەیشتنی دوو شتی بەیەك نامۆ و لەیەك دابڕاوە! ئینجا ئامادەکردنیان، چ واتایە بەدەستەوە دەدات، ئەگەر ئەوان خۆیان ئافەرێنەری ئەو هزرەن و لەناو خۆیاندایە؟ ئەدی ئەوانە کێن، کە ئەوان بۆ شۆڕش ئامادە دەکەن؟

ئەمە هەمان بیرکردنەوەی ئایدیالیستانەیە، کە پێیوایە سەرەتا هۆشیاری لە دەرەوەی گەردوون، بوونی هەبووە و کاری لەسەر دروستکردنی کردووە و ئینجا مرۆڤ و دەوروبەکەی هاتووەنەتە بوون. بەڵام کەتواری هەموو ڕووداو و گۆڕانەکانی مێژوو ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت، کە هۆشیاری بەرهەمی کەڵەکەبوونی ئەزموونەکانی خودی مرۆڤە، ئیدی ئەو مرۆڤە کرێکارێك بێت یا مشەخۆر (بۆرجوا)یەك. بەم پێیە هوشیاری چەوساوان لەوانەش کرێکاران لە خودی کردە (پراکتیک) و کەڵەکەبوونی ئەزموونی خۆیانەوە سەرهەڵدەدات و گەشەسەندن و گشتگیربوونیشی خەباتی بەردەوامی خودی خۆیانە و ئامادەکاریشیان بۆ شۆڕش بە ئامادەیی ئەو خۆهوشیارییە و بە پێداویستی بێچەندوچوونی

گـــــۆڕانـەوە پەیوەســــــتە، نـەك بـــــە چـــــاكەخوازی و دڵســــــۆزی وردەبۆرجوازییـیەوە بۆ چەوساوان.

بـۆ تێگـەیشـتن لـەمـە و ڕۆشـنبوونـەوەی، پێویسـتـە تێكسـتـی هـەمـوو ئـاییـنـەكـــان و وتـەی فیلۆســـۆف و زانـاكـــان و بیریارەكـــان لـەتـەك ڕووداوەكـــــانـی ئـەو ســــەدەمـەدا بـەراورد بكـەیـــــن، ئـەوا بۆمــــــان دەردەكـەوێـــت، كــە هـەمیشـــە لـــە دوای ڕووداوەكـــانـەوە بـــوون و ئـەوانـەش كـــە قسـەیان لـەســـەر سۆشـیـالیزم و خـەبـــات و شـۆڕشـــی چینـــایـەتـی كـردووە، تـەنیـــا هـەڵسـەنگـاندنیان لـەسـەر ڕووداوەكـــان كـــردووە و زۆرجـــاریش ناڕاســتـگۆبوون و دژەخـونییـــان لێكـــردووە و ڕاستییەكانیان شـێواندوون و وەهـایـان نیشـانداوە، كـە ڕووداوەكـان دوای ڕێنـــوێنـی ئـەوان كـەوتـــوون و وەگـەڕكـەوتنـــی گۆڕانـەكـــان و هوشیـاربوونـەوە لـە كـەلـەسـەری ئـەوانـەوە دەستی پێكردووە.

<u>دەرفـەتـی ئـەوە نـەمـاوە كۆمـونیستـەكان بتوانن لـەنێو یـەك یـەكێتـیی بـۆ سـەراسـەری جیـهـان كـاروبـارە رامیـاریی و ڕێكخراوەییـەكـانـی خۆیان ڕێكبخـەن ل 42</u>

لێرەدا ئـەگـەر مـەبـەست لـە كۆمـونیستـەكان هـەموو ئـەوانـە بێـت، كـە خۆیـــان بـــە كۆمـونیســـت دەزانـــن، بـــە بۆچـــوونـی مـــن لـــە هیـــچ ســـەردەمێكدا بـــواری پەیوەنـــدی (communication) بـەقـەد ئێســتـا لـەبـار و ئـاسـان و گونجـاو نـەبـووە و ئـەوەی ڕێگـرە، پیلانـــی ڕژێمـە كۆنـەپـەرست و چـەوسێنـەرەكان نییە، بـەڵكو یـەكـەم دەسـەلاتخوازیی و دەسـتـەگـەریی و شـــەڕی ڕابـەریكـردن و دۆمینـەتكردنــە، كـــە هـەر گـــروپ و دەســـتـەیـەك خـــۆی بـــە ڕابـەری ئـەوانـــی دیكـــە و جیهـــان

دەزانێت، دووەم خۆبەستنەوەیانە بە کۆمەڵێك دەقی نەزۆکەوە، کە هەر یەکە ئەوی دیکە بە لادان و دژەخوونی لەو دەقانە و بێوەفایی بۆ بتەکان تاوانبار دەکات. هەروەها شێوازی ڕێکخستنی کۆمونیستەکان چ لە ڕێکخراوە جەماوەرییەکانیان [کۆمیتە پارتییەکانیان]دا، چ لە ڕێکخراوە ڕامیارییەکانیاندا، چ لە نێونەتەوەییەکانیاندا، ڕێکخستن و پێکهاتەی قوچکەییانە (هیرارشیانە) بووە و هەیە، کە پلەوپایە و زنجیرە پلەی وەك ڕابەر و جێگر و گوێگر و جێبەجێگەر و چی و چی دەکاتە مەرجی یەکگرتن و سەرکەوتن، بۆیە دوو سەد ساڵەخەریکی شەڕە ڕابەر و شەڕە ئۆرتۆدکسبوون و شەڕە مامۆستابوونن.

هەرکات کۆمونیستەکان، دانیان بەوەدا نا، کە هوشیاری چینایەتی بەرهەمی خەباتی چینایەتییە، بزاڤی سۆسیالیستی ڕابەر و مامۆستا ڕەتدەکاتەوە و ڕێکخستنی ڕامیاریی (پارتی) تەنیا سێکتاریزم بەرهەم دەهێنێت و کەس داهێنەری هزری سۆشیالیستی نییە و شۆڕش و ئەرکەکانی ئەرك و بەرهەمی کاری هەرەوەزی خۆبەخشانەی تاکە چەوساوەکانە و پێویستی بە تەوقیتی شۆڕش و ناوەندی بڕیاردان و ئامۆژگاری کەس نییە، ئەوکات دەتوانن وەك تاکی ئازادئەندێش لە هاریکاری هەرەوەزانەدا بەبێ دەستوور و پەیڕەو یەکبگرن و یەکێتییە لۆکاڵییەکانیان بەرەو یەکێتی جیهانی پەرەپێبدەن، واتە کۆمونیستێکی لەدایکبووی عیراق و کوردستان لە لەندەن، تەنیا ئەرکی بانگەوازکردنی کرێکاران و کۆمونیستەکانی بریتانیا نییە بۆ بەشداری و هاوپشتی لە خۆپیشاندانی هاوپشتی لە پەنابەران و پارتە کۆمونیستەکانی کوردستان و عیراق و ئێران، بەڵکو

بەهەمان شێوەش ئەرکییەتی لە خەباتی شوێنی کار و ژیان و چالاکی کۆمونیستەکانی (لەندەن)دا زیاتر لە ڕادەی ئاوڕدانەوەی لە کوردستان، بەشدار بێت و چالاك بێت. واتە لۆکاڵی کار بکەن و جیهانی بیر بکەنەوە، نەك جیهانی کار بکەن و لۆکاڵی بیر بکەوە. یەکێتی جیهانی بەم گیانە چینایەتی و شۆرشگێرانەوە دێتە ئاراوە، نەك بە پەیماننامە و نامەگۆڕینەوەی دوو سکرتێری دوو پارت و دوو کۆمیتەی پارتیی[ بەناو ڕێکخراوی جەماوەریی] ڕێکخراو لەسەر بنەمای هیرارشیانەی ڕابەر و ڕابەریکراو.

هەرچەندە ئەرکی من نییە، ڕۆشنایی بخەمە بەرپێی کۆمونیستەکان، چونکە کۆمونیستەکان بەداخەوە لەم هەزارەی سێیەمیشدا واتە خۆبەماموستازانان و دەسەڵاتخوزانێك، کە هەردەم خەریکی دۆمینەتکردنی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و سەپاندنی ڕێکخستنی هیراشییانەی خۆیانن بەسەر ڕێکخراوە جەماوەرییەکاندا، ئەمەش درێژەی هەمان بیرکردنەوە و کاری سۆشیال-دیموکراسی سەد و ئەوەندە ساڵە. لەبەرئەوە ئەو دێرانەی سەرەوە تەنیا نموونەیەك بوون بۆ گەیاندنی مەبەستەکەم و بەس.

<u>کات و شوێن لە شۆڕشی سۆشیالیستی.</u>

<u>شۆڕشی سۆشیالیستی بەو پێیەی دەبێتە گۆڕانکاریی و وەرچەرخانێکی گرنگ و مەزن بۆ گشت بارەکانی کۆمەڵ.. پێشبینیکردن و دەستنیشانکردنی کات و شوێنی هەڵگیرسانەکەی کار و بڕیارێکی هێندە ئاسان و ئاسایی نییە، ......؛ سەرەتا</u>

پێویستە سەرجەم پێداویستییەکانی (سەرهەڵدان و پاراستن و درێژەپێدان)ی ئامادە و رێکخرابێ.. هەروا نەخشەیەکی پێشنیارکراوی ئاکام و دەرەنجامەکانیشی بۆ دارێژدرابێ ئەنجا بە باوەڕبەخۆبوونێکی چەسپاو – خۆڕاگرانە و بێ دوودڵیی - بڕیارێکی چارەنوسسازانە لەسەر هەردووکیان بدرێ؛ لەسەر کاتێکی گونجاو و دیارکراو (بۆ دابسانی یەکەم ترووسکەی شۆڕش) و لەسەر شوێنێکی لەبار و دیارکراو (جا ئەو شوێنە وڵاتێکە یا ناوچەیەکە یا سەراسەری جیهانە). ل.44

کات و شوێن بۆ شۆڕشی سۆشیالیستیی شتێکی ئامادەکراو یان بەدەگێکی بەردەست و دانراو نییە تا هەر کاتێك ئارەزوو بکرێ دەستی بۆ ببردرێ و بەکاربهێندرێ، هێشتا لە چوارچێوەی هەڵسوکەوتپێکردن و کار راپەڕاندنێکی نوێ خۆی دەنوێنێ و ئەزموونێکی هێندە زۆری نییە تا چەندین رێوشوێنی ئەو کارە کردەییە ساغ کرابێتەوە و دیاردە و ئەنجامی ئاشکرا و بەرجەستەی هەبێ و لە چەندبارەکردنەوەیدا سەرپێییانە تەماشا بکرێ و بە شێوەیەکی ئاسایی بەرێبخرێ. ل.45

ئەم دوو پەرەگرافە، دووجار یەکدی ڕەتدەکەنەوە؛ جارێك لە (ل. 44)دا پلان و کاتی شۆڕش بە پێشمەرج دادەنێت، کەچی لە (ل. 45)دا بۆچوونەکەی (ل.44) ڕەتدەکاتەوە. جارێك باس لە دووریی شۆڕش دەکات وەك پۆشاکی بەردەستی بەرگدوورێك نەك وەك دیاردەیەکی زیندووی خۆبەخۆ و کتوپڕ و هەمیشە ئامادەی نێو بزاڤە کۆمەڵایەتییەکان. جارێکی دی دەڵێت "کات و شوێن بۆ شۆڕشی سۆشیالیستیی شتێکی ئامادەکراو یان بەدەگێکی بەردەست و دانراو نییە تا هەر کاتێك ئارەزوو بکرێ دەستی بۆ

بـــبردرێ و بـەکاربهێنــدرێ،" کــە ئەمەش ڕەتکەرەوەی نەخشـــە و پلانی نێودێرەکانی پێشووترە و یەکدی ڕەتدەکەنەوە.

ئەگەر لەم نـــاکۆکییە بگــــوزەرێم، ئەوا هێشـــتا خـــۆم لەتەك ڕوانگەیەکـی میکانیکیدا دەرگیر دەبینم، کـە شـۆڕش بـە خـاڵی بڕیاردانی چەند کەسێك یا کاتژێری ڕاگەیاندن دەبینێت. ئەمە کتومت ڕوانگەی لێنیستەکانە، کـە لـە فێبریوەری خەڵك لەسەر شـەقامەکان بـوون، سـەدان هەزار ژن مانیانگرتبوو، سۆڤیەتەکان پێکهاتبوون، کەچی ئەوان بیریان لە ئەندازیاری شۆرش دەکردەوە و لۆتـۆ (یانەسیب)ی بەشداری دەسەلاتی بۆرجوازی یا شۆرشیان ڕادەکێشا.

پێشتر لەمەڕ هوشیاری شۆڕشگێڕانەی چینایەتی و ڕێکخستن و خەباتی جەماوەری بۆچوونی خۆم خستەڕوو، هەروەك پێموایە، کە ئەو خۆهوشیارییە و خەباتە ڕۆژانەیە، پێداویستی و ئەزموونکردن و نـاکۆکی کـار و سـەرمایە دروستی دەکـات و لـە لای کرێکـاران و توێژە بەرهەلستکارەکانی کۆمەڵگە گەڵاڵە دەبێت و وەك وەڵام بـە پێداویستییەکانی خەبـاتی ڕۆژانــە دێتـە بـوون، هەرواش شـۆڕش ڕەوتێکـی مێژوویـی گـۆڕانی کـۆمەڵگەیە و سـەروکەتنی خـاڵی بـە لوتکەگەیشتنی ناکۆکییەکـانە. ئەگەر شـۆڕش بـە بەری درەختێك بچوێنم، ئەوا ئەو بەرانەی کـە نەخۆشـن، زوو دەکەونـە خـوارەوە، بەڵام بەرە تەندروستەکان تـا دواخـاڵی گەییـن پەروەردە دەبـن و ئینجا دەکەونە خوارەوە. بەمجۆرە شۆڕش خـاڵی کەوتنەخـوارەوەی بەرە گەنیو و کرمۆڵەکان نییـە، بەڵکو خـاڵی بـە ئەنجامگەیشتنی پرۆسـەی شۆڕشـەکەیە. سـەرهەڵدان و پێگەییـنی شۆڕشـیش وەك

پێگەیینـی بەری درەختێك [ بـە فەرمـانی خـوا نـایێتەبوون وەك ئایدیالیستەكان پاگەندەی دەكەن] بەڵكو بە یەكـانگیری كۆمەڵێك پێداویستی و بارودۆخ و لەباری كەشی پێگەیینەكەیە، دروستی دەكـات. شۆڕشـیش بەرهەمـی ئەنـدازیاری دەسـتەبژێرێكی كۆمونیسـت نییـە، بەڵكـو بەرهەمـی یەكـانگیری هوشـیاری شۆڕشـگێرانە و گشـتگیری ئەو خۆهوشـیارییە و پێگەیینـی ناكۆكییەكـانی بندەسـتان لەتەك سـەروەران و بەلـوتكەگەیینی خەباتەكەیـان و هـاتنی خـاڵی تەقینەوەی یەكجـارییە، واتـە پێداویستی ڕوخانی سیستەمەكە، وەك سیستەمەكانی پێشوو كـاتی خـۆی دێـت و ئەمەش بـە ئامـادەیی و خۆهوشـیاری و ویسـتی چەوسـاوانەوە بەسـتراوە. هەرواش سـەركەوتنی دژەشۆڕشـان لـە چەشـنی بۆرجواكـان لـە شۆڕشـی دژی فیئۆدالیزمـدا، وەك بەربـوونەوەی بەرە نەخۆشـەكانی درەخـتێكە و ئەوەش كۆمەڵێك هۆكاری ناوەكی و دەرەكی خۆی هەیە و گەورەترینیان نائامادەیی خۆهوشـیاری شۆڕشـگێرانەی چەوسـاوان و خۆشـباوەڕییانە بـە تێڕوانیـن و بەرنـامەی وردەبۆرجـوازی دسـەلاتخواز، وەك خۆشـباوەڕیی چەوسـاوان بـە سۆشیالیسـتە دەسـەلاتخوازەكان لـە شۆڕشی ئۆكتۆبەری 1917ی ڕوسیەدا.

هەرچەنـدە ئەزمـوونی هەردوو شۆڕشـی كۆمـونەی پـاریس و ئۆكتـۆبەری سـۆڤیەتیی كۆمەڵێك پەنـد و وانەی چاكیـان لە دوای خۆیـانەوە جێهێشـت..... هەر لـە نێـو ئەوانیشـدا بەوە گەیشـت بڕیاری كات و شوێن دیاركردنی هەردوو شۆڕش بدرێ و پاشانیش بە تەواویی بە لاڕێدا بچن. ل.45

وەك پێشتر وتم، ڕوانگەیەك كە شۆڕش و خاڵی بە تەقینەوەگەیشتنی شۆڕش یەكی دەگرێت، ناچار ئەندازیاران و ڕاگەیێنەرانی كاتژێری سفر قوت بكاتەوە، ئەوا بێجگە لەو دوو تەقینەوانە شۆڕش لە هیچ شوێنێكی دیكە نابینێت. ئەمە گەورەترین گورزی كوشندەبووە لە هزری شۆڕشگێڕیی و ڕۆڵ و كارای خودی چەوساوان لەو شۆڕشانەدا.

بە بۆچوونی من، جیهان تەنیا دوو شۆرشی بە خۆوە نەدیوە و بەردەوام بە خەباتی چەوساوان شۆرش بارگاوی دەبێت. ئەگەر ئێمە داخوازی و گۆرانەكانی ژیان لە ڕەوتی مێژوودا بە نموونە وەربگرین، بۆمان دەردەكەوێت، كە شۆرش پرۆسێسێكی بەردەوامی ڕوو لە پێشە؛ بۆ نموونە لە ئەوروپا و ئەمەریكا 300 ساڵ ڕەشپێشتەكان وەك كالا بازرگانیان پێوە دەكرا و تەنانەت كەم سەیركردنیان لەلایەن خودی چەوساوانی ئەو ولاتانەوە دیاردەیەكی نكۆڵی هەڵنەگرە، كەچی ئەوڕۆكە نەوەی ئەو چەوساوە ناهوشیارانە لەتەك ڕەشپێستەكان ئەویندارى دەكەن. شەش دەهە پێشتر چەوساوانی فەرەنسە و ئاڵمان دەچوونە سەنگەری دەسەلاتدارانەوە و دژی یەكدی دەجەنگان، كەچی ئەمڕۆ لە هاوخەباتی چینایەتیدا پشتیوانی لەیەك دەكەن. ڕۆژگارێك بوو، ئەوروپییەكان بە گوێڕایەڵی كەنیسەكان بەرەو خۆرهەلات بەڕێ دەكەوتن، كەچی لە جەنگەكانی ڤیتنام و كوریا و ئەفگانستان و عیراقدا لە 120 شاری ئەوروپی و ئەمەریكیدا ملیۆنان مرۆڤ وەك هاودەردی و وەستانەوە دژی جەنگ، ڕژانە سەرشەقامەكان. ئایا ئەمانە بەشێك لە بەرگرتنی پرۆسێسی شۆرش نین، ئایا ئەمانە هەنگاوەكانی ناو شۆرش و بەرهەمی ئەو

گۆڕانانـانـه نیـن، کـه بـەردەوامـی شـۆرش دروسـتییان دەکـات؟ ئـایـا ئـەمانـه نیشانـەی شۆڕش و هـەنگاوی هـەنووکـەیـی شۆڕش نین؟

مـن بۆخـۆم ئـەو تـاقیگـەرییەی سۆشـیالیزم و دێمـۆکراتـی لـە خـوارەوەرا لـە ئـەرژەنـتین [دەستبەسـەرداگرتنی کارخانـەکـان و خۆبـەڕێوەبـەرایـەتـی کرێکـاریی و پێکهێنـانـی هـەرەوەزییـەکـانـی نـاو گـەڕەکـەکان و هاریکاری و هاوپشتی چینـایـەتـی نێـوان بـزووتنـەوەی بێکـاران و ڕێکخـراوی دایکـانـی زینـدانیان و خۆبـەڕێـوەبـەرایـەتییه کرێکارییەکان و ئـەنجومـەنی گـەڕەکـەکـان ] کـەمـتر لـەو دوو شۆڕشـه نـابینم، کـه نووسـەر و زۆرێکـی دیکـه ڕیزیـان کـردوون و دەکـەن. چونکه لـەم ئـەزموونـه تازەدا ئـەوە زانا و فیلۆسۆف و بیریاره ڕیشن و سەکسـۆکـەدار و بۆیباخلـەملـەکـان نیـن، کـه لـه سـەرکردایـەتـی پارتـەکانـەوە پلانـی خـەباتـی و شێوازی ڕێکخستن و هـەنگـاو و کـاتـی شۆڕشـییان بـۆ کرێکـاران دیـاری دەکـەن، ئـەوە خۆیـانن و تـەنیـا خۆیـان خـەریکـن هـەر لـەنـاو ئـەم سیستـەمه خۆیـدا، سۆشـیالیزم و دیمـۆکراتـی ڕاسـتـەوخۆ، پێشـنیار دەکەن و ئـەزمـوونـی دەکـەن و نیشانـی دەدەن، کـه گـەشـەسـەندن و پـەرەسـەندنی بـەرهـەمهێنـان لـه یـەکێـتی و یـەکسـانی و خۆبـەڕێـوەبـەرایـەتـی کرێکـاران و زەحمـەتکێشـاندا باشـتر لـە سـایـەی بـوونی بۆرجواکـان و هیراشییـەکـەیاندا ڕوو لـەسـەر دەبێت و ئـەمـەش ئـایـدیـای پێویستـی قۆنـاخـی سـەرمایـەداری بـۆ گـەیشتن بـه سۆشیالیزم بـەدرۆخستـەوە، هـەروەك کۆمونـەکـانـی ئۆکرانیـا ١٩١٧- ١٩٢١ هـەرەوەزییـەکـانـی کـەتـەلۆنیـا ١٩٣٦-١٩٣٩ پێشـتر نیشـانیان دا، لـە هـەژارتریـن و دواکـەوتـووترین شـوێنـی ئـەم گـۆی زەمینـەدا سۆشـیالیزم وەك هـەر شـوێنێکی گـەشـەکردوو و دەوڵـەمـەنـدی دیکـه شـیـاوی ڕوودان و

سەرکەوتنە و لە هەردوو بارەکەدا ژیان و ئازادی و دادپەروەری و گەشەی بەرهەمهێنان و پەروەردەبوونی مرۆڤی ئازاد باشتر لەو [قۆناخە خوێناوییە] بەرهەم دێت، کە بیریارانی سەدەی نۆزدە پەسەندەیان دەکردن. بەڵام لە نموونەی دیکتاتۆری بۆلشەڤیزم لە روسیە و پاشرەوانیدا هاوکیشەکە پێچەوانە دەبێتەوە و دوای ٧٠ساڵ ئیمپراتۆرییەکەیان وەك پەشمەك دەتوێتەوە و کۆتایی بە زیندانی سۆشیالیزمی دەوڵەتی و نەتەوەیی ڕوسەکان و ئەوانی دیکە دێت، ئەزموونەکان نیشانمان دەدەن، کە ئێمە ڕزگار ناکرێین، بەڵکو تەنیا خۆمان دەتوانین خۆمان ڕزگار بکەین و بۆ وەها ڕزگاربوونێکیش بێجگە لە خۆهوشیاریی و ویست (ئیرادە)ی خۆمان، هیچ پێشمەرجێکی گەشەسەندوویی ئابووریی و بوونی ڕێکخراوی قوچکەیی رامیاریی و نوێنەرانی چەنەبازی پارلەمان، پێویست و مەرجی سەرکەوتن نین.

<u>تەنانەت لەو دواییانەش کەڵەگایی رژێمی سەرمایەداریی نەیانتوانیوە بزاڤی کۆمونیستی رابردوو کە هیچ رێکخراوێکی ئەوتۆ یان هێزێکی بەرانگاریشی نەماوە بەو شێوەیە کارکەنار و سەرکوت بکا کە هیچ رۆلێکی نەمێنێ لەسەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان و نەخشە رامیارییەکان، هاوکات لە باری ئێستادا تەمی سەر بە لارێدا چوونی بزاڤی کۆمونیستی رابردوو بە تەواویی رەویتەوە و یەکسانیخوازان رێگەچارە و هێڵی تازەیان بەدەستەوەیە و زۆر بەکەموپوختی کار دەکەن و هەنگاوی گەورە دەنێن.</u> ل.46

لە سەراپای بابەتەکانی پەرتووکەکەی نووسەردا، بزاڤی یا

هزری" نوێی کۆمونیستی" لەلای خوێنەر ئیدەکانی خودی نووسەر دەگەیێنێت، بەڵام لێرەدا خەریکە باس لەو ڕێکخراو و گروپانە دەکات، کە پاش دارمانی ئیمپراتۆرییەکەی بۆلشەڤیزم سەریانهەلداوە. لەبەرئەوە پرسیارێکی دی لای من قوتدەبێتەوە، ئایا ئەو گروپ و هزرە ئەو تێڕوانینانەی ڕەتکردووەتەوە، کە بوونە نەزۆکی هزری کۆمونیستی کلاسیك؟ من بۆخۆم هێشتا شتی وام بەرچاو نەکەوتووە، کە کۆمونیزم وەك هزرێکی ئازاد واتە نائایدیۆلۆجیا هاتبێتە مەیدان و دەوڵەت و پارت و دیکتاتۆری و دەستەبژێری خۆی ڕەتکردبێتەوە.

<u>ئێستا هەڵگیرساندنی شۆڕشی سۆشیالیستی لە جاران پتر لەبارتر و گونجاوترە و پێویستەهەر ئێستا ئەنجام بدرێ، بەڵام ئەو هەر ئێستایە ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ بای هێندەکۆمونیستانێك پەیدا بووبن کە هێزێکی هەمەلایەنیان تێدا بێ بۆ هەڵگیرساندن و پاراستن و درێژەپێدانی شۆڕش</u> ل.46

ئەگەر خۆم لەوە ببوێرم، کە بڕوام بەو شۆرشە قورمیشکراوە نییە، گریمان شۆڕش هەر ئەوەیە، کە دەستەبژێرێك ئاوەزییان پێی دەشکێت و بەو سەرەنجامە دەگەن، کە کاتی شۆڕشە، ئەوا لەم بارەدا هیچ بڕوام بە شۆرش نامێنێت، چونکە ئەگەر لەتەك سەدەکانی ڕابوردوو و سەردەمە پڕ هەڵچوونەکانی ڕابوردوو و ناجێگیری یا نەبوونی دەوڵەتە سەراپاگیرە نەتەوەییەکان لەتەك جیهانیبوونەوەی دەسەڵات و کولتووریبوونەوەی مشەخۆریی و هێز و پانتایی میدیایان بەراوردی بکەم، ئەوا بەپێچەوانەوە شۆڕش لە جاران گونجاوتر و لەبارتر نییە. ئەمە لەلایەك و لەلایەکی

دیکەوە، شۆڕشی سۆشیالیستی، بەرهەمی شەڕی پارتیزانی و خۆپیشاندانی یاسایی و کودەتای دستەبژێرێکی کۆمونیست نییە، تاکو بە هەبوونی ژمارەیەکی دیاریکراو پیشە-ڕامیار[وەك بلانکی و لێنین و مەنسووری حیکمەت و ئەوانی دیکەی پێش و پاشیان پاگەندەیان بۆدەکرد]، سۆشیالیزم دامەزرێنن. نەخێر شۆڕشی سۆاشیالیستی، ڕاپەڕینی کۆمەڵگەیە، ڕاپەڕینی چین و توێژە بندەست و چەوساوەکانە، کە چیدیکە وەك سەردەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی لەتەك بارودۆخ و سیستەمەکەدا ناگونجێن و ناچار بە گۆڕینی دەبن.

هەروەها وەك وتم هەڵگیرساندنی شۆرش و پاراستن و درێژەپیدانی بە هەبوونی ژمارەیەك دەستەبژێرەوە نەبەستراوە و پەیوەندی بە پێداویستی و ویستی ڕزگاربوونی چەوساوانەوە هەیە، کەی ئەو ویست و ناچارییە گشتگیر و یەکانگیر بوو، ئەگەر کۆمونیستەکانی هەموو دونیاش ببنە پارێزەری ئەم سیستەمە هەنووکەییە، ئەوا هەر دەبێت بڕوخیت و کەس ناتوانێت بیگێڕێتە دواوە، وەك چۆن سیستەمەکانی کۆیلایەتی، فیئۆدالی، بەسەرچوون و بوونە بەشێك لە ڕابوردووی هەرگیز نەگەڕاوە.

<u>بەلام بە راگەیاندن و دەستبەکاربوونی بزاڤێکی کۆمونیستی راشکاو و پشت ئەستوور بەجیهانبینیی نوێ و لەدایکبووی نێو کەلتووری ڕەسەنی کۆمونیزم دەتواندرێ ئەو هێزەبە زوویی وەدەستبهێندرێ</u>، ل. 46

بەداخەوە من لە خوێندنەوەی واژەی ڕەسەندا تەنیا

ئۆرتۆدۆکسیزمەکەی حیکمەتیستەکان دەخوێنمەوە. ڕەسەن واتە چی و ناڕەسەن کامەیە؟ ڕەسەن لە هەموو بوارەکاندا واتە نەگۆڕ، شتێك کە وەك خۆی مابێتەوە. (ئۆرتۆدۆکسی مارکسی)یش هەر ئەمەیە، ئایا مەبەستی نووسەریش هەر مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکسە؟ ئەگەر ئەرێ، ئیدی پاگەندەکانی زانستیبوونی مارکسیزم چ بنەمایەکیان هەیە؟ لەوەها بارێکدا ئایا ئۆرتۆدۆکسیبوون ناکاتە کۆنەپەرستی و کۆنەپارێزی؟

<u>بەڵکە لەهەر شوێنێك توانا و پێداویستییەکانی هەڵگیرسان پەیداکرابێ و توانای پاراستن و درێژەپێدانی ئاواکردنی کۆمەڵگەیەکی سۆشیالیستیی نەخشەیەکی بەرنامەئامێزی زانستیی و هونەریی بۆ کێشرابێ ئەوا پێویستە ئەو شۆڕشە لەوێ ئەنجام بدرێ</u> ل. 46

ئەم تێڕوانینە میکانیکیانە و ئەم وێنا کۆمیدییە لە شۆڕش سەردەمی بەسەر چوو، لەو کاتەوەی نووسەر ئەم بابەتانەی نووسیون و من دەستم بە خوێندنەوەیان کردووە، دەیان شت وەك هەنگاوە وردەکانی شۆڕش گۆڕاون و ڕوویانداوە. شۆڕش لەسەر پلانی زانستی و هونەری ناوەستێت. شۆرش کۆپی خانەیی مەڕ و پلانی هێرشی سەربازی نییە، تاوەکو " نەخشەیەکی بەرنامەئامێزی زانستی و هونەری" بۆ بکێشرێت. شۆڕش، هوشیاربوونەوە و خەبات و یەکگرتنی چەوساوانە، کە دوا وێستگەی لە سەرزەمینی سەرمایەداریدا، لەناوبردنی دەسەڵات و پێکهاتە هیرارشییەکانی کۆمەڵگە و ناوەندەکانی بڕیاردانی سەروو خەڵکییە و خاڵی دەستپێکردنی مێژوویەکی دیکەیە؛

مێــژووی ئازادی و یەکســانی و دادپەروەری مرۆــڤ وەك تــاکی کــۆمەڵایەتی هوشــیارەوەبوو لــە بەرەبەیــانی کــۆمەڵگەی مرۆڤایەتییەوە تا هەنووکە و تا کاتیك کە سەروەری مرۆڤ بەسەر مرۆڤـدا یـا کـۆیلەتی مرۆـڤ بـۆ مرۆـڤ لـە ئارادا بێـت، شـۆڕش بەردەوام دەبێت و مرۆڤی ئازادیخواز هەموو ساتێك لـە شۆڕشدا دەبێــت، بــە واتــایەکی دیکــە شــۆڕش پڕۆسێســێکی بەردەوامــی مێژووییە، کە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییە دژە سەروەرییەکان لە هەر ساتێکی خەباتی ڕۆـژانەدا پایەکـانی جێگیـر و سـەرکەوتنەکانی تۆمــار دەکەن، شــۆڕش کــاتێکی دیــاریکرا و نەخشــەیەکی پێــش ئامادەکراو نییە . چونکە هەروا کە هیچ دیاردەیەك یا سیستەمێك لە شەوڕۆژێك و بە پلانێکی میکانیکی نەهاتووەتە بـوون، هەرواش شۆڕش دژی دیاردەکان و سیستەمەکان و لەناوبردنیـان لـە خاڵێك و سـاتێکی دیـاریکراو و قورمیشـکراو و لـە شـەوڕۆژێکدا ڕوونـادات و سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت و ئەو دیاردە چینایەتییانەی کـە بـە پڕۆسێسێکی مێژوویـی کـۆمەڵایەتی بـوونەتەوە و بـوونەتە بەشێك لــــە کولتــــووری خەڵـــك، بــــە راگەیانــــدنێکی جادوویيــــانەی دەســتەبژێرێك لــە شــەوڕۆژێکدا لـەنــاو نــاچن، هەر ئـەمــە وەك ئەرکێکی شۆرشگێڕانە بەسەرماندا دەسەپێنێت، کـە هەر ئەمڕۆ و لەناو ئەم سیستەمە چینـایەتییەدا بـۆ ڕاگرتـن و ئاوەژووکدنەوەی ئەو پڕۆسێســـە مێژوویـــە، ڕۆژانـــە لـــە پـــایە کـــۆمەلایەتی و کولتوورییەکــانی سیســتەمی ســەروەری چینــایەتی بــدەین و ئەڵتەرنــاتیڤە ئابــووریی و رامیــاریی و کولتوورییەکــانی خۆمــان بەهەر رادەیەك کــە بۆمــان لــواو بێــت، جێگیــر و کــۆمەڵایەتی بکەینەوە. لەسـەر ئەم بنەمـایەیە، کـە دەڵێم ڕۆڵـی دەستەبژێری پیشە-ڕامیار بێجگە لە وێناکردنی سۆپەرمانی بـە کەتـوار، هیچـی

دیکە نابێت و ئەگەر هەزاران جار ئەو هەلەیان بۆ بڕەخسێتەوە، کە لە خۆشباوەڕیی چەوساوانی شۆڕشی 1917دا بۆیان ڕەخسا، ئەوا بێجگە لە گەورەتربوون و فراوانتربوونی ئاست و ڕەهەندی دیکتاتۆری و مالۆێرانی و "کوشتن و سێدارەی شۆڕشگێڕانە"ی خودی چەوساوانی ناڕازی، هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێنەوە. سەرهەڵدانی هەموو دیکتاتۆرییەکیش لەو خاڵەوە سەرهەڵدەدات، کە کەمینەیەك، زۆرینە بە گەمژە و نەزان دەزانێت و پێیوایە ئەرکی ئەوە، کە ژیان و چۆنیەتی بیرکردنەوە و هەلسوکەوتییان پێ دیکتە بکات و کودەتا بکات و میری دامەزرێنێت و بڕیاریان بۆ بدات و کۆمەڵگەیان بۆ بکات بەو" بەهەشت"ەی کە خۆی نێوی دێمۆکراسی و سۆشیالیزم و زۆری دیکەی لێدەنێت.

<u>سەرەنجام دیارکردنی کات و شوێن بۆ شۆڕشی سۆشیالیستی بەگوێرەی (چەند و چۆن و چیەتیی)ی هەڵسانەسەرپێی کرێکاران و چینە زەحمەتکێش و بنبەشەکانی کۆمەڵ و بلاوبوونەوە و تەشەنەکردنی هێزی کۆمونیستی بڕیاری لەسەر دەدرێ کە ئەوەش لەوانەیە ماوەیەکی کەم یان زۆر بخایەنێ بەڵام بێگومان هەر دێتەپێش و گرنگیش ئەوەیە کە تا پێنەگەیشتبێ دەستی بۆ نەبردرێ.</u> ل.46

کات و شوێن دیاریکردن لە پانتایی گەردووندا چەندە لە کەتوارەوە دوورە، هێندەش ساتی تەقینەوەی کۆتایی شۆرش (نەك شۆڕش)ی کۆمەڵایەتی، لە نەخشە و سات دیاریکردنی کودەتاچییانە [نەك شۆڕشگێڕانە]وە دوورە.

سەرەنجام

سەرەنجام كۆی ئەو تێڕوانینانەی سەرەوە (وەرگۆڕان)ێكی بەرجەستە و راشكاو بەسەر بزاڤی كۆمونیزمی كلاسیكیی دادەهێنێ و لە ئاكار و نێوەرۆكدا هزرێكی نوێی كۆمونیستی لێ وەبەرهەمدەهێنێ، ئەو هزرەش خۆبەخۆ بزاڤێكی رامیاریی و رێكخراوەیی بەدوادا دێ كە لەسەر بنەما بنچینەییە فەلسەفیی و هزرییەكانی جیهانبینیی ماركسیزم دادەمەزرێ ل.47

دواجار وەڵامی ئەو پرسیارەم وەرگرتەوە، كە لەبەر ناڕۆشنی پێشنیاركردنی خودی "هزری نوێی كۆمونسیتی" لە بابەتەكاندا بە دووجۆری جیاواز لە سەرەنجامدا سەرەتاتكێمان لەتەكدا دەكات، كە هەندێك جار وەك بزووتنەوەیەكی بەكردەوەی ئامادە قسە دەكات و هەندێك جار وەك بزاڤێكی لەباری لەدایكبوون و پێگرتندا خۆی نیشان دەدات، بەڵام بەم سەرەتاییەی سەرەنجامەكە، دەردەكەوێت، كە مەبەست لە "هزری نوێی كۆمونیستی" كۆمەڵێك سەرخەتن، كە خودی نووسەر دەیانخاتە ڕوو. كە بڕیارە وەرگۆڕان بەسەر بزاڤی كۆمونیزمی كلاسیكیی دا بهێنن. بەڵام چۆن، لە كاتێكدا كە خودی ئەم "هزرە نوێیەی كۆمونیزم" خۆی لەسەر بنەما بنچینەییە فەلسەفیی و هزرییەكانی جیهانبینیی ماركسیزم دادەمەزرێنێتەوە، كە بە نۆرەی خۆیان هۆكاری شكستخواردنی بزاڤەكانی تا ئیستا بوون؟ لە وەها بارێكدا چۆن دەتوانێت پەیامی وەرگۆران و بەدەستهێنانی سەرەنجامی دیكەمان پێبدات؟

ئەو وەرگۆڕانە تازەیە هێندەسەراپاگیرە تەنانەت بۆ تەشەنەکردنی هزرە نوێیە بەرهەمهاتووەکەشی - کە لەنێو یەکێتییەکی ناپارتیی گەشەدەکا و دەرسکێ - شێوەی ڕێکخراوبوونی پارتیی دەگۆڕێ و لەسەر بنچینەی (دەستەبەندیی کۆمەڵایەتیی) و بە شێوەی کۆمونەیی ڕێکخراوی دەکا، ئەو ڕێکخراوبوونەش لە یەکگرتنێکی چینایەتییانەی گشت ئەو کۆمونیستانەپێکدێ کەراستەوخۆ لەئەنجامی ململانێی خودی ناکۆکییەکانی نێوان کار و سەرمایە کۆمونیزمیان وەك هزر و رامیاریی بۆ گۆڕینی سیستەم و گەیشتن بەقۆناغی ئایندەی مرۆڤایەتیی - کەچەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوەی تێدا بنەبڕ دەبێ – هەڵبژاردووە ل.47

لێرەدا دیسانەوە ئەڵتەرناتیڤی ڕێکخراوی پارتیی، ڕێکخراوی تەنیا کۆمونیستەکانە، کە نووسەر بە "دەستەبەندیی کۆمەڵایەتیی" نێویان دەبات. پرسیار: ئایا ناکۆمونیستەکان لە کوێی ئەو دەستەبەندییە کۆمەڵایەتییەدا جێگیر دەبن یا دەوەستن؟

هەروەها وەك پەرەگرافەکانی دیکە شۆرش و ئەرکی گۆڕینی کۆمەڵگە بە ڕێکخراوەی کۆمونیستە هزرنوێیەکان دەبەستێتەوە. پرسیار: ئایا ڕۆڵی چین و توێژە بندەستە ناکۆمونیستەکان و ڕێکخراوە خەباتکارەکانیان لەو پەیوەندەدا چی دەبێت؟

هەروا بەتوندییش پێ لەسەر ئەوەدادەگرێ کە پێویستە کۆمونیستەکان - لەهەر ناوچەو وڵات و سەرزەمینێکی ژیاندا

هەن- بەپێی تێڕوانین و بەرژەوەندییەچینایەتییەکانی چینی کرێکاران و تەواوی چەوساوان پێویستییوونی یەکێتییەکی کۆمونیستی بۆ ئەو شوێنانەبسەلمێنن.. بۆ یەکدەنگیی و هاوکاریی و هاوخەباتییش بەبایەخپێدانێکی زۆر و بەکردەوەلە نێوان گشت یەکێتییەکان (یەکێتی گشتیی کۆمونیستی جیهانیی) دابمەزرێنن بۆ بەڕێوەبردن و سەرکردایەتییکردنی خەباتی کۆمونیستی لەسەر ئاستی تێکڕای جیهان. ل.48

ئەی خودی یەکێتییە کرێکاری و جەماوەرییەکان ڕۆڵیان چی دەبێت؟ ئایا جیاوازی ئەم بەڕێوەبردن و سەرکردایەتیکردنەی کۆمونیستە هزر نوێیەکان، لەتەك سەرکرایەتییەك کە دوو سەدە کۆمونیستە هزر نانوێیەکان پاگەندەیان بۆ کرد و بەزۆری پۆلیس و پاژنەی ئاسنینی لەشکر بەسەر کرێکاراندا سەپاندنیان، چییە؟ ئایا سەرکرایەتی کۆمونیستەکان واتای بنکرایەتی ناکۆمونیستەکان ناگەیێنیت؟ ئایا کرێکاری بنکردایەتی (جێبەجێگەری فەرمانی سەرکردان) دەتوانێت لە سایەی هەبوونی سەرکردایەتی کۆمونیستەکاندا ئازاد بێت؟ ئایا دەکرێت پاساوی ئەو سەرکردایەتییە بزانین و ڕەگە سروشتییەکانی لە هزری ئازایخوازی و کۆمەڵگەی سۆشیالیستیدا، کە بریارە کەس سەروەری کەس نەبێت، پەیدا بکەین؟

هزری نوێی کۆمونیستی وەك وەرگۆڕانێکی مەزن داهێنانێکی مێژووکردی بابەتییەو لە مندالّدانی ناکۆکییە چینایەتییەکان و کێشمەکێشمی خۆساغکردنەوی بزاڤێکی راستەقینەی کۆمونیستی لەدایکبووەو خۆشی بەدرێژەپێدەری هەمان بزاڤ دەزانێ، وەلی

لەئەنجامی لادان و خۆخەریککردنی ئەو بزاڤە بەکۆمەڵێك کێشەی لابەلا و رۆتینیی نێو کۆمەڵگەی سەرمایەداریی لەلایەك و نەگونجان و هەبوونی کۆمەڵێك ناکۆکیی خۆی لەگەڵ هزری کۆمونیستی راستەقینەو بەرژەوەندییە چینایەتییەکانی چینی کرێکاران زەحمەتکێشان لەلایەکیدی کەبوونەکۆسپ لەبەردەم گەشەکردنی سروشتییانەی خۆی.. سەرەنجام بەشێوەیەکی نائاسیی رووەو هەڵدێر بۆوە، ئا هەر لەو سەروبەندانەدا هزری نوێی کۆمونیستی وەك هێڵێکی گشتیی و جوایەزی ئەو بزاڤەلەهەردوو رووی رامیاریی و رێکخراوەیی و بەگەڕانەوە بۆ بنچینەو پێکهاتە سەرەکیی و ڕەسەنەکانی مارکسیزم و بەرەچاوکردنی بارودۆخی بەردەوام لەگۆڕانداى کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی لە دید و بۆچوونێکی تازەو بەخوێندنەوەیەکی هوورد و زانستییانەی چەمك و کارکردە کۆمونیستیەکان هاتۆتەسەر گۆڕەپانەکە و خۆی بە رەنگدانەوەی ئەو وەرگۆڕانە سەراپاگیرییە دەزانێ کە هەر ئێستا سەرلەبەری جیهانی تەنیوەتەوە. ل 48

دواجاریش، کە "هزری نوێی کۆمونیستی" خۆی بە وەرگۆڕانێکی مەزن پێناسە دەکات، کەچی خێرا خێرا پابەندی بە مارکسیزم وەك ئایدیۆلۆجیایەك دووپات دەکاتەوە. ئەمە خۆبەخۆ ڕەتکردنەوەی وەرگۆڕانە. هەرچەندە نێوی ئایدیۆلۆجیا بە ئاشکرا نابینین، بەڵام کاتێك بنەمای سەرەکی هزرێکی تازە مارکسیزم بێت، ئیدی چۆن دەتوانێت، پایە بنەڕەتییەکانی کۆمونیزمی مارکسیستی ڕەت بکاتەوە، کە دەوڵەت و دیکتاتۆری و پارت و دەستەبژێر و ڕێکخستنی هیرارشی و ڕابەری کۆمونیستەکانە؟

تا ئەم ساتە، کە من ئەم دێرانە دەنووسم، هیچ دەستە و گروپێکی کۆمونسیت- مارکسیست ناناسم، کە ئەو بنەمایانەی مارکسیسزم ڕەت بکەنەوە، بێجگە لە کۆمونیستە سۆڤیەتیستەکان، کە هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئۆکتۆبەردا هاوشانی ئەنارکیستەکان ڕەخنەی ڕادیکاڵیان لە بۆلشەڤیزم گرت و [ ئەوان نەك ئەنارکیستەکان]، لێنینزم و ئیزمەکانی پڕۆ بۆلشەڤیکیان بەجۆریك لە لادان لە مارکسیزم ناساندیان و پارتیان ڕەتکردەوە.

دوا وشە، هیوادارم نووسەر بە گیانێکی ئازادیخوازانە و سۆشیالیستانەوە ئەم سەرنجانەم لێ وەربگرێت و ئەمە ببێتە سەرەتای گفتوگۆ و ڕەخنەگرتنێکی ڕادیکاڵ و بتوانین بە گشت لایەکمانەوە بەستەلەکە ئایدۆلۆجییەکانی نێو بزووتنەوەی سۆشیالیستی بشکێنین و بە ڕەخنە لەخۆگرتن و لەیەکترگرتن، ناڕۆشنییەکانی یەکدی ڕۆشن بکەینەوە و لاوانی سۆشیالیست لە لاساییکردنەوە و دەرخکردنی دەقەکان وەرگێڕین و هزر و ئایدیا سۆشیالیستییەکان بگێڕینەوە ناوجەرگەی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان و لە بری مامۆستایی و وانەوتنەوە، پرسیار لە خۆمان بکەین و لە دەروونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا و لە هەڵسەنگاندنی ئەزموونەکاندا و لە دەربرینی هەر تاکێکی پەنادەستی سۆشیالیستماندا لە دووی وەلامەکان بگەڕێیین و پێمانوانەبێت، پرسیارەکان وەڵامی یەکجارەکییان وەرگرتووەتەوە، بەڵکو بە چاوی ڕەخنەوە و بە ڕەخنەگرییەکی وێرانگەرانەوە، وەڵامە دۆگماکان تێکبشکێنین و لە کۆڕ و کۆمەڵ و گروپە کاریی و کۆمەڵایەتییە لۆکاڵییەکانماندا سەرلەنوێ بیانخەینەوە ڕوو و پێکەوە لە بەرەنجامی کار و خەباتی ڕۆژانەدا، لە دووی

وەڵامەکانیان بگەڕێین. هەروا هیوادارم توانیبێتم، چەند پرسیارێك لای خوێنەری بەدەربەست بەجێبهێڵم و ئەو پردەم دروست کردبێت، کە لەتەکمدا بکەوێتە گفتوگۆ و ڕەخنە و سەرنجی خۆی ئاراستەی نارۆشنییەکانی ناو ئەم سەرنجانەی منیش بکات.

* ئەم بابەتە لە 24ی سێپتەمبەری 2010 دا نووسراوە و لە ئێستادا (12/06/2011) پاکنووس و بۆ بڵاوکردنەوە ئامادە کراوە. شایانی باسە، پێشتر لەتەك نووسەردا (پرسوڕا)م کردووە، هەر چەندە بابەتەکانی ناو پەرتووکەکە پێشتر وەك زنجیرە بابەتێك بڵاوکراونەتەوە، نووسەر پێی باش بوو پاش بڵاوبوونەوەی پەرتووکەکە، منیش دەست بە بڵاوکردنەوەی سەرنجەکانم بکەم. بەداخەوە لەبەر هاوکاتبوونی بڵاوبوونەوەی پەرتووکەکە و سەرهەڵدانی زنجیرە ڕاپەڕینەکانی باکووری ئەفریکا و خۆرهەلاتی ناوین، نەمپەرژایە سەر بلاوکردنەوەی و ئەرك و سەرقاڵی لەپێشتر هاتنە پێش و پێویستربوونی خۆیان بەسەرمدا سەپاند.

خوێنەرانی هێژا، ئەو بەشانەی هێڵیان بەژێردا کێشراوە، لە پەرتووکی "گۆڕان و وەرگۆران" وەرگیراون و بۆ ئاسانکاری و جیاکردنەوەیان، من هێڵم بەژێردا کێشاون. بۆ خوێندن

# Rehendekanî Gorran

Serincedanêkî rexneyye le Pertûkî ( Gorran û Wergorran )

nûsînî: Hejên

Le Blawkrawekanî Sekoy Enarkîstanî Kurdistan Novemberî 2011